دەزگای میدیایی کەرکوک دەریدەکات
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية

مجلة گۆڤاری ١٧

6
تشريني يەكەم
2021

تەڵعەت تاهیر: کەرکوک وەکو کچێکم وایە کە لێم دوورە

ئەحمەد كایا
باڵاترین ئاستی
هونەری و نیشتیمانی

من ذاكرة مبدعات
كركوك ..
عالية محمد أمين

دڵخۆش عەبدوڵا :
بەبوێری و ئازایەتییەوە
وەرزش دەکەم

مجلة TV گۆڤاری

گۆڤارێکی مانگانەی گشتییە دەزگای میدیایی کەرکوک بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەریدەکات

ژمارەی سپاردن لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراق ١٩١٩ لە ٢٠٢١/٤/١٩

لەم ژمارەیەدا

زانکۆی کۆیە دیارییە بەنرخەکەی سەرۆک مام جەلال
ل ٨ ....



سەید خەلیل عالی نەژاد... سیمبولی مۆسیقای یارسانی ....
ئومێد نەجم .... ل ٢٢

هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت لەکەرکوک
فەرهاد حەمزە .... ل ٣١

خالید سەرکار : پێشتر لە گیرفانی خۆمان پارەمان دەدا تاکو کاری تیپەکە رایی بکەین
ل ٣٦ ....

سەرپەرشتیاری گشتی - المشرف العام
عیماد ناسیح
سەرنووسەر - رئيس التحرير
رەوان تاڵیب
دیزاین - تصمیم
دڵشاد زەنگنە

بۆ ریکلامکردن - للاعلانات
KRT
07707273939
07503203929

مجلة شهرية عامة
تصدر عن مؤسسة كركوك الاعلامية باللغتين الكوردية والعربية
رقم الاعتماد في نقابة الصحفيين العراقيين ١٩١٩ في ٢٠٢١/٤/١٩

دەنگ و کورسییەکانی یەکێتی لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عیراق

کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق دوایین ئەنجامی بەرایی هەڵبژاردنی پێشوەختەی عیراقی بلاوکردەوە و بەپێی راگەیەنراوەکەی کۆمیسیۆنی بالای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عیراق یەکێتی نیشتمانی کوردستان ١٦ کورسی پەرلەمانی عیراقی بەدەستهێناوە، ئەمەش جگە لەوەی کە کاندیدێکی سەربەخۆی دەرچووی پارێزگای کەرکوک لەدوای دەستبەکاربوون لەناو فراکسیۆنی یەکێتی خزمەتی کەرکوکییەکان دەکات و بەوەش کورسییەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دەبێتە ١٧ کورسی، کە یەکەم حزبی ئەم هەڵبژاردنەبووە کە لە هەشت پارێزگای عیراق کاندیدی هەبووە، کە بریتین لە بەغداد، هەولێر، دهۆک، سلێمانی، کەرکوک، نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین جگە لەبەغدا لەحەوت پارێزگاکەی دیکە کاندیدەکانی سەرکەوتوون و دەنگی پێویستیان بەدەستهێناوە.

دەنگ و کورسییەکانی یەکێتی لەپارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و عیراق بەمشێوەیەیە:-

پارێزگای هەولێر :-
١ - کوردۆ عومەر

پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە:-
١-نەرمین مەعرووف
٢-بریار رەشید
٣-ئاسۆ فەرەیدوون
٤-چرۆ حەمەشەریف
٥-غەریب ئەحمەد مستەفا
٦-بەدریە حوسێن عەزیز
٧-سروە محەممەد رەشید
٨-کاروان عەلی یارەویس

پارێزگای دهۆک:-
١- ئیمان عەبدولرەزاق

پارێزگای کەرکوک :-
١- سەباح حەبیب
٢-گەیلان قادر
٣- دیلان غەفور
کاندیدی سەربەخۆ ، کە پاش سوێندخواردنی یاسایی لەفراکسیۆنی یەکێتی خزمەتی کەرکوکییەکان دەکات.

پارێزگای سەلاحەدین:-
١- کەریم شوکر محەممەد

پارێزگای نەینەوا:-
١- ئەحلام رەمەزان
٢- رۆنزی زیاد

پارێزگای دیالە :-
١- سۆزان مەنسور

یەکێتی لە حکومەتی نوێی عێراق پێداگری لەســەر ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوکی دەکات

مەرجەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بۆ بەشداریکردن لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق چی دەبێت، بەتایبەتی پرسی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوک و دروستکردنی ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش و هەردوو پۆستی سەرۆك کۆماری عێراق و پارێزگاری کەرکوك.

ئەندامێکی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) بەپێویستی دەزانێت یەکێتی مەرجی بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی ئایندەی عێراق هەبێت، ئەوانیش بابەتی دۆخی کەرکوك و دانانی پارێزگارێکی کورد بۆ پارێزگاکە.

رەوەند مەلا مەحمود، ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لەبارەی مەرجەکانی داهاتووی (ی.ن.ك) بۆ پێکهێنان و دروستکردنی حکومەتی عێراق، رایگەیاند:» پێویستە (ی.ن.ك) لە دانوستانی داهاتووی بۆ دروستکردنی حکومەتی عێراق، هەندێ بابەت هەیە لەسەر کەرکوك رەچاو بکات، یەکێك لە وانە پێویستە ئەو هێزەی کە دروست دەکرێت بۆ کەرکوك هێزێك بێت، لە دانیشتوانی خەڵکی کەرکوك و ناوچەکە پێکبێت، بۆ ئەوەی بتوانێت پارێزگاری لەو ناوچەیە بکات، چونکە ئەو هێزەی کە ئێستا لە کەرکوك بوونی هەیە، هێزێکی داگیرکەرو نامۆیە بە خەڵکی کەرکوك«.

رەوەند مەلا مەحمود، وتیشی:»لە هەمانکاتدا پێویستە جارێکیتر(ی.ن.ك) بیر لەوە بکاتەوە، ماددەی ١٤٠ی دەستور بکاتە بابەتێکی گرنگ بۆ ئەوەی بتوانرێت ماددەی ١٤٠ جێبەجێ بکرێت و خەڵکە رەسەنەکەی کەرکوك و ناوچە دابڕێنراوەکان بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و قەرەبووی خەڵکی ناوچەکە بکرێتەوە«.

بە وتەی ئەو ئەندامەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)، پۆستی سەرۆك کۆمار کە پشکی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، پێویستە پێداگری جددی لەسەر بکرێت، هەروەها پێویستە خاڵێکی زۆر گرنگ هەیە جێبەجێ بکات، ئەویش دانانی پارێزگارێکی کوردە بۆ شاری کەرکوك، کە ئەوەش ئیستحقاقی یەکێتی و کوردەو ساڵانێکی زۆرە ئەو پۆستە لە کورد داگیرکراوە«.

رەوەند مەلا مەحمود، راشیگەیاند:» ئەم بابەتانە بابەتی گرنگن، پێویستە (ی.ن.ك) و کورد هەوڵ بدەن بیر لەوە بکەنەوە کە ئەمنیەتی ناوچەکە بپارێزرێت، چونکە پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە خۆی لە خۆیدا دەبێتە گەشەکردن لەم ناوچەیە، بە ئومێدم (ی.ن.ك) لە دانوستانی داهاتوویدا بۆ دروستکردنی هەر هاوپەیمانێتییەك بێت ئەم بەرژەوەندییانەی میللەتەکەمان لەم ناوچە لەبەرچاو بگرێت و بپارێزێت.

هاوکات سەبارەت بە بەشداریکردنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە حکومەتی عێراق، کاندیدێکی سەرکەوتوی یەکێتی لە کەرکوك، ئاشکرایدەکات: مەرجی بەشداریکردنی (ی.ن.ك) لە حکومەتی داهاتووی ئاساییکردنەوەی دۆخی کەرکوك دەبێت.

سەباح حەبیب قادر، کاندیدی سەرکەوتووی یەکێتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، رایگەیاند:» مەرجی (ی.ن.ك) بۆ بەشداریکردن لە حکومەتی داهاتووی عێراق، ئاساییکردنەوەی بارودۆخی کەرکوك و گەڕانەوەی هاوسەنگی لە پۆستە ئیدارییەکان و دانانی پارێزگارێکی کوردە بۆ شارەکە«.

بە وتەی ئەو کاندیدە سەرکەوتووەی یەکێتی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، پێویستە کورد لە ژووری ئۆپەراسیۆنەکان بەشداربێت بۆ پاراستنی ئەمنییەتی شارەکە«.

سەباح حەبیب قادر، لە بارەی بەرنامەو پلانی چوارساڵی داهاتووی یەکێتی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق وتی:» بەرنامەو پلانی یەکێتی بۆ چوارساڵی داهاتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، کاردەکات بۆ یەکڕیزی

نێو ماڵی کوردو هەروەها دابینکردنی شایستە داراییەکان و خزمەتگوزاری و سەقامگیری بۆ هاوڵاتیان».

بە وتەی سەباح حەبیب قادر، گفتوگۆکردن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی عێراق بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلەکەمان، هیواداریشم سەرجەم لایەنە کوردستانییەکان بتوانن لە بەغدا یەکڕیز بن بۆ ئەوەی هەموان پێکەوە بەهێز بین، بۆ وەرگرتنەوەی مافەکانمان وەك جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستورو، چونکە هەر کاتێك کورد لەنێو خۆی خۆیدا یەکڕیزو تەبابوبێت، دەستکەوتی زیاتری بۆ گەلەکەمان چنیوەتەوە«.

چاودێرێکی سیاسیش پێیوایە، کە کەرکوك لە ئەجێنداو سیاسەتی یەکێتی جێگای بایەخێکی زۆرە.

شێرزاد سەمەد، چاودێری سیاسی، لەسەر هەمان پرس رایگەیاند: لای هەمووان ئاشکرایە دەمێکە یەکلابۆتەوە کە پرسی کەرکوك لەئەجێنداو سیاسەتی یەکێتیدا چەند جێگای بایەخە، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگرین کەبەهۆی لێکەوتەکانی ڕیفراندۆمەوە، کەرکوك چی بەسەرهات و چەندە هاوکێشە سیاسیەکان و دەستێوەردانی دەرەکی کاریگەربوون لەسەری.

شێرزاد سەمەد، ناشیشارێتەوە، ناتەبایی و یەکنەگرتوویی کورد لەم چەند ساڵەی دواییدا چی لێکەوتۆتەوە، بۆیە مەسەلەی کەرکوك بەتەنها یەکێتی لێی بەرپرس نییە، چونکە ئەو دۆخەی بەسەر کەرکوکدا هاتووە دووربوو لەخواستی یەکێتی و جەماوەرو دانیشتووای رەسەنی شارەکە«.

شێرزاد سەمەد، چاودێری سیاسی، دەشڵێت:» دەبینین خەڵکی کەرکوك ڕۆژانە زۆرترین ڕەخنە ئاراستەی یەکێتی دەکەن، چونکە لەشارەکە تاکە حیزبە بڕیاری مانەوەی داوەو بنکەو بارەگاکانی لەم شارەن و تاکە سەرچاوەن بۆ بەدەنگەوە هاتنی خەڵکەکەی».

دەشڵێت:» ئاساییکرنەوەی دۆخی کەرکوك پەیوەستە بە پارسەنگی هێزە سیاسیەکان، پرسیارەکە ئەوەیە لەتەرازوی هاوکێشەکان بەگشتی کورد تا چەند ئامادەیە«.

وتیشی:» ڕاستە کورد خاوەنی ٦ کورسییە لەم هەڵبژاردنە، بەڵام یەکدەنگی تێدا بەدی ناکرێت بەرامبەر بە کورسیەکانی عەرەب وتورکمان، بۆیە پێشبینی ناکرێ کورد بتوانێ پۆستی سەرۆك کۆمارو پارێزگار لەیەك کاتدا دەستەبەر بکات، بۆیەکێتیش کەماوەی ١٣ ساڵ هەردوو پۆستی بەدەستەوەبوو، ئەنجامی هەڵبژاردنی ئەمساڵ دڵخۆشکەرنین بۆ یەکێتی، بەتایبەت کە لە مانۆڕی سیاسی گرووپی سونەکان و شیعەکانی عیراق ئەوە دەردەکەوێت پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیان بۆهەردوولایان یەکلا کردبێتەوە، ئەمێنێتەوە پۆستی پارێزگاری کەرکوك، کەبەپێی ئەنجامەکانی ئەنجومەنی پێشووی پارێزگاکان و هەموو هەڵبژاردنەکان یەکێتی زۆرترین بووە، بەڵام پارتی بەردەوام ڕێگربووەو بۆ ئەمجارەش ڕێگر دەبێت و لەم کێشمەکێشمەدا کوردی کەرکوك زەرەرمەندو نەیاران سوودمەندبوونە«.

راشیگەیاند:» بۆیە پێویستە یەکێتی بۆچوار ساڵی داهاتوو هەوڵی دروستکردنی قەوارەیەکی سیاسی بەهێز بدات لەنێوان سەرجەم هێزە سیاسیەکانی کورد لەبەغدا لەپێناو کۆکردنەوەی دەنگی کورد بەگشتی، ئەگەر لەمەش سەرکەوتوو نەبوو بەهۆی غروری پارتی، پێویستە هەوڵی کۆکردنەوەی کورسیەکانی تری کورد بدات لەیەك قەوارەی کوردیدا، بۆدووبارە دەستەبەرکردنی پایەی بەهێزی کورد لەناوەند».

هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک

ئامادەکرن / محەممەد تاهیر

کاکە ڕەش سدیق : هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک کارێکی سیاسی بوو



ئەڵماس فازڵ : هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بووە هۆی جێبەجێکردنی تاکڕەوی لەسەرجەم پرسەکاندا

لەدوای ئەوەی لە پەرلەمانی عێراق، لە ٢٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، بڕیاردرا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان، لە نێوشیدا ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، کە دەستی پارێزگاری بەوەکالەتی پارێزگاکەی زیاتر واڵاکرد بۆ کاری تاکڕەوەی.

لە دوای بڕیارەکەش، پێکهاتەی کوردی دژی بڕیارەکە وەستانەوە و بە بڕیارێکی سیاسی ناویانبرد.
ئەو هەنگاوەی پەرلەمانی عێراقیش لە چوارچێوەی بەدەمەوەچونی داواکارییەکی خۆپیشاندەرانی ناڕازی ئەو ساڵە بوو.
هاوکات ئەو بڕیارەش، لە ڕاگەیەندراوێکدا پەرلەمانی عیراق، ڕایگەیاند: هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان پاڵپشتە بە یاسای پارێزگا نەبەستراوەکان بە هەرێمەوە و ئەوی پێی ڕازی نیە، دەتوانێت لە دادگا تانەی لێبدات.
لەوبارەیەوە، کاکەڕەش سدیق، سەرۆکی ئۆفیسی کەرکوکی ماددەی (١٤٠) کە هاوکات ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی (ی.ن.ك)ە، لەبارەی هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، بەتایبەتی لەو کات و ساتەدا تایبەت بەگۆڤاری TV ڕایگەیاند : ئەو کارە کارێکی سیاسی بوو، لەدەرئەنجامی ئەو مانگرتنانەی کە لەخوارو و ناوەڕاستی عێراق ئەنجامدراو هەڕەشەیان لەپەرلەمان و حکومەت دەکرد، هەندێك لەئەنجومەنی پارێزگاکان قەڵس ببوون و بێتاقەت ببون، بەحوکمی ئەوەی کەوا هەر کەسەو بۆ خۆی کاری دەکرد، ئەو بڕیارە هاتە پێشەوە، کە لەپەرلەمانی عێراق، بۆ ئەوەی خۆیانی لێدەرباز بکەن، هەستان ئەنجومەنی پارێزگایان هەڵوەشاندەوە، وا بۆ ماوەی دوو ساڵە ئەو ئەنجوومەنە هەڵوەشاوەتەوە.
ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: بەڕای ئێمە ئەوە بڕیارێکی سیاسی بوو، نەك بڕیارێکی یاسایی، چونکە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، لەدەستوور باس دەکرێت کە لەهەموو شارەکان ئەنجومەنێکی خۆجێیی هەبێت، ئیشو کارەکانی خۆیان ڕابپەڕێنێت، بەوەش پێناسە دەکرێت کەبەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانە، بەڵام پەرلەمانی عیراق ئەوەیان هەڵوەشانەوە.

سەبارەت بەزیانەکان هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی پارێزگا، کاکەڕەش سدیق ڕایگەیاند: هەڵوەشانەوەی ئەنجومەن سلبیاتی زیاتر بوو لەئیجابیاتی، تەنها وایان لەپارێزگارەکان کرد، کە دەسەڵاتی موتڵەقی هەبێت و بەئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات و بەئارەزووی خۆی پرۆژەکان دیاری بکات، بەئارەزووی خۆی پارە تەخشان و پەخشان بکات، ئەمە یەکێك بوو لەو کارانەی کە زەرەرێکی زۆری بەشارەکان گەیاند، ئەگینا نموونەی ئەمشارەی ئێمە هەتاکو ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگا لەکاردا بوون و کاریان دەکرد، هیچ پارێزگایەك نەیدەتوانی بەئارەزووی خۆی پرۆژە دیاری بکات، پارە بەئارەزووی خۆی سەرف بکات، تەنها دەبوو بەپرس و ڕای ئەنجومەنی پارێزگا بێت، ئێستا دەبینن کە پارێزگاکەی ئێمە هیچ چاودێرییەکی بەسەرەوە نییە، بەئارەزووی خۆی، بەدەسەڵاتی خۆی ئیشەکان جێبەجێدەکات.
سەبارەت بە کارە تاکڕەویەکانی پارێزگاری بەوەکالەتیش، باسی لەوەکرد: هەرچەند پارێزگارێکە بەوەکالەت، دەسەڵاتی پارێزگای تەواویشی نییە، بەڵام حکومەتی فیدراڵی گوێی خۆی لێخەواندووە، ئامادە نییە گوێ لەکەس بگرێت، کۆمەڵێك خاڵی نەزاهەشی لەسەرە، هیچ لێپێچینەوەیەکی لەسەر ناکەن، ئەمە بۆ ئەوە بوو کە ئەو پارێزگارانە دەسەڵاتیان هەبێت، دەسەڵاتی موتڵەق لای پارێزگاربێت بۆ ئەوەی بەئارەزووی خۆی ڕەفتار بکات و یاری بە ئەو بوودجەو میزانییەی کەوا دەخرێتە بەردەستی پارێزگاکان، بەئارەزووی خۆی تەخشان و پەخشانی بکات.
کاکەڕەش سدیق، ڕاشیگەیاند: لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەیانەوێت تۆڵەی خۆیان لەئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکان بکەنەوە، ئەگەر کەرکوك بەنموونە وەربگرین، کەرکوك تا ئێستا یەك ئەندامێکی مووچەی بۆ نەبەستراوەو مووچەشی نادەنێ، تاکو ئێستا خانەنیشینیان بۆ دەرنەچووە، کردوویانە بەگۆڕەپانی دوو گۆڵی لەنێوان چاودێری دارایی و فەرمانگەی خانەنشینی و لەنێوان بەغدا مەمەڵەکانیان بۆ ڕایی ناکەن و تەواوی ناکەن، بۆ ئەوەی تۆڵەی خۆیان لەئەنجومەنەکە بکەنەوە، چونکە ئەنجومەنەکە چاودێر بوو بەسەر هەموو فەرمانگەکانی شاری کەرکوك، کەس نەیدەتوانی بێ ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك هەنگاو بنێت، لەبەر ئەوەی قسەیان لەسەر دەکراو گلەییان لێدەکرا، ئەگەریش کاری باشیان بکردایە ئەوە دەستخۆشیان لێدەکرا، کاری خراپیشیان بکردایە ڕاماندەگرتن، بۆیە نەیاندەتوانی هیچ کارێکی خراپ بکەن.
بەوتەی کاکەڕەش سدیق، هەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەڕای زۆربەی هەڤاڵان و برادەران هەنگاوێکی سیاسی تەواو بوو، لەدەرئەنجامی ململانێی شیعەو شیعە بوو، لەدەرئەنجامی سوونەو شیعە بوو، بۆیە ئەنجومەنی پارێزگاکان بوون بە قوربانی.

هەر سەبارەت بەهەڵوەشانەوەی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك ئەڵماس فازڵ ئەندامی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەندامی پیشووی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، ڕایگەیاند: نەمانی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق، بەتایبەتی لەشاری کەرکوك، ئێمە پێمانوایە ئەمە مەسەلەیەکی دەستوورییە، ئەنجومەنی پارێزگاکان بەقەزاو ناحییەکانەوە بەپێی قانوونی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عیراق پێویستە هەبێت، بەڵام بەهۆی تێپەڕبوونی ئەوکاتەی کە دیارکراوە بۆ ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن بەگشتی لەعیراق و کەرکوك بەتایبەتی، بەداخەوە ئەمەی لێکەوتەوە بەزۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان کە ئەو بڕیارەیان دا، ئەمە وایکرد زۆربەی پاریزگاکانی عیراق، بۆشاییەکی دەستووری و قانوونیان هەبێت.
ئاماژەی بۆئەوەشکرد: نەمانی ئەنجومەنەکە، کە کاری چاودێری و تەشریعاتی خۆجێیی لەسەر ئاستی ئەو پارێزگایە، یەکێك لەهەرە گرفتە گەورەکان تاکڕەویی ئیدارەیە، لەزۆربەی پارێزگاکانی عێراق، ئێستا تووشی ئەوە بوونە کە تاکڕەویی ئیداری درووست بووە، بەتایبەتی لەجێبەجێکردنی پرۆژەکان، کە ڕەنگبێ بۆ شوێنێك بکرێ و جێگەیەکی دیکە نەکرێت، هەروەها چاودێریی پرۆژەو یاساکان، دەیان پرۆژە کەپەکیان دەکەوێت، یان بەپێی دەستوور چاودێریی دەخرێتە سەری، پەرلەمانتارانی عێراق تا ڕادەیەك توانیویانە زۆربەی پارێزگاکانی عێراق ئەو چاودێرییە دروست بکەن، بەڵام جێی ئەوە پڕ ناکاتەوە کە ئەنجومەنێك هەبێت چاودێربێت لەسەر کاری ئیدارەی خۆجێی.
ئەڵماس فازڵ، باسی لەوەشکرد: ئێستاش لەزۆربەی پارێزگاکان گرفت دروست بووە، بەتایبەتیش لەشاری کەرکوك، لەبەر ئەوەی شاری کەرکوك جگە لەوەی کە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بینیومانە کە ئەم ئیدارەیە ئیدارەیەکە غیابی کوردی زۆر پێوە دیارە، بەتایبەتی کەرکوك شاری پێکەوە ژیان و برایەتییە، بەتایبەت بینیمان لەڕەنگدانەوەی پرۆژەکان چۆن ماوەیەك گرفتی زۆری هەبوو، تا توانیمان لەڕێی پەرلەمانتاران و فراکسیۆنی یەکێتییەوە زیاتر لەڕێگەی وەزارەتی پلاندانانەوە بەدوادچوون بکەین، ماوەیەك بینیمان پرۆژەکانی گەڕەکی کوردستان و پەنجا عەلی و دەروازە وەستان، تاکو بەفشارێکی زۆر وامانکرد کە ئەوان بەناوی زیادەڕۆییەوە ڕایانگرتبوو، بەردەوام لیان پێنەدرێت، کە ئێمە پێمان وابوو ئوو هەنگاوەیان حاڵەتی سیاسی بوون، ڕەنگدانەوەی ئەوە بوو، نەمانی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك وایکرد، زۆربەی ئەو ئیدارەیە تاکڕەوانە بڕیارەکان بدات، بۆ لایەنێك کار بکات و غیابی لایەنەکانی تری لێبکەوێتەوە، کە ئێستا ئەمە ڕەنگدانەوەکەیەتی.
بەوتەی ئەڵماس فازڵ، ئەندامی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگا، خولی پێنجەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، یەکەم کارییان ئەوە ئەبێت هەمواری ئەو یاسایە بکات کاتێك دیاری بکرێت بەپەلە بۆ ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام بدرێت و، ئەو بۆشاییە دەستووری و یاساییە پڕ بکرێتەوە کە ئێستا لەهەموو پارێزگاکان ڕوویداوە، بەدەر لەهەرێمی کوردستان، بۆیە دەبێتە کاری ئەولەویەتی داهاتوو، لێکەوتەی ئیداریی لێکەوتووەتەوەو لەفەرمانگەکان زۆربەی پۆستە ئیدارییەکان، واکراوە لادان و دانان، هەمووکات لەمشت و مڕدا بووینە بۆ ئەوەی کە ڕێگری بکرێت لەو کارانەی دەکرێت، ئەمە کاریگەری خۆی هەبووە لەشاری کەرکوك، هەمووکات ڕەنگدانەوەکانی وایکردووە گرفتی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لێبکەوێتەوە.
ئەڵماس فازڵ، هەر سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنەکە، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: ئەو هەنگاوە بووە هۆی ئەوەی کە پارێزگارێکی کورد بۆ ئەو شارە دانەنراوە، بەهۆی پەککەوتنی ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك، پێشموایە دەیان پۆستی ئیداری و حکومی ڕووبەڕووی گرفتی زۆر بوونەوتەوە بەهەمان هۆکار، ئەمە وایکردووە ڕەوشی کەرکوك بەتایبەتی لەلایەن زبڵ و خۆڵ و خاشاکەوە، ڕەوشی ئابووری و گەشەکردن بەرەو دواوە چووە، ئەگەر لەداهاتوو هەوڵ بدرێت ئەنجومەنی پارێزگاکان بەپەلە هەڵبژاردنی بۆ بکرێت، تاکو بەشێك لەم گرفتانەی کەوا ئێستا ڕووبەڕووی هەموو نەتەوەو لایەنەکانی کەرکوك بوونەتەوە، چارەسەبکرێت و بەشێك لەم قەیرانانە کەمبکرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێستا قەیرانەکان بەتەواوی زەق بوونەتەوە، کاریگەری هەبووە لەسەر ژیانی خەڵك و ڕەنگدانەوەی خراپی لێکەوتووەتەوە .

زانکۆی کۆیە دیارییە بەنرخەکەی سەرۆك مام جەلال

١١ی تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٣ سەرۆك مام جەلال لە کەرنەڤاڵێکی جەماوەری بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاو لە سیاسەتمەدار و ئەدیبان و مامۆستایانی زانکۆ و چین و توێژەکانی شاری کۆیە، لە نێو سروشتە دڵڕفێنەکەی قەد پاڵی چیای هەیبەت سوڵتان بەردی بناغەی زانکۆی کۆیەی داناو، بە وتارێکی مێژوویی پەیامی پیرۆزبایی خۆی ئاراستەی خوێندکارانی کوردستان و شارەکەی حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە و دڵداری شاعیر کرد.

ئا / کاروان نازم

سەرۆك مام جەلال، سەبارەت بە کردنەوەی زانکۆکە، ئەوەیخستەروو: بە کردنەوەی زانکۆکە یەکێك لەئەرکەکانی سەرشانمان بەجێ گەیاند.

لە ئێستاشدا دوای تێپەربوونی ١٨ساڵ بەسەر بنیادنانی زانکۆکە فراوانبوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و وەك ناوەندێکی گرنگی زانست و زانیاری تەماشا دەکرێت.

لای خۆیەوە، پرۆفیسۆر دکتۆر وەلی مەحمود، کە سێیەمین سەرۆکی زانکۆیی کۆیە، بۆ گۆڤاری **TV**، ڕایگەیاند: بەر لە کردنەوەی زانکۆی کۆیە هەریەکە لە کۆلێژەکانی پەروەردەو یاسا و شەریعە کرانەوە کە سەر بە زانکۆی سلێمانی بوون، دواتریش لەسەر پێشنیاری سەرۆك مام جەلال و زانست خوازانی کۆیە زانکۆیەکی سەربەخۆ دروست کراو بوە خاوەنی ١١ کۆڵێژ.

ئاماژەی بۆئەوەشکرد: لەو سەردەمەدا سەرۆك مام جەلال ماڵەکەی خۆی لە کۆیە وەك دیارییەك پێشکەش بە زانکۆکە کرد.

وتیشی: قۆناغەکانی پێشکەوتنی زانکۆی کۆیە لەو سەردەمەدا پێویستی بە پاڵپشتیەکی زۆری مادی و مەعنەوی بوو کە ئیدارەی سلێمانی و پاڵپشتی تەواوی ی.ن.ك وایکرد دوو کۆلێژی تر لە شاری ڕانیە بکرێنەوەو کە سەر بە زانکۆی کۆیە بوون، دواتر زانکۆی ڕاپەرین لە هەناوی زانکۆی کۆیە لە دایکبوو.

سەبارەت بە پێکەوتنەکانی زانکۆی کۆیە و فراوانبوونی بەشەکانی زانکۆکە، دکتۆر وەلی مەحمود، باسی لەوەکرد: لە ساڵی ٢٠١٠وە، بە بڕیارێکی وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی هاوشێوەی زانکۆکانی دیکەی کوردستان زانکۆی کۆیە بوە خاوەنی چوار فەکەڵتی و دوو سکوڵ کە بریتین لە پەروەردەو زانست و تەندروستی و زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتیەکان و ئەندازیاری و لەگەڵ سکوڵەکانی تەندروستی و وەرزش کە سەرجەمیان ٢٦بەشی زانستی لەخۆ دەگرێت.

سەرۆکی زانکۆی کۆیە، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد: زانکۆی کۆیە وەك ناوەندێکی زانستی لە ڕووی ئابوری و داراییەوە بۆ کۆیە گرنگی خۆی هەبوە و سەرچاوەی هەلی کاروو بوژانەوەی بازاڕ بوە.

ڕوونیشیکردەوە: لە ئێستادا کەمپی زانکۆی کۆیە لەسەر ئاستی عێراق و هەرێمی کوردستان یەکێکە لە هەرە کەمپە ناوازەکان و دیمەنێکی جوانتری بەخشیوە بە سروشتی ناوچەکە و ساڵانە زیاتر لە ١٠٠٠ خوێندکار وەردەگیرێن و بەهەمان ژمارەش بڕوانامە دەبەخشرێتە خوێنکارانی دەرچوو، ئەمساڵیش ئامادەکاری دەکات بۆ ١٦ مین خولی دەرچوان لە سەرجەم فەکەڵتی و سکوڵەکانی، لە کۆتای قسەکانی سەرۆکی زانکۆی کۆیە ئاماژەی بۆ ئەوەکرد زانکۆکانی کوردستان لە قەیرانێکی گەورەی داراین و کاریگەری نەرێنی لەسەر توانای زانیاری بەگشتی و بە پێویستی زانی سەربەخۆ بکرێن لە ڕووی ئیداری ئابوری و زانستیەوەو وەزارەتی خێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ڕەقیب بێت بەسەریانەوە بۆ ڕایی کردنی کارەکانیان.

هەروەك داواکاریش بوو هەرچی زووە ئەو هەنگاوە خێراتر بکرێت تا زانکۆ ببێتە خاوەن بڕیاری سەربەخۆی خۆی.

کەرکوك لە چاوی کامێراکەی خاتوو (مس بیلاّ) ەوە .

شەرەفەدین جەباری

ئەم (٣) وێنەیە کە لێرەدا بۆ یەکەم جار بڵاودەبنەوە و دەیانی تر کە هەن، بە کامێرای تایبەتی خاتوونی بەناوبانگی بەریتانی جیرترود بیلاّ (Gertrude Bell) کە ناسراوە بە مس بیلاّ (١٨٦٨ - ١٩٢٦)، گیراوە لە کاتی گەشتە نەخشە کێشراوە، زانستی و سیاسیەکانی بۆ زۆربەی ناوچەکانی جیهان کە هەندێك لەو وێنانەش تایبەتە بە کەرکوك و ناوچە جیاجیاکانی تر لە کوردستان و وڵاتانی دەورووبەر.

جگە لەوێنەکان، خاتوو مس بیلاّ بەنامەکانیشی ناسراوە (ئەدەبی نامەکان) کە لەو سەردەمانەدا نووسیویێتی و سەرجەمیان بەزمانی ئینگلیزین ولە ئێستاشدا کتێبخانەی زانکۆی (نیو کاسڵ)ی بەریتانی، ئەرکی پاراستن و بڵاوکردنەوەی سەرجەم ئەرشیفی بەرهەمەکانی گرتۆتە ئەستۆ .

ژمارەی ئەو وێنانەی کە تایبەتن بەسنووری کەرکوك، بریتیە لە (٢٦) وێنە کە بەم شێوەیە دابەش بووە: (١٨) یان هی ناوەندی کەرکوکە، (٤) یان هی ناحیەی پردێیە و(٤) یان تایبەتە بە قەزای داقوق، هەروەها (٦) وێنەشی تایبەتە بە ناوچەکانی دیالەو باقووبە کە ئەو بەناوچەکانی نزیك قەڵای شێروانە ناوی بردووە و (٧) وێنەش تایبەتە بە خانەقین، ئەمە جگە لە وێنەکانی تایبەت بە قەسری شرین و ئاسەوارە دێرینەکانی کە (٤٦) وێنەیە، هەروەها وێنەکانی تایبەت بە سنووری موسڵ و ناوچەکانی ئێزدیان و ژمارەی ئەو نامانەشی کە تایبەتن بە کەرکوك بریتیە لە (٥٥) نامە.

وێنەکانیش بە کوالێتیەکی بەرزو روون دەردەکەون هەروەك لە سەر هەر وێنەیەك زانیاری ورد دەربارەیان خراونەتەڕوو کە لێرەدا (٣) یانم هەڵبژاردووە کە تایبەتە بەسنووری کەرکوکی دێرین و سەرەڕای زانیارییەکانی خۆی کە لەسەر هەر وێنەیەك نووسراوە بە زمانی ئینگلیزی و وەرمگێراوە بۆ زمانی خۆمانە و بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنیان، بەپێی پێویست کۆمینتی زیاترم لەسەر نووسیون.

وێنەی یەکەم :

ئاداری ١٩١١ ، ناوەندی کەرکوك :

دەقی نووسینی ئینگلیزی کە لەسەر وێنەکە نووسراوە بەم شێوەیە کەوەرمانگێڕاوە بۆ کوردی :

کەرکوك، پردو دەروازەی قەڵا (خەڵکی شار لەسەر پردن، شار لە باکگراوندە) مێژوو ٣ / ١٩١١ .

قەڵای دێرینی کەرکوك کە بیناو ماڵ و خان و ئوتێل و دامەزراوەکانی لەسەربنیاتراوە بەشێوەیەکی روون دەرکەوتووە و خەڵك و پردەکەشی لە خۆگرتووە، وێنەکەش بەرۆونی ژیانی سادەو ساکاری ئەو دەمەی کەرکوکمان بۆ دەردەخات و تاقە پردە بەردینەکشی (ساڵی ١٨٧٥ بنیات نراوە — ١٩٥٤ رووخاوە) رایەڵە و یەکتر بەستنەوەی ئەمبەرو ئەو بەری کەرکوك بووە.

ئەوەی جێی سەرنجە لە وێنەکەدا کەسانێك دانیشتون و کاری دەرۆزەدەکەن، بەداخەوە ئەو دیمەنانە دوای ئەوەندە ساڵە کە تێپەڕیوە بەسەر گرتنی وێنەکەدا لە ئێستادا هێشتا بوونیان هەیە لە زۆر شوێنی ئەم شارەی خۆمان و شارەکانی تریش. گرنگە لایەنی پەیوەندار کاربکەن بۆ نەهیشتنی ئەو دیاردانە و بە پێی یاسا چارەسەریان بۆ بکرێت.

وێنەی دووەم :

ئاداری ١٩١١ ، قەزای داقوق ، کەرکوك :

دەقی نووسینی ئینگلیزی کە لەسەر وێنەکە نووسراوە بەم شێوەیە کەوەرمانگێڕاوە بۆ کوردی :

تاوغ، داقوق، (دیمەنێکی گشتی منارەیەکی سێرکڵی نەخشێنراوو، شارێك لە پشتەوە، کەسانێك لە پێشەوەن) ، مێژوو ٣ / ١٩١١ .

منارە مێژوویەکەی داقوق و خەڵکی رەسەنی ئەو دەڤەرە کە دیارن بەجل و بەرگی جوان و رەسەنی خۆیانەوە، خۆشحاڵن بە هاتنی بەهارو ئاوەدانی ئاواییەکانیان.

منارە مێژوویەکەی داقوق، کە بنیاتنانی دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ پێش ئێستا ، گرنگە پارێزگاری لێبکرێت وەك بەشێك لە شوێنەواری دێرینی ناوچەکە، هەروەها شوێنەوارەکانی تریش گرنگە بەپێی یاسا نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکانی ئەو بوارە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و پارێزراوبن و بەپێی پێویست نۆژەنبکرێنەوە.

وێنەی سێیەم:

نیسانی ١٩١١ ، ناحیەی پردێ، کەرکوك.

دەقی نووسینی ئینگلیزی کە لەسەر وێنەکە نووسراوە بەم شێوەیە کەوەرمانگێڕاوە بۆ کوردی :

» ئاڵتون کۆپری، (پردێ) ، پردی یەکەم (پردی دامەزراوی بەرز لەسەر رووباری زێی بچوك، دۆنکیەکان دەپەڕنەوە لە پردەکە). مێژوو ٤ / ١٩١١ .

بەرزە پردی بەردینی دێرینی (پردی یەکەم) کە پاش سەدان ساڵا لە بنیاتنانی لە کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیدا (١٩١٤ - ١٩١٨) لەلایەن سوپای شکست خواردووی عوسمانیدا لە کاتی پاشەکشێیاندا لەگەڵ پردەکەی تردا رووخاندیان بۆ رێگری لە پێشڕەوی سوپای بەریتانی، کە لە سەر زێی بچوك بنیات نراوە و تایبەت بووە بە پەڕینەوەی مەڕومالاّت.

من ذاكرة مبدعات كركوك ..

عالية محمد امين

الرياضية والفنانة المسرحية الرائدة والشاعرة عالية محمد أمين ، ولدت في العام ١٩٥٦ بمدينة كركوك.
أكملت الدراسة الإبتدائية والمتوسطة والإعدادية في مدينة كركوك . خريجة كلية الأداب - قسم علم الإجتماع - جامعة صلاح الدين .

كانت موظفة سابقة في محكمة أحداث كركوك، تم فصلها من الوظيفة عام ١٩٨٥ بسبب نشاطها السياسي وهاجرت الى خارج العراق. تقيم حاليا في مملكة السويد. شاعرة تكتب باللغة العربية ورائدة في مجال المسرح والرياضة .
نشرت قصائدها وكتاباتها الأدبية والفكرية في المواقع الألكترونية بأسم (عالية ميرزا)

النشاطات الرياضية

* شاركت في مرحلة الدراسة الإبتدائية كرياضية في النشاطات الرياضية للمدارس الإبتدائية في مدينة كركوك ضمن فرق (الكرة الطائرة ، كرة السلة ، كرة اليد) وكانت لها مشاركات في ألعاب الساحة والميدان .

* في مرحلة الدراسة المتوسطة في الأعوام (١٩٧١ - ١٩٧٤)كانت إحدى اللاعبات الرئيسيات في منتخب تربية محافظة كركوك في الألعاب (الكرة الطائرة ، كرة السلة ، كرة اليد) وشاركت كذلك في ألعاب الساحة والميدان وقد أحرزت المرتبة الأولى والثانية على مستوى تربية محافظة كركوك في (ركض ١٠٠ م ، ركض ١٠٠× ٤ م بريد ، رمي القرص ، قذف الثقل) .

* في مرحلة الدراسة الإعدادية في الأعوام (١٩٧٦ - ١٩٧٨)كانت إحدى اللاعبات الرئيسيات في منتخب تربية محافظة كركوك في الألعاب (الكرة الطائرة ، كرة السلة ، كرة اليد) أيضا وقد شاركت كذلك في ألعاب الساحة والميدان وقد أحزت المرتبة الأولى على مستوى تربية محافظة كركوك في (ركض ١٠٠ م ، ركض ١٠٠× ٤ م بريد ، رمي القرص ، قذف الثقل) وقد أحرزت لثلاثة سنوات متتالية لقب بطلة الساحة والميدان للمدارس الإعدادية للبنات في مدينة كركوك .

* في عام ١٩٧٦ إنتمت الى نادي سولاف الرياضي في مدينة كركوك وقد كانت ضمن لاعبات النادي في الألعاب (الكرة الطائرة ، كرة السلة ، كرة اليد) لفرق البنات وقد شاركت كذلك في ألعاب الساحة والميدان في (ركض ١٠٠ م ، ركض ١٠٠× ٤ م بريد ، رمي القرص ، قذف الثقل) وقد أحرزت المرتبة الأولى والثانية والثالثة لمرات ممتالية على صعيد المحافظة والعراق في الألعاب أنفة الذكر على مستوى أندية القطر للألعاب الساحة والميدان للبنات .

* في العام ١٩٧٧ وفي الدورة الرياضية المدرسية التاسعة للبنات لتربيات محافظات العراق أحرزت المرتبة الأولى سباق رمي القرص ، وقد سجلت بذلك رقما قياسيا جديدا على مستوى أندية القطر والمدرسي للبنات أيضا والبالغة ٧٠ / ٢٨ م ، ومازالت حتى يومنا هذا الرقم القياسي المدرسي مسجلا باسمها .

* في الأعوام (١٩٧٩ - ١٩٨٣) عندما كانت طالبة في جامعة السليمانية وبعدها في جامعة صلاح الدين لمدة أربعة سنوات متتالية كانت بطلة الجامعة لألعاب الساحة والميدان .

الدورة الرياضية المدرسية
التاسعة للبنات
المدير العام للتربية الرياضية

النشاطات المسرحية

بعد صدور بيان ١١ أذار عام ١٩٧٠ وفتح المجال للنشاطات السياسية والأدبية والفنية الكردية في مدينة كركوك تم تشكيل ثلاثة فرق مسرحية كردية في مدينة كركوك وهما :

* فرقة مشخل للتمثيل .
* فرقة إتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني / فرع كركوك للتمثيل .
* فرقة جمعية الفنون والأداب الكردية / فرع كركوك للتمثيل .

إضافة لهذه الفرق المسرحية وبعد فتح مدارس باللغة الكردية في مدينة كركوك تم تشكيل فرقة مسرحية لطالبات المرحلتين المتوسطة والإعدادية للدراسة الكردية في مديرية تربية كركوك وقد كلف المخرج سلمان فائق كاكه يي الأشراف على هذه الفرقة وإخراج مسرحياتها ، وقد كانت عالية محمد أمين الطالبة في متوسطة ١١ أذار إحدى الممثلات الرئيسيات في تلك الفرقة وقد أدت عدد من أدوار البطولة في عدة مسرحيات باللغة الكردية والعربية معها .

* في عام ١٩٧٢ قامت باداء دور البطولة في مسرحية (ژيان — أو الخرساء) مع فرقة مشخل للتمثيل وهي من إخراج المخرج الكركوكي سلمان فائق كاكه يي تمثيل عالية محمد أمين ، فاضل علي جاف ، جهاد دلباك .

* بين الأعوام (١٩٧١ - ١٩٧٤) شاركت في عدة مسرحيات مع إتحاد الشبيبة الديمقراطي الكردستاني / فرع كركوك للتمثيل .

* في عام ١٩٨١ عندما كانت طالبة في جامعة السليمانية قامت باداء دور البطولة في مسرحية (الهجين) من تأليف الشاعر الزنجي لانجستون هيوز وإخراج المخرج فاضل علي جاف مع فرقة السليمانية للتمثيل .

* في فترة دراستها في جامعة السليمانية و صلاح الدين شاركت في عدد من المسرحيات مع فرقة الجامعة للتمثيل .

----

١) المتعارف عليه بأن في أوروبا والدول الغربية في المعاملات الرسمية والوثائق الشخصية تأخذ الزوجة لقب الزوج لهذا السبب بدأت الشاعرة (عالية محمد أمين) بالكتابة ونشر قصائدها وكتاباتها بأسم (عالية ميرزا) .

ئەحمەد کایا

تینوی ئازادی و نشتیمان

هونەرمەندی ناسراو و دونیای یاخیبوون و گۆرانیبێژی شۆرشگێران و هەژاران، ئەحمەد کایا، لە شاری مەلاتیای باکووری کوردستان، لە ٢٨ی ١٠ ساڵی ١٩٥٧ وەك دوایەمین و پێنجەم منداڵ، لە باوکێکی کورد و دایکێکی تورك لەدایکبووە.

کایا، لە خێزانێکی هەژارنشین لەدایکبووە، باوکی لە کارگەیەکی رستن و چنینی سەربە حکومەتی تورکیا کاریکردوە و خۆشی لەدوای خوێندنگا و لە پشووەکانی خوێندن، کاری کردووە لە فرۆشگایەکی تۆمارکردنی سی دی و فرۆشیاری گەرۆك و کرێکاری و شۆفێریکردن و چەندین کاری دیکە، بەهۆی هەژاری خێزانەکەیەوە تەنها قۆناغی سەرەتایی لە خوێندن تەواو کردوە دواتر بەهۆی کارکردن و هەژارییەوە لە خوێندن دابڕاوە.

کایا لە تەمەنی ٦ ساڵیدا باوکی ئامێرێکی سازی بۆ دەکرێت و لە تەمەنی نۆ ساڵیدا دەچێتە سەر ستەیج و گۆرانی لەو کارگەیە دەڵێت کە باوکی تێیدا کاری دەکرد، دواتریش چەندین کۆنسێرتی بچووکی ئەنجامداوە بۆ کرێکارەکانی هاوڕێی باوکی و خزمەکانی.

لە ساڵی ١٩٧٧ــدا روو لە ئەستەنبوڵ دەکەن و لە ئەستەنبوڵ تێکەڵی سیاسەت دەبێت، لەگەڵ سیاسەتیش خۆی فێرە مۆسیقا دەکات و هۆنراوە دەنووسێت، هەروەها بەهۆی خاڵێکیەوە بەناوی یوسف کە گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن بوو، کاریگەری لەسەر کایا هەبوو تاوەکو خۆی فێری ژەنینی ساز بکات.

کایا مرۆڤ دۆست و شۆڕشگێر و یاخی و هونەرمەندی هەژاران، بەهۆی هونەرەکەی و رۆحیانەتە شۆڕشگێرکەیەوە چەندین جار تووشی بەندینخانە و ئەزێت دان دەبێتەوە، بەڵام ئەوە خەمەی هەڵیگرتوە وادەکات بەردەوام بێت وببێتە بەربەست لەبەردەم ئاستەنگەکانی.

ژیانی هاوسەرگیری

ئەحمەد کایا، لە ساڵی ١٩٧٨ ئەرکی سەربازی تەواو دەکات و دووجار ژیانی هاوسەرگیریی پێکهێناوە، لەیەکەم پرۆسەی هاوسەرگیریدا کە لە ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ ژنێکی گەنج بەناوی ئەمینە ئەنجامیدا و لەدوای ماوەیەك بەهۆی بارودۆخی ئابووریەوە لێکتری جودابوونەوە و بەرهەمی هاوسەرگیرێکەشیان کچێك دەبێت بەناوی چیدەم.

دواتر لە ساڵی ١٩٨٥ کایا لەگەڵ ژنە شاعیر گولتەن خەیاڵئۆغلۆدا پرۆسەی هاوسەرگیری ئەنجامدەداتەوە و بەرهەمی ئەم پرۆسەیەشی کچێك دەبێت بەناوی مێلیس و ئەوە پرۆسەیەش دەبێتە سۆنگەیەکی باشتر بۆ کایا تاوەکو زیاتر بچێتە نێو بورای گۆرانییەوە بەهۆی ئەوەی برایەکی گوڵتەن بەناوی یوسف خەیاڵئۆغلۆن یەکێك بوە لە شاعیرەکانی ئەو سەردەمە و زۆرێك لە گۆرانیەکانی کایاش لە هۆنراوەی یوسفن.

بەرهەمەکاناى ئەحمەد کایا

لە ساڵی ١٩٨٥ ئەحمەد کایا یەکەم ئەلبوومی بەناوی ”مەگری کۆرپەکەم“ بڵاوکردەوە، بەڵام هەر زوو نۆبەرەکەی کایا ڕووبەڕووی ڕق و تووڕەیی دەسەڵاتدارانی تورکیا دەبێتەوە و قەدەغە دەکرێت بەڵام بێئومێد نابێت و بەردەوام دەبێت و لەهەمان ساڵدا بەرهەمی تێکئاڵان بە ئازار بڵاودەکاتەوە و دواتریش لە ساڵی ١٩٨٦ ئەلبومێکی دیکەی بە ناوی «کاتەکە دێت» بڵاوکردەوە کە هۆنراوەی سەرجەم گۆرانییەکان خۆی نووسیبوونی و لە ساڵی ١٩٨٧ ئەلبومی «دیموکرات»ی بڵاوکردەوە کە هۆنراوەی سەرجەم گۆرانییەکان خەیاڵئۆغلۆ نووسیبووی و لە ساڵی ١٩٩٠ و ١٩٩٢ مۆسیقای بۆ هەردوو فیلمی تاتار رەمەزان لە تاراوگە دانا.

کایا مەزن خاوەنی چەندین کۆنسێرت و ئاهەنگی گۆرانی وتنە، لە ناوخۆی تورکیا و وڵاتانی جیهان، کە ئەوانەی لە تورکیا سازیداوە توشی چەندین لێکۆڵینەوە ئەشکەنجەدان بەندینخانەی دەکردەوە.

یەکێك لە ئەلبومەکانی بەناوی «گۆرانییەکانم بۆ شاخەکان» بە فرۆشتنی دوو ملیۆن و ٨٠٠ هەزار دانە

ریکۆردی شکان، بەهۆی ئەوەی لە یەکێك لە گۆرانییەکاندا بە ناوی «بانگی ئازادی» ناوەرۆکی بەرهەمەکە باسی لە ئازادی و نشتیمانی دەکرد، ئەلبومەکە لە بازاڕدا کۆکرایەوە و قەدەغەکرا، بڕیار درا کۆنسێرتکردنیشی لێقەدەغە بکرێت، کایا خاوەنی ٢٧ ئەلبوومە کە بەشێکیان لەدوای کۆچی دوایی خۆی لەلایەن گوڵتەن خەیاڵئۆغلۆی هاوسەرییەوە بڵاوکرایەوە.

بڕۆ دەرێ خائین

کایا لە ژیانی هونەریدا، بۆتە براوەی چەندین خەڵات، بەشێك لە خەڵاتەکانیشی لەدوای کۆچی دوایی پێیبەخشراوە، یەکێك لەو خەڵاتی گۆرانیبێژی ساڵ لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن ڕێکخراوی ڕۆژنامەنوسانی تابلۆید پێبەخشرا، کە تێیدا، لەکاتی وتارداندا کایا ڕایگەیاند سوپاسی کۆمەڵەی مافەکانی مرۆڤ، دایکانی شەممە، هەموو کارمەندانی راگەیاندن و سەرجەم گەلی تورکیا دەکەم.

هەروەها وتیشی، بەبۆنەی ئەم خەڵاتەوە، پەیامێکشم هەیە کە ئەو بە رەگ و ریشە کوردە و هەر بەوهۆیەشەوە لەئەلبومە تازەکەشیدا گۆرانیەکی کوردی بەناوی (کاروان) ، ئامادەکردو و زۆر کومپانیای موزیکیش هەن کە ئامادەن بۆی بڵاو بکەنەوە. هەروەها دەڵێ لە نێو تورکیاشدا شتێك هەیە ناوی کوردوستانە و منیش لەگوتنی ئەم قسانەم بەو کەسانەی کە نایانەوێ ڕاستیەکان ببینن ، هەرگیز ماندو نابم، دواتریش ڕەخنەی لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن گرت کەکلیپەکانی پەخش ناکەن دەبێ لەم بارەیەوە وەڵامی خەڵکی بدەنەوە.

لەدوای ئەو وتانەی کایا، کەشوهەوای نێو فێستیڤاڵەکە تێکچوو، شۆڤێنیەکان و هەندێك لە هونەرمەندانی تورك کە ئامادەی مەراسیمەکە بوون ، دەستیان کرد بەوتنەوەی هوتاف ژد بەکایا و هاواریان دەکرد(بڕۆ دەرێ خائین) دواتر هێرشیان بردە سەر کایا. لەو کاتەدا کایا زۆر تەنیا بوو، تاکە پشتیوانیی گوڵتەنی هاوسەری و ئازادی بوون. بەڕونی دیار بوو کە پیلانێکی لە پێشدا نەخشە بۆکێشراو لە ئارادایە. سەرەنجام پۆلیس کایای لەدەستی هێرشبەران ڕزگار کرد و لە گەڵ هاوسەرەکەیدا بەدڵێکی پڕ خەم و بەچاوێکی پڕ لەگریانەوە بەسواری تاکسیەك گەڕانەوە ماڵێ و دواتریش ئەو شەوە کە بە شەوی ئاژاوەکە ناسرا.



دادگاییکردنەکەی کایا

دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە ٣٠ی نیشانی ساڵی ١٩٩، تۆمەتی خەیانەتکردن لە نیشتمانی، دایە پاڵ کایا و هەر لەو ساڵەدا، رەگەزپەرست و شۆڤێنیەکانی تورکیا، لە هەموو لایەکەوە هێرشیان کردە سەری لە بەشێك لە رۆژنامە و دەزگاکانی ڕاگەیاندنیش، داوای سزای لە سێدارەدانیان بۆ دەکرد.

رۆژنامەی حورییەتی تورکیاش، بابەتێکی هەڵبەستراو و وێنەیەکی دروستکراوی کایای بڵاوکردەوە، کە گوایە کایا لە بەرلینی ئەڵمانیا کۆنسێرتی کردوە و پارەی بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە)، کۆکردووەتەوە.

لە یەکەمین دانیشتنی دادگاش کە ئەحمەد کایا، خۆی ئامادەیبوو، سەرجەم ئەو تۆمەتانەی ڕەت کردەوە کە درابوونە پاڵی.

دواتریش ئەحمەد کایا چووە ئەورووپا، بەبێئامادەبوونی خۆی، دادگای ئاسایشی نیشتمانی تورکیا لە دوا دانیشتنیدا سزای ١٠ دە ساڵ زیندانی بۆدەرکرد.

دڵم ئەوەندە گەورەیە جێگای چاکەی گشت زمان و کولتوور و باوەڕو گۆرانییەکانی دنیای تێدا دەبێتەوە

لە دانیشتنەی دادگای ئاسایشی نیشیتمانی تورکیا، کە ئەحمەد کایا تێیدا ئامادەبوو، چەند وتەیەکی پێشکەشکرد کە تێیدا بەرگری لەخۆی دەکرد و وتی: «لەساڵی ١٩٨٥ەوە مۆسیقارێکی پیشەییم. ژنم هێناوە و دوو کچی حەڤدەو دوازدە ساڵەم هەیە. سەدان سترانم داناوەو گەلێ ئاوازیشم بۆ کەسانی دیکە داناوە. حەڤدە ئەلبومم بڵاوکردووەتەوە کە چەندان میلیۆن دانەیان لێ فرۆشراوە.»...»لەوڵاتانی دنیا کۆنسێرتم کردوە و چەند جارێك وەك گۆرانیبێژی ساڵ لەلایەن دەزگا هونەرییە جۆراوجۆرەکانەوە هەڵبژێردراوم و خاوەن دەیان خەڵاتم. تا تەمەنی (٤٢) ساڵی لەم وڵاتەدا بە تورکی بیرم کردووەتەوە، بە تورکی گۆرانیم نوسیوە و گوتوە. هاوڵاتییەکی ئەم دنیایەم کە خۆی بەموڵکی هیچ ناوچەیەك نازانێ و هەست و سۆزم سنوردار نەکردوە بە هیچ شێوەیەك تا ئەو ڕادەیە کەسێکی مۆسیقاژەنم. دڵم ئەوەندە گەورەیە جێگای چاکەی گشت زمان و کولتوور و باوەڕو گۆرانییەکانی دنیای تێدا دەبێتەوە.

خەڵاتێکی ترم وەرگرت (مەبەستی شەوی ١٠ی شوباتی ١٩٩٩یە) کەچی دنیام لێگۆڕا. لەلایەن هەندێ هێزی دیار و نادیارەوە بە یەك شەو تۆمەتی خیانەت، دووبەرەکی خواز، ئەڵقە لەگوێ و بێئەدەب و بێئەقڵ و شێت یان دایە پاڵم.»... «روانگەو قسەی مرۆڤێك، کە بنەمای هەموو ئەم تۆمەتانە، لە هیچ ولاتێکی پێشکەوتوو و یاسا پەروەردا بە تاوان و تۆمەت ناژمێردرێن

تا گۆرانی بە کوردی لە تورکیا نەوترێت ئارامگەی کایا لە پاریس دەبێت

ئەو کاتەی سەرقاڵی تۆمارکردن و ئامادەکردنی ئەلبومی «ماڵئاوا چاوەکەم» بوو، لە ١٦ی تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ لە تەمەنی ٤٣ ساڵیدا لەماڵەکەی خۆی لە شاری پاریس بە هۆی جەڵدەی دڵەوە بۆ ئەبەد لە غەریبی و دوور لە نشتیمانی کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی ناودارانی پاریس پیرلاشیز لەلای گۆڕی سینەماکاری بەناوبانگی کورد یەڵماز گۆنایەوە بەخاکسپێردرا.

لەبارەی گەڕانەوەی تەرمی ئەحمەد کایاش بۆ تورکیا، گوڵتەنی خێزانی وتویەتی: «تا لە ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی تورکیا بە کوردی گۆرانی نەوترێ ئەمەوێ مەزاری کایا لە فەڕەنسا بێت.

تەڵعەت تاهیر:

کەرکوك وەکو کچێکم وایە کە لێم دوورە

دیمانە / محەمەد تاهیر

کە گوێمان لەناوی دەبێت یەکسەر پێمان خۆشە خۆی و دەقە ئەدەبییەکانی بەدڵ بخوێنینەوە، تەڵعەت تاهیر نووسەرو شاعیرێکی ڕچەشکێنەو باڵای شیعرە کورتەکانی فرە بڵندەو، بەواتا قووڵەکانی دوونیای ئەدەبیاتی نەخشاندووە، هەوادارانیشی تامەزرۆین و بەتاسەوە چاوەڕوانی وشە سیحراوییەکانی دەکەن، وەك گۆڤاری TV چەند پرسیارێکمان لەناوبراو کردو ئەویش وەڵامی داینەوە

. شیعر تا چەند وابەستەی شعووری مرۆڤەکانە؟

* ئەرستۆتاڵیس چەن سەدەیەك پێش زایین پێیوایە شیعر گێڕانەوەی واقیعە، ئەم قسەیە تا ئێستاش ڕاستە، تێکێستی گێڕانەوەی واقیعە بەڵام بەشێوەیەکی هونەری، وشەی مرۆڤایەتی لای من وشەیەکی هێندە پیرۆز نییە، لەبەر ئەوەی کە دەڵێین مرۆڤایەتی ئەوە لەسەر حسێبی سرووشت و درەخت و دارو دیوارو باڵندەو خشۆك و لەسەر حسێبی هەموو گیاندارەکانە، ڕاستی من هەمیشە ویستوومە تێکستەکانم ڕەنگدانەوەی واقعی خەڵك بێت، یەکێك لەگرفتەکانی تیکستی کوردی ئەوە بووە کە تێکستی خەڵك نەبووە، ئەوەندەی تێکستی نەتەوەو کۆمەڵگا بووە، واتا ئەگەر ئەزموونی شەستەکان، یان حەفتاکان، یان هەشتاکانی شیعری کوردی سەیر بکەین، دەبینین زیاتر شیعر بەرەو نەتەوەو کۆمەڵگا چووە، کەمتر بەرەو شتە وردەکان، یان مەراقە وردەکانی مرۆڤ چووە

. زۆرجار شاعیرەکان دەڵێن ونین، لەڕێی شیعرەوە خۆمان دەدۆزینەوە، ئایا تەڵعەت تاهیر وایە؟

* ڕاستی ڕێك بەپێچەوانەوەیە من خۆم دۆزیوەتەوە، دەزانم ناوم چییە، خەڵکی کوێم، چەند منداڵم هەیە، لەچی فەرمانگەیەکم، مووچەکەم چەندە، کورد چییە، ئەم دنیایە چۆن دەگوزەرێت، ئەوانەم هەمووی دۆزیوەتەوە، من لەرێگەی شیعرەوە خۆم وون دەکەم، واتا خۆم دۆزیوەتەوە لەڕێگەی شیعرەوەو خۆم ون دەکەم، ئەگەر جیهان وەڵام بێت، ئەوە شیعر پرسیارە، ئەگەر جیهان یەقین بێت، ئەوە شیعر گوومانە، کەواتا من لەرێگەی شیعرەوە خۆم ون دەکەم،

. کورت و پووخت شێوازی دەقە ئەدەبییەکانتە، پێتوایە بەکەم زۆر بەهەوادارنت دەڵێیت؟

* ستایلی دنیای ئێستا نەك لە شیعردا بەڵکو ستایلی ژیانی ئێستا کورتبڕییە، دەبێت بەکەمترین ماوە زۆرترین شت بڵێی، ئەمە لەهەواڵی تەلەفزیونییە ڕاستە، لەقسەکردن ڕاستە، لەئامۆژگاریی ڕاستە، کورتبڕیی سیمای ئەم سەردەمەیە، بەدروستکردنێکی خێرایە، ژیان ئێستا خێرایە، کەس مەودای ئەوەی نەماوە، ئەمە زەمانی جاران نییە خەڵك بتوانێت ڕۆمانێکی دووهەزار لاپەڕەیی بخوێنێتەوە، تاقەتی نەماوە، تەنانەت منداڵیش ناتوانێت دووسەعات گوێ لەئامۆژگارییەکانی باوکی بگرێت، ئەو حەوسەڵەیە نەماوە، هیچ ڕەوا نییە ئەوەی دەکرێت بەچوار دێڕ بنووسرێت، تۆ بیکەیتە چوار لاپەڕە، ئەوەی بەچواردە دێڕ دەگوترێت، بیکەیتە سەدوچل لاپەڕە، دنیای ئێستا دنیایەکی خێرایە، ئەگەر هەموو شتێکیش لەژیاندا خێرابوو، مەعقول نییە شیعرو ئەدەبیات لەگەڵ ژیاندا خێرا نەبێت

. جگە لەنووسینی شیعر حەز بە چ ژانرێکی دیکەی ئەدەبی دەکەی؟

* ڕاستی من هیچ نووسینێکم پێخۆش نییە، پێموایە ئەرکێکی قورسە، کارێکی ئاسان نییە، هەموو ژانرەکانم پێخۆشە بۆ خوێندنەوە، من ئەوەندەی لام گرنگە خوێنەرێکی باشبم، نیو ئەوەندە لام گرنگ نەبووە نووسەرێکی باشبم، ئەگەر بۆ مەسەلەی نووسین بێت زۆربەی ستایلەکانی نووسینم تاقیکردوەتەوە، شیعری گۆرانی، تێکستی ئازاد، تێکستی کێش و سەروا، نووسینی دراما، سیناریۆ، نووسینی نۆڤلێت، پەخشان، بەڵام ڕاستی ئەوەی من تێیدا ئاسودەم، خوێندنەوەیە نەك نووسین

. بەوپێیەی هەندێ لەشیعرەکانت لەلایەن هونەرمەندانەوە کراون بەگۆرانی، هونەرمەند زیاد ئەسعەدیش چەند شیعرێکی تۆی کردووە بەگۆرانی، هیچ هەواڵی ئەو هونەرمەندە دەزانیت؟

* بەڵی من ئاگادارم هونەرمەند زیاد ئەسعەد تەندروستی زۆر باشە، خەریکە وردە وردە دێتەوە ناو ژیانی ئاسایی خۆی، وا بڕیارە لەم ماوەیە هەندێك کاری هونەری بکات، بەداخەوە بۆ ئەو هونەرمەندە کە ئاوا تەریك بوو، ئاوا پەراوێز بوو، ئێمە بەهەرەو توانای ئەم هونەرمەندە دەزانین، بەهیوام وەکو زۆربەی ئەو خەڵکانەی کەسایەتی کاك زیادیان خۆشدەوێت، یان حەزیان لەبیستنی بەرهەمە هونەرەکانێتی، منیش بەهیوام بەزووترین کات بگەڕێتەوە ژیانی ئاسایی خۆی و بگەڕێتەوە ناو هونەر

. چەندین کۆڕی شیعریت لەشارەکان ئەنجامداوە، شیعر بەراوورد بەساڵانی رابروو لەچ ئاستێکدایە؟

* ڕاستی دنیای ئێستا کەمتر پێویستی بەچەمکە رۆحی و چەمکە هەستییەکان ماوە، شتەکان بەرەو مادییەت دەڕۆن، نرخی کۆمەڵایەتی لەشتە ماتریال و ماددیەکان دەڕوات، کەمتر ئاوڕ دەدرێتەوە بۆ شتە رۆحی و ستاتیکی و جەماڵییەکان، وەك چۆن ئێستا خەڵکی کەمتر پێویستی بەویژدان ماوە، کەمتر پێویستی بەلایەنی رۆحی ماوە، کەمتر پێویستی بەشیعر ماوە، دنیای ئێستا دنیای ماددییاتە، خەڵك لەڕێگەی ئۆتۆمبێلەکەی، لەڕێگەی باخەکەی، یان خانووەکەی لەڕێگەی جلوبەرگەکەی نرخی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، بۆیە زیاتر گرنگی بەو شتانە دەدات، شیعری ئێستا باوەڕ دەکەم لەساڵانی پێشووتر باشترە، سوودی وەرگرتووە لەم کرانەوەیەی کۆمەڵگەی ئێمە بەڕووی دنیا لەڕێگەی تەکنەلۆژیاوە، بەڵام هەر شتێکی پەراوێز ماوەتەوە، شتە ئەساسییەکان شتی ماددین، بۆیە کەمتر خەڵك ئێستا پێویستی بەلایەنە رۆحی و لایەنە هونەری و لایەنە ویژدانییەکانە، هەرچۆنێك بێت شیعری کوردی ماوە، هەوڵدەدرێت بەراوورد بەمیللەتانی تر ئێمەش خەریکین، بەڵام ئەوەی لای ئێمە نییە نەبوونی دەزگای تایبەتە بەگرنگیدان بەوەرگێڕان و چاپکردن، لەلای دەسەڵاتی ئێمە، بەداخەوە ئەدەبیات و هونەر لەبنی بنەوەی لیستی گرنگییەکانی خۆیانن، نموونەیەکت دەدەمێ، لەساڵی ١٩٩١وە ئێمە هەڵبژاردن دەکەین کاندیدمان هەیە ریکلام و وتاری کاندیدەکان، یەك دانەم نەبینیوە کەتیایدا بەڵێنی باشترکردنی بواری رۆشنبیری و ئەدەبی هونەری بدات، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەم دوو کێڵگە مەعریفی و ئەم دوو کێڵگە هونەرییە، بەهیچ شێوەیەك لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێمەوە گرنگی پێنادرێت

> **تەڵعەت تاهیر: هونەرمەند زیاد ئەسعەد تەندروستی زۆر باشە، خەریکە وردە وردە دێتەوە ناو ژیانی ئاسایی خۆی**

. لەهەندێ شوێن بەنزار قەبانی کورد پێناسە دەکرێیت، کۆمێنتت چییە؟

* ئەمە مایەی شانازییە کە بە نزار قەبانی بچوێندرێم، چونکە ئەوەی لەناو شیعری عەرەبیدا، لەناو دنیای ئەدەبیاتی عەرەبیدا مایەوە بەڕاستی نزار قەبانی بوو، هەموو ئەو دەنگە بەرزانەی کە لەسەر شۆڕشگێڕی و لەسەر مقاوەمەت و لەسەر بەرگری و لەسەر خۆشاردنەوە لە پشت پرسە نەتەوەیی و پرسە قەومییەکان خۆیان دەشاردەوە، هەموویان هەڵوەران، تەخت و تەراجیان نەماو کەس نایانخوێنێتەوە، بەڵام نزار قەبانی ئێستاش دەخوێندریتەوە، ئێستاش لەناو کتێبخانەی ماڵەکاندا هەیە، لەبەر ئەوەی گرنگی بەجوانی داوە، گرنگی بەستاتیکا داوە، گرنگی بە هونەر داوە، گرەوی نەکردووە لەسەر خۆشاردنەوە لەپشتی کورسی نەتەوەیی گەورە، ئەو وەهمەی نزار قەبانی نەیبوو، ئەوە بوو کە گرەو نەکا لەسەر دۆزی مەزن بەمەبەستی بەرهەمهێنانی تێکستی مەزن، ئەمە لای ئێمەش گرفت بووە، زۆرجاران ئەدەبیی ئیمە دەبینی، هونەرمەندی ئێمە دەبینی خۆی لەپەنای شارچێتی دەشارێتەوە، خۆی لەپەنای پرسە نەتەوەییەکان دەشارێتەوە، خۆی لەپەنای هەڵەبجەو ئەنفال دەشارێتەوە، دەیەوێت ئەو بەهرە کەمەی خۆی بباتە پشت دۆزێکی گەورەوە، کە تیایدا ئێمە نەتوانین قسە لەبارەی بەهرە کەمەکەیەوە بکەین، لەبەر ئەوەی خۆی لەپەنای قەزییەکی گەورە شاردووەتەوە، دەیەوێت لەرێگەی ئەم قەزییە گەورەیەوە ئەوە بەئێمە بگەیەنێت کە تێکستێکی مرۆیی مەزنی نووسیوە، ئەمە ئەو وەهمە بوو کە نزار قەبانی نەیبووە

. بەپێی زانیارییەکانی من زاوای کەرکوکییەکانی، ئەی بەنیاز نیت، شیعرێك بۆ زێدی خەزوورانت بنووسیت؟

* ڕاستی من بەقەد چوار کەرکوکی، کەرکوکم خۆشدەوێت، کەرکوك بەنسبەت من شارێکە وەکو کچێکم وایە کە لەمن دوورە، یان بەزۆر بەشوودراوە، مرۆڤ کە خوشکێکی بەزۆر بەشوو بدرێت، یان کچێکی لەدەرەوەی ئیرادەی خۆی دوور دەکەوێتەوە، هەمیشە سۆزو عەتفێکی رادەبەدەری بۆی هەیە، من لەکەرکوك زۆر ژیاوم خزمەتی رۆژنامەوانیشم گەلێ زۆرە، ماوەی چوار ساڵ لەوێ خزمەتی ئەدەبیم کردووە، ڕاستە کەمتر کۆڕم لەوێ کردووە، وەکو شیعر نووسین، وەکو تێسکت نووسین، بێگومان شیعرم هەبووە بۆ کەرکوك، نووسینیشم هەبووە، کاریشم هەبووە، هەرچەندە تێکستی من هەوڵ دەدەم لەسەرووی شارەوەبێت، لەسەرووی نەتەوەوەبێت، جاروایە لەسەرووی جێندەریشەوەبێت، من پێمخۆشە کچێك شیعری من دەخوێنێتەوە هەست نەکات نێرینەیەك نووسیوێتی، کە گەرمیانییەك شیعری من دەخوێنێتەوە هەست نەکات هەولێرییەك نووسیوێتی، تەنانەت کە فارسێکیش شیعری من دەخوێنێتەوە هەست نەکات کوردێك نووسیوێتی، من سروشتدۆستی و مرۆڤدۆستیم پێ بەرزترە لەچەمکی شارو چەمکی نەتەوەو چەمکی جێندەریش

. چەند کتێب و نامیلکەت هەیەو چی دیکەشت ئامادەیە بۆ چاپ؟

* سەبارەت بەچاپکراوەو بڵاوکراوەکانم، من پێنج کتێبم هەیە، دووانیان وەرگێڕانە، سیانیشیان لەنووسینی خۆمە، لەنێوان وەرگێڕانی شیعرو، وەرگێڕانی وتارو، نووسینی توێژینەوەو، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، هەروەها دوو دیوانی شیعر، لەئێستادا سەرقاڵی چاپکردنی نۆڤلێتێکم بڕیارە لەمساڵدا چاپ بکرێت، دیوانێکی شیعرە لەناو چیرۆکێکە، ئەزموونێکی تازە بوو بەنسبەت من،

من هەمیشە حەزم لەبارکردنە، تا شتێك دەنووسم حەزم لێیە باربکەم لەسەر ئەو شتە نەژیم، ناوچەی تاریکی دیکە لەناخی خۆم و لەناخی خوێنەرەکانمدا بدۆزمەوەو ڕووناکییان بۆ دابین بکەم.

بەدەم دوایین پێشانگای سامان ئەبوبەکرەوە..

قسەیەکی هەق

تاریق کارێزی

پێشتر، ئێمە توانای هونەر و تەکنیکی شا شێوەکارەکەی کەرکوکمان دیوە. سامان ئەبوبەکر سالآنێکی زۆر وەك نیگارکێش و پەیکەرتاشێکی شاری کەرکوك، بڕستی بەرزی هونەرزانیی خۆی و هەڵفڕین بە بەژنی ستاتیکای تاقی کردووەتەوە، بۆیە لە ئاستی باشووری کوردستاندا وەك پایەیەکی تۆکمەی هونەری شێوەکاری لێی دەڕوانین و باسی دەکەین.

تابلۆ، پەیکەر و دیواربەندی ئەم هونەرمەندە لە گەلێك شوێنی شار و نێو شەقام و تەلارەکانیدا، بەدی دەکرێت. ئەوەندەی من بزانم، هیچ هونەرمەندێکی شار هێندەی ئەو جێ دەست و بەرهەمی بە ڕوخسار و سیمای شارەوە دیار نییە. بە ڕەچاو کردنی ئەوەی کەرکوك شارێکی فەرامۆش کراوە، لە مێژووی سەد ساڵەی دەوڵەتی عیراقدا، ڕێك نەکەوتووە دەوڵەت و حوکمەتی خۆجێیی پارێزگاکە، هونەر و ستاتیکای دیدەییانەی نێو شار ڕەچاو بکەن، زیاتر سێبەری سیاسەت و گریمانە و گومانی ناسنامەی شار، خۆیان بەسەر ژینگەی ئاوەدانی و شارستانیی شارەکەدا کێشاوە، لە دۆخێکی لەم جۆرەشدا، کەرکوك لە هونەر و ستاتیکا ڕووت کراوەتەوە، هەژار کراوە، بێ ناسنامە خۆی دەنوێنێت.

تا ساڵی ٢٠٠٣ وا باو بوو، بەرپرسانی خۆجێیی هەموو بایەخ و توانای دارایی بەر دەستیان بۆ تێکەڵ کردنی سیاسەت و هونەر تەرخان دەکرد، خۆ ڕەنگە ئەمە مەرایییەك بوو بێت بۆ سەرۆکی ئەوسای وڵات یان کارەکە لە بەغداوە بەو جۆرە ئاراستە دەکرا، سەرەنجام لە زۆربەی گەڕەك و شەقامی سەرەکیی شاردا، پەیکەر و دیواربەند بۆ جەنابی

دیکتاتۆر دروست کرا، ستاتیکای دیدەیی خرایە خزمەتی سیاسەتەوە. ئەم کارەش بە قازانجی شار نەشکایەوە، بەڵکوو دەکرێ بڵێین هونەری لە دیدی خەڵکدا ناحەز و دزێو کرد. هونەر بوو بە بەشێك لە پڕوپاگەندە و ڕێکلامی سیاسی.

نەمانی سێبەر و سایەی دیکتاتۆری داگیرکەر، دەرفەتێکی هێنایە پێش، تێیدا هونەرمەندانی شار کەوتنە خۆ، ئیدی لێرە پەیکەرێك، لەوێ دیواربەندێك، بەم چەشنە شەقام و گۆڕەپان و گەڕەکەکانی شار بە ڕووی ستاتیکای شێوەکاریدا کرانەوە. بۆ گەورە شارێکی کوردستان ١٥ تا ٢٠ ساڵ، ماوەیەکی زۆر نییە بۆ هونەر نەخشان کردنی شار، بە تایبەتی ئەگەر ڕابردووی هونەر هەژاری و بێبەشیی شارەکە لە ڕووی ستاتیکای دیدەییەوە، لە پاڵ نەبوونی بودجە و بەرنامە و پلانی تایبەت بۆ تێکەڵ کردنی هونەر بە لایەنی ئاوەدانی و شارستانیی شار ڕەچاو بکەین، چاوەڕوان ناکرێت گۆڕانێکی گەورە لەو ماوە کورتەدا لە دۆخی ستاتیکای شەقام و نیگای بینیی شاردا بەدی بێت. لە هەمان کاتدا ئەوەش نادیدە ناگیرێت کە هەوڵ و کۆششی شێوەکارانی شار و ئەو پشتیوانییە داراییە کەمەی بەدەستیان دەهێنا، سەرەتایەکی باشی بۆ درێژەدان بە ڕێڕەوی هونەرکاری و هونەرارایی دەست پێ کرد، ئەگەر بێتوو ئەو سەرەتایە مردار نەکرێتەوە، بە دڵنیاییەوە ئێمە بەرەو ئایندەیەك هەنگاو دەنێین، کەرکوکێکی پڕ هونەر و ڕازاوە بە ستاتیکای بینین و نیگای دیدەییانەی بەرزەوە، بەڕێوە دەبێت.

لە نێو ژینگەی تێکەڵکێش و شپرزەی

هونەر لە پایتەختی دێرینی شارەزووردا، دەستەیەك شێوەکاری زۆر بە توانا پەیدا دەبن، بەشێکیان لە بن زەبری سانسۆر و تەنگ پێ هەڵچنینی داگیرکەدا هونەربزر دەبن، هەندێکیشیان پەڕیوەی وڵاتانی بیانی دەبن. هەر لە نێو ئەو دەستەیەدا، وەچەیەك دەستەو دامێنی کەرکوك دەبێت، شار جێ ناهێڵێت، بەوەش شاد دەبن کە مەرگی ڕژێمی دیکتاتۆر و داگیرکەر دەبینن، ئیدی تا ئەندازەیەك دەرگای کار کردن لە دنیای هونەریان بۆ کرایەوە. هونەرمەندانی کەرکوك ئەم دەرفەتەیان قۆستەوە، ئێستا جێ دەستی ئەوان لێرە و لەوێی شاردا دیارە.

سامان ئەبووبەکر، ناوێکی درەوشاوەی بواری هونەری شێوەکارییە لە شاری کەرکوك. ئەو چووبێتە هەر شوێنێکی شار، یادگارێك یان چەندین یادگاری هونەری تێدا جێ هێشتووە. مخابن کە پاراستنی بەرهەمی هونەری لەم گەورە شارەی کوردستاندا نەبووە بە نەریت و ڕێسا. هەتا ئێستا هیچ پەڕاوێکی تایبەت بە کار و بەرهەمەکانی سامانیش چاپ نەکراوە، هێندەی من ئاگادار بم ژمارەیەکی زۆر لە بەرهەمی سامان (تابلۆ، دیواربەند، پەیکەر) بە گەلێك شوێنی شاردا بڵاو بوونەتەوە. پاراستن و مانەوەی هەموو ئەو بەرهەمانە مسۆگەر نییە، تەنانەت گەلێك لە بەرهەمەکانی ڕێی شێوان و فەوتانیان گرتووە، ئەمەش بە زیانێکی گەورە بۆ سامان و تەواوی مێژووی هونەری شێوەکاری لە شاری کەرکوکدا دەگەڕێتەوە.

ئەگەر کەس هەبێت گوێم لێ ڕابگرێت، زۆر ئاشکرا دەڵێم، لە بەرژەوەندی مێژووی هونەری شێوەکاری شاری کەرکوکدایە، هەر لە ئێستاوە شوێنێك بۆ کۆ کردنەوەی بەرهەمەکانی سامان ئەبوبەکر تەرخان بکرێت. یەك بە یەك بەرهەمەکانی، هەر لە هێڵکارییەکەوە تا دەگاتە وێنەی پەیکەر و ماکێتی پەیکەرەکانی بە دەفتەر و تۆمار کۆ بکرێنەوە، زۆر بە پوختی و سەلامەتی هەڵبگیرێن، لە پاڵ ئەوەشدا کار بۆ دروست کردنی مۆزەخانەیەکی تایبەت بەم هونەرمەندە بکرێت، وەك بەشێك لە میراتی هونەر و شارستانیەتی کەرکوك.

ئەوەندەی من ئاگاداری بەرهەمی ئەم هونەرمەندەم، ڕووی لە هەر چەشن و ستایلێکی هونەری شێوەکاری کرد بێت، بە هەر شێوازێك نیگاری کێشا بێت، پەیکەری دروست کرد بێت یان دیواربەندی کێشا بێت، داهێنانی تێدا کردوون، لە هەموویاندا کار و بەرهەمی گەیاندووەتە ئاستێکی فرە باڵا.



ئەگەر قسەمان لە بارەی دوایین پیشانگای ئەوەوە بێت، دەبینین کاری لە نێو چڕ جوانیی سروشتدا کردووە، لەمەشدا هونەرمەند دەکەوێتە بن باری کێشان و پیشاندانی ژمارەیەکی یەکجار زۆری فیگەر، لە پاڵ دەست کراوەییەکی بێ سنوور لە ڕووی ڕەنگسازی و جۆشدانی هەمەجۆر ڕەنگدا، سەرەنجام بە پێکەوە سازاندنی هارمۆنیای ڕەنگ و دژ ڕەنگ، لە نێو ستاتیکای سروشتدا گەشتی قووڵ و مانۆری بوێرانەی کردووە. ڕۆن ڕەنگ جۆرە ڕەنگی هەڵبژاردەی ئەوە، کە بواری مانۆرێکی بەربڵاو بە هونەرمەند دەدات، نەخشاراییەکی زۆر بکات، ڕەنگ بە چەشنی ئەوەی لە سروشتدایە، هەروەها بەو جۆرەی لە زەین و خەیاڵدانی ئەودا خۆی دەنوێنێت، بیبارێنێتە سەر ڕووبەری تابلۆ، بۆ ئەوەی لە تەختاییەکی سپییەوە بیکات بە جیهانێك لە ستاتیکا و هزر و واتای پڕ لە چێژ و چەشە.

زۆر بە کورتی لە بارەی دوایین پیشانگای سامان ئەبوبەکرەوە دەڵێم، لەو پیشانگایەی لە دوو گەورە شاری کوردستان (سلێمانی و کەرکوك) کردییەوە، توانیویەتی لە ڕۆح و شۆخ و شەنگیی سروشت نزیك ببێتەوە، سیحری جوانیی سروشت بە دیدەی ئێمەی شارنشین ئاشنا بکات و بکاتەوە. بە تەکنیکی ورد و باڵا، تان و پۆی تابلۆی چنیوە، ڕەنگ تا ئەو پەڕی جوانی و هەمەڕەنگی، خۆ نواندووە و ڕەنگستانێکی هارمۆنیی هێناوەتە ئاراوە. وەك پێ دەچێت، زەینی ئەو پتر بە هەڵەتی گەرمیان زاخاو دراوە لەوەی بە سەختەن و چیای سەرکەشی کوێستان، بۆیە لە بەرجەستە کردنی سروشتی هەڵەتی گەرمیاندا، دەست کراوەتر فڵچەی وەشاندووە.

بەرنامەی مێرگ دەچێتە گوندی تەرجیل

گوندی تەرجیل یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی کەرکوك و سەربە ناحیەی لەیلانە و (١٣) کیلۆمەتر لە کەرکوکەوە دوورە و دەکەوێتە باشووری خۆرهەڵاتی پارێزگاکەوە.
لاپەڕە درەوشاوەکانی دیرۆکی گوند هێشتا لەسەر لێوانی گوندنشینە، ستافی بەرنامەی مێرگ، کە لەئامادەکردن و پێشکەشکردنی عەبدوڵا سەنگاوییە، دەچنە گوندەکە و چەند گۆشەیەکی گوندی تەرجیل یاداشت دەکەن.

ناوی گوندی تەرجیل

مامۆستا سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)، لەناونانی گوندی تەرجیل پشتی بە چەند سەرچاوەیەك بەستووە و دەڵێت: بەهەر هۆکارێك بێت خەڵکی ئەو ناوچانە هاتوونەتە ئێرە بەهۆی حکومڕانی چەند سەد ساڵی عوسمانییەکان، ناوی ئەم ناوچەیان گۆڕیوە بۆ تەرجیل، چونکە ژیان لەم شوێنەی کوردستان زۆر کۆنترە. لە شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیدا هاتووە، لە کوردستان چەندین ناوی دیکە بەناوی تەرجیل هەیە لەوانە گوندێك هەیە بەناوی تەرجیل سەربە شارۆچکەی بەردەڕەش، لازاریف مێژوونووسی روسی لە مێژووی کوردستاندا ناوی ئاوایی تەرجیل هاتووە، تەرجیل ناوی گوندێکە لەلای ئامەد، هەرچەندە ئاماژە بەوە دەکەن دەڵێن لە شەرەفنامەدا لە فەرمانڕەوایانی تەرجیل لە دەستەی چوارەم شوێنی پێشووی زەرقییەکان تەرجیل و عیتاقە، تەرجیل لەنزیك ئامەدە و دوو قەڵای هەیە.

جوگرافیای گوندی تەرجیل

گوندی تەرجیل سەربە لەیلانە یان لێڵان ناوچەی قەرەحەسەن یان کوڕە حەسەن سەربە پارێزگای کەرکوکە و (١٣) کیلۆمەتر لێیەوە دوورە و کەوتۆتە باشووری خۆرهەڵاتی کەرکوکەوە، ناوچەی قەرەحەسەن ـ لەیلان، ئاقار و زەوییە کشتوکاڵییەکانی تەرجیل مەزەندە دەکرێت بە (١٢) هەزار دۆنم، ٩٥ ٪ زەوییەکانی تاپۆن بەناوی جووتیاران خۆیانەوەیە، سەرەڕای پرۆسەی تەعریب و هێنانی عەرەبی هاوردە لەلایەن بەعسییەکانەوە.

گوندەکانی دەوروبەری لە باکوورییەوە قازانبلاخ لەباشوور سنووری لەگەڵ گوندەکانی رجێبات و قەرەلوو ترکەشکانی خواروو، لەخۆرئاوای گوندی ترشکانی ژووروو لەلای خۆرهەڵاتی حەسەن ئاواو رزگارییە. یەکێك لە ئاوەدانیەکانی گوندیی تەرجیل بوونی زۆری کارێز و سەرچاوەکانی ئاوی دیکە بوون، مێژووی تەواو بەردەستە نییە، بەڵام دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (١٥٤٠) زاینی لەدوای ساڵی (٢٠٠٣) بەنداوی شیرین دەروستکراو سوودی زۆری هەبووە بۆ جووتیاران لە زەوییە کشتوکاڵییەکانیان، زیاتر لە (٤٨) بیر لە سنووری گوندەکە هەیە، دەوترێت لە گوندەکانی دەوروبەرەوە لە هەشتاکاندا هاتوون بۆ ئاوبردن بۆ تەرجیل وەك ترکەشکان، حەسەن ئاوا، ناوی هەندێك لەو کارێزانە بریتیبوونە لە کارێز مزگەوتە و کارێزی ژوینە و بیری قاپی دارا و قازان بلاغ و ئاسیاو رەوف هەبوو، لەو کارێزانە رەز و باخی هەنار و ترێ و هەنجیر هەبووە، ئێستاش ژمارەیەك باخە هەنار و هەنجیر و زەیتونی هەیە. لە گوندی تەرجیل گەنم و جۆ دەچێنران ساڵانە چەندین تۆن لە گەنم و جۆ بەهەرم هاتووە، بەرهەمەکانی دیکەش سەوزەو میوە زۆر کراوە.

مێژووی گوندی تەرجیل

د. کامەران عەبدولڕەزاق مەحمود، مامۆستای بەشی مێژوو لە زانکۆی کەرکوك لە نووسینێکیدا لەسەر مێژووی تەرجیل و کەرکوك دەنووسێت: «کۆنترین دەقی مێژوویی لە بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا هاتووە، بەتایبەتی ئەو بەشەی تایبەت کراوە بە شاری کەرکوك و

گوندەکانی، لە بەڵگەنامەکەدا ئاماژە دەکات بەوەی لەساڵی١٥٥٤ لە سەردەمی سوڵتان سلێمانی قانوونی یەکێك بووە لەو سوڵتانانەی ٤٤ ساڵ حکومڕانی کردووە و هێزەکانی نزیك نمرەلی کەرکوك بووە».
لە باسی کەرکوکیشدا، زۆر بە وردی باسی (٢٩) گوند و ناحیە هاتووە لە ریزبەندیی ژمارە (١٤)دا لە باسی گوندی تەرجیل بەم شێوەیە باسی تەرجیل کراوە: ئەم گوندە گوندێکی زۆر گەورەیە و ئاوەدانە و ژمارەی (٢٤٢) خێزانە و ژمارەی ماڵەکانی (٢٤٢) ماڵە، تەنها (١١) خێزانیان لە یەك کەس پێکهاتووە، دانیشتوانی گوندەکە لە (کورد، تورکمان، جولەکە) پێکهاتوون.

هۆکاری ناولێنانی تەرجیل

دانیشتوانی گوند ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن ئەم گوندە لە(تەڕ جل)ەوە هاتبێ کە پێشینانیش باسیان کردووە.

گوندی تەرجیل و شوێنەوارەکانی

لە گوندی تەرجیل چەند شوێنەوارێك هەن ئەوانیش بریتین لە: تەپەی ئۆجاغ و ئیمام سمایل و گوێزانی بابا و خڕشۆ و بەردا عەلیکە و دیوار باغ ..هتد، بە کۆی گشتی زیاتر لە(٣٥) شوێنەوار هەیە، گوندەکە دەوڵەمەندە بە چەندین ئاش ئاشەوانەکەی رەوف ناوێك بووە ناسراوبوو بە رەوفە کوێر، لە کۆندا دانیشتووانی گوندەکە لەبواری دەستڕەنگینی و کاری بەرهەمی خۆماڵی کارابوون، بەتایبەتی پیشەی دەباخخانەی پێستە هەبووە، هەلاجی خوریی و هەلاجی پەموو هەبووە، لێرە گەنم و جۆ و گەنمە شامی و سەوزە و میوە و کونجی و ترێ بەرهەم هاتووە، هەروەها مەڕ و بزن و جۆرەکانی ئاژەڵ بەخێو کراوە. چەند کەسایەتییەکی گوندی تەرجیل لەکۆندا رۆڵی بەرچاویان هەبووە لەوانە: کویخا کاکە رەش، رەشید عومەر، کەریم رەش، وەستا خورشید حسێن گوڵناز، حاجی مەحمود جاف، حەمە خەجە، عەبەی ساڵح مامشە.
لەسەر مێژووی گوندی تەرجیل د.کامەران عەبدولڕەزاق مامۆستا لە زانکۆی کەرکوك ئاماژە دەکات بۆ مێژووی موختار بۆ گوندەکان و دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان لە ساڵی(١٨٦٤) زاینی، موختار بەو کەسە دەوترێت نوێنەری خەڵکی گەڕەگ و گوندە لە حکومەت وەکو ئەڵقەی پەیوەندیی نێوان حکومەت و خەڵك دادەنرێت.
یەکەم موختاری گوندی تەرجیل کوێخا گوڵی دەبێت لە ساڵی (١٨٨٠)ی زاینی، دواتر کوێخا شەریف کوێخا کاکە رەش و کوێخا کەریم و کوێخا زۆراب، هەڵکەوتەی جوگرافی گوندەکە کەوتووەتە سەر رێگەی سەرەکی زۆربەی گوندەکان، هەر لە گوندی تەرجیل چایخانە هەبووە، دەگێڕنەوە مێژووی چایخانە دەگەڕێتەوە بۆ هەشتا ساڵی رابردوو، دەوترێت یەکەم کەس لە گوندی تەرجیل چایخانەی هەبووە بەناوی «مەلا جمە» لەدوای ئەویش ژمارەیەك کەسی دیکەش چایخانەیان داناوە، بەردەوام دەستبەدەسی کردووە، تا ساڵی (١٩٨٣) لەلایەن بەعسییەکانەوە بەیەکجاری داخرا و دواتر لەساڵی (١٩٨٧) گوندەکە روخێنرا.
ژمارەی دانیشتوانی بەپێی ئاماری (١٩٥٧) بریتی بووە لە(٤٨٤) کەس ژمارەی نێریان (٢٣٩)و ژمارەی مێینەیان (٢٤٥) کەس، ژمارەی دانیشتوانی ساڵی(١٩٧٧) بریتی بووە لە(١٢٦) ماڵ، لەگەڵ ژمارەی خێزان (١١٦)، کۆی گشتی دانیشتووانی گوندی تەرجیل (٥٦٠) کەس، سەرچاوەکان ئاماژە بە ناوی قوتابخانە دەکەن لە ساڵانی (١٩٤٣-١٩٤٤) دانراوە، مامۆستا نوری بەگتاش یەکەم مامۆستا و بەڕێوبەر بووە لەو قوتابخانەیە، یەکەمجار ماڵێك بووە لەناو چەڵکە بەرامبەر ماڵی مام رەشید حەسەن بەفری، دواتر ماڵی حەسەن ئاغا بۆتە قوتابخانە تا دروستکردنی قوتابخانە، لەساڵی (١٩٥٨) قوتابخانەی بۆ دروستکراوە و ئێستاش بەردەوامە، هەروەها بۆ یەکەمجار کارەبای نیشتمانی لەساڵی(١٩٧٤) گەیشتە گوندەکە.

جینۆساید و قوربانییەکانی تەرجیل

کوڕانی گوندی تەرجیل رۆڵی گەورەیان بینیووە لە خەباتی رزگاریخوازیی گەلی کوردستاندا و هەر لە کۆنەوە کەسانێکی رۆشنبیرو نیشتمانپەروەر رۆڵیان بینیووە لە چەسپاندنی گیانی کوردایەتی و چەندین کەسایەتی گەورەی لێ دروست بووە، چەندین رێکخستنی کوردایەتی لەم ئاواییە هەبووە، لەوانە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و حزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان، لەو پێناوەشدا (٦) جار رووبەڕووی رووخان و

کاولکاریی بۆتەوە، ئەمە جگە لە تەعریب و راگواستنی کورد و جولەکە کە لەم گوندە لە کۆنەوە دەستیپێکردووە، تەعریب لێرە بەجۆرێکە ئاستەمە کاڵبوونەوە و سڕینەوەی، بۆ نموونە لە ٢٠١٧-ەوە دووبارە عەرەبە هاوردەکان لەهەوڵی داگیرکردنی زەوییەکانی کورد و گوندی تەرجیلدان، هەرچەندە رێژە و قەبارەی قوربانی و ماڵکاولی گوندی تەرجیل زۆرە، تائێستا هەڕەشەی تەعریب و داگیرکاریی لایەن عەرەبی هاوردەوە بەردەوامە، دانیشتووانی گوندەکە چەندین شەهید و برینداریان پێشکەش بە کورد و کوردستان و کەرکوك کردووە، ئەویش ژمارەیان(١٨) شەهیدو(٢٦) کەسی دیکەی بوونەتە قوربانی دەسی رژێمی بەعس ...لەگوندی تەرجیل لەماڵی یەکێك لە کەسایەتیەکان جۆرها کەرەستەی ڕەسەن ن فۆلکلۆر پارێز راون لەم بارەوە چاومان کەوت بە کوڕی یەکێك لەو کەسایەتی و باسی لەگرنگی و بایەخی ئەو ئامێرانەکرد تائێستا پارێزراوە لە ماڵەکەیدا .
بەگشتی خەڵکی ئاوای تەرجیل سەرقاڵی ئاژەڵداری و باخدارین بەنداوێکی گرنکیش لە گوندەکەدا دروستکراوە بۆتە بەسەر چاوەیەکی باش بۆ خەڵکی ئەم گوندەو گوندەکانی دەورو بەری ، ،
گوندی تەرجیل لە مێژوی خەباتی چەکداری و شۆڕشگێڕیدا قوربانیەکی زۆریان داوە خاوەنی چەندین ئەنفال و شەهیدن.

سەید خەلیل عالی نەژاد... سیمبولی مۆسیقای یارسانی پارچە پارچەکراو تەرمەکەشیان سوتاند!

ئومێد نەجم

سەید خەلیل عالی نەژاد.. هونەرمەندی دەنگخۆش و مۆسیقاژەن و ئاوازدانەری ناوداری کورد، جگلەوەش یەکێ لە ڕابەرانی ئاینی یارسان (کاکەیی) بوو. لە تەمبور ژەنیندا بە حەقیقەت مامۆستا بوو، زۆر بەجوانی و وەستایانە دەیژەنی.

عەشق لای سەید خەلیل بالاترین هونەر بوو ، عەشقێکی عیرفانی کە ئیلهام بەخشی زۆربەی ئاوازەکانی بوو و سروشی لێوەردەگرت. هونەرو ئەخلاق و عیرفانی پێکەوە گرێ دابوو.

سەید خەلیل عالی نەژاد کێیە؟

سەید خەلیل لە بنەماڵەیەکی کوردی کرماشان ساڵی ١٩٥٨ لەدایك بووە. سەید خەلیل و بنەماڵەکەی لە پەیڕەوانی ئاینی (یاری – یارسانی) بوون کە لەفەرهەنگی ئاینی کوردستان ڕیشەیەکی کۆنی هەیە. سازی تەنبوریش لە ئاینی یارسانی دا پایەکی بڵند و پیرۆزی هەیە و سەید خەلیل لەو ژینگەیە پەروەردە بووە.

سەید خەلیل کاتێ مۆسیقای هەڵبژارد خۆشبەخت بوو، چوون باوکیشی (سەید شاهموراد عالی نەژاد) ژەنیاری «تەنبور» بوو. هەر لەسەرەتاوە دایکیشی پشتیوان و هاندەری بووە، بەپێشنیاری دایکی (قەدەم خێر) دەرسی سازی تەنبور لەلای مامۆستایانی ئەو ڕۆژگارە دەخوێنێ.

سەید خەلیل مەشقی فێربوونی سازی تەنبور لەلای مامۆستا (سەید نادر تاهیری) کردووە و دوای ئەوە دوو ساڵیش چۆتە لای (سەیدشاه ئیبراهیمی) لەفێربوونی ئەم سازە زۆری لێوە فێربووە. پاشان بەهۆی بەتوانایی لەژەنینی تەمبوور بووەتە سەرپەرشتی گروپی تەمبوور نەوازانی سەحنە لەکرماشان. هەر لەو زەمەنەدا بەشی هونەر لەزانکۆی تاران دەخوێنێ و بەسەرکەوتوویی تەواوی دەکات.

لە زانکۆی تاران، بەشی مۆسیقا ماستەری بە دەست هێناوە. کتێبێکی بە زمانی فارسی دەربارەی مێژووی تەنبور لە چاپ داوە، ناونیشانی کتێبەکەی (تنبور از دیر باز تا اکنون).

سەید خەلیل مۆسیقاژەنێکی بەتوانا و ئاستبەرز بوو و ڕەوشت بەرز بوو، هیچ مەغرور و لەخۆبایی نەبوو ، کە زۆر کەس ئیرەیان پێ دەبرد وەك مۆسیقاژەنێك. سازە مۆسیقیەکانی وەك (تەمبور و تار و سێتار) بەباشی دەژەند.

جگە لەوەی تەمبورژەنێکی لێهاتوو بووە و توانای هونەرمەندانەی خۆی لەو سازە نیشانداوە، لەدروستکردنی سازی تەمبوور و سێتار یش دەستڕەنگین بووە. عالی نەژاد شیعریشی دەنوسی نازناوی (بێ قەرار – بی قرار) بوو.

سەید خەلیل روخسارێکی عارفانەی هەبوو.. جوانی یەك لەروخساری دا بەدی دەکرا. کە هێندەی تر خۆشەویستی کردبوو.

سەید خەلیل ئارەزووی زۆری لە وەرزش هەبوو ، بەتایبەت خۆی یاریزانی «کاراتی» بوو. هاوکات جگە لە بەهرە و توانای دەنگخۆشی، هونەرمەندێکی خۆشنوسیش بوو.

لەسەرەتای دامەزراندنی گروپی مۆسیقای (تەنبور شەمس) بە سەرپەرشتی هونەرمەندی ناودار (کەیخوسرەو پورنازری)، عالی نەژاد وەك موزیکژەنێکی دیاری گروپەکە دەورێکی بالای هەبووە.

یەکێ لە هەوەڵین کەسانی کە سەید خەلیل کاری مۆسیقای لەگەڵ تۆمار کردووە شەهرامی نازرییە. بەرهەمی هاوکاری لەگەڵ گروپی تەنبوری شەمس بە «تاکنەوازی» تاکژەنی تەمبوور بەشداری کردووە لە ئەلبومی (صدای سخن عشق)ی هونەرمەند (شەهرامی نازری. دواتر سەید خەلیل خۆی گروپی (بابا تاهیر)ی دامەزراند و ئەندامانی گروپی باباتاهیر لە دانیشتنە هونەریەکانی دینیدا، ئاهەنگیان ئەنجام دەدا.

تەمبور لای ئەهلی حەق و یارسانەکان

تەمبور ئالەتێکی موزیکی فۆلکلۆری کوردیە، هەر لە ڕۆژگاری کۆنەوە کورد بەکاری هێناوە. بە ژنیارەکەی دەگوترێ (تەمیرژەن یان تەموورەژەن یان تەنبیرژەن.

ئەهلی حەقەکان و (یارسانی) و یەزیدییەکان لە کۆڕی ئاینیدا بەدەم سرود خوێندنەوە لەگەڵ ئاوازی جۆراوجۆر تەمبور دەژەنن.

لەناویاندا بە سەدان تەمبورژەنی لێهاتوو و بەتوانا هەن و بەدەیان پیشەسازی دەست ڕەنگین هەن کە تەمبوری چاك و ناياب دروست دەکەن.

). ئەوەی شایەنی باسە ئەم سێ هونەرمەندە بەناوبانگەی مۆسیقای کوردی هەریەك لە (عالی نەژاد و پورنازری و شەهرام) لە پەیڕەوانی ئاینی یارسانن.

مۆسیقا و بەتایبەت ئامێری تەنبوور لای (ئەهلی حەق)، وەك شتێکی موبارەك و موقەدەس و پیرۆز سەیر دەکرێ. پەیڕەوانی ئەهلی حەق لەکاتی کۆبوونەوەکانیاندا لە جەمخانە، کە مەڵبەندی ئاینییانە، شیعر و سرودگەلی یارسان ((سەرئەنجام)) بە ئاوازی تەموورەوە دەخوێننەوە و تەمبوریش لایان سازێکی پیرۆزە. بۆیە لە سەرەتای دەست پێکردنی هەر سرود خوێندنێکدا تەنبور یان تەموورەکە ماچ دەکەن و لە دوایشدا دووبارە ماچی دەکەنەوە. ئامێرەکە لە ناو یارسانی (کاکەیی) ەکاندا بە تایبەت شوێنیکی پیرۆزی هەیە. بەشێوەیەك ئەو ئامێرە لە ناو ئەواندا ڕێزی لێ دەگیرێت، زۆر جار دوای کۆتایی هێنان بە تەمبور ژەنین، ماچی ئامێرەکە دەکەن و وەك شتێکی پیرۆز مامەڵەی لەگەڵ دەکەن.

پەیڕەوانی (ئەهلی حەق) بەو شیعرە دە بڕگەییانەی خۆیان کە لە جەمخانەکاندا بە ئامێری تەنبوورەوە دیخوێنن، دەڵێن: سروودی یارسان، یان ڕاز.

مەرگی گوماناوی سەید خەلیل عالی نەژاد »یارسانەکان تاوانەکە دەدەنەپاڵ کۆماری ئیسلامی ئێران«

بەیانی ڕۆژی یەك شەممە ١٨ی نۆڤەمبەری ٢٠٠١ خەلیلی عالی نەژاد مامۆستای بەناوبانگی مۆسیقا و پیری ئەهلی حەق، خەڵکەی سەحنەی سەر بە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان (کوردستانی ئێران). لە شاری یوتۆبۆری سوید لە حالێکدا کە بۆ گوتنەوەی دەرسی مۆسیقا بە قوتابیانی چوو بووە ناوەندی فێرکارانی سوید، لەلایەن کەسانێکەوە هێرشی کرایەسەر و کوژرا. دواتریش لە ژوورێکی ئەو ناوەندە ئاگری تێبەردرا و سوتێنرا. زۆر کەس لە ئاشنایانی ئەو دڵنیان لەوەی ئەوە ڕووداوێکی ئاسایی نەبووە و کوشتنەکەی دەستێکی شاراوە بە پیلان بووە و دەستێکی شاراوەی لەپشت بووە.

سەید خەلیل ڕۆیی بۆ سوید تاکو لەوێ دەرسی

فێربوونی مۆسیقا بداتەوە، چەند کەسێکی نەناسراو و هەڵیان کوتایە سەر ماڵەکەی و بەشێوەیەکی زۆر دڕندانە و دوور لە ویژدانی ئینسانیەت دەستیان چووە خوێنی عالی نەژاد. پاش چەند ڕۆژێك پۆلیسی سوید کەشفی تەرمە سوتاوەکەیان کرد، بەهۆی ئەوەی کەسێکی ناسراوی مۆسیقای ئێرانی بوو.

لەسەر هۆکاری کوشتنی خەلیلی عالی نەژاد دەنگۆی یەکجار زۆرە، بۆیە ئەنجومەنی یاری سان لەدەرەوەی وڵات لە ڕاگەیەنراوێکدا کوژرانی سەید خەلیلی بە تیرۆر دانا و تاوانەکەی دایە پاڵ کۆماری ئیسلامی ئێران. بەڵام پۆلیسی سوید زانیاری و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی بۆ ڕای گشتی ئاشکرا نەکرد و پاراستی.

محمد کەمانگەر نوسەر و بێژەری رادیۆیی دەڵێ: « کاتێ هەواڵی مەرگی گەیشتە ئێران ئەو کەسانەی لەگەڵ عالی نەژادیان دەناسی و لەگەڵ سازی ئەوا ئاشنا بوون بەڕاستی زۆر نارەحەت بوون، خەڵك هەر چاوەڕوانی بوون کە جەنازەکەی بێتەوە. کاتێ کە هێنایانەوە بڕیاردرا لە تەلاری «وەحدەت» کە نرخ و بەهایەکی تایبەتی هەیە لە لای خەڵکەوە، لەوێ خەڵك کۆبوونەوە، جەنازەکەی لەوێ بوو، چەند شیعریان خوێندەوە. خەڵك قسەیان کرد، تایبەتمەندیەکانی ئەو موزیسیانەیان بەوردی شیکردەوە. پەیامی وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادی ئێران خوێندرایەوە کە بۆ ڕێزلێنان لە خەلیلی عالی نەژاد پەیامی ناردبوو. بەڕێز و ئیحترامێکی زۆرەوە جەنازەکەیان بەڕێکرد و بردیانەوە بۆ سەحنە. خەڵك وایان ئەووت کە سەید خەلیل خۆی وەسیەتی کردووە ئەگەر مردم بمبەنە ئەوێ بمنێژن».

»خۆی وەکو سەرکردە و ڕێبەرێکی ئاینی یارسان نیشان ئەدا«

محەمەد کەمانگەر پەردەیەکی لەسەر لایەنێکی ژیانی سەید خەلیل لاداوە و نهێنییەکی ئاشکرا کردووە کاتێ دەڵێ : «ئەوەی کە روون وئاشکرایە بۆ هەموو کەس سەید خەلیل عالی نەژاد ئینسانێکی هونەرمەند بوو، بەڵام زۆرتر پێی خۆشبوو خۆی وەکو سەرکردە و ڕێبەرێکی ئاینی یارسان نیشان بدات. دیارە لەو بوارەدا نەیدەتوانی زۆر پێشبکەوێت، پەیڕەوێکی وای نەبوو وەکو ڕێبەرێك خەڵك بکەونە شوێنی و پەیڕەوی لێبکەن. هەر بۆیە زۆر کەس لەو بابەتە کە ئەو خۆی وەك سەرکردە و ڕێبەرێکی ئاینی یارسان پیشان ئەدا، ناڕازی بوون، بەتایبەت سەرۆکەکانی ئەو ئاینە. بەڵأم بە تێکڕا من ئەمەش بڵێم خوالێخۆشبوو سەید خەلیل ئینسانێکی دیندار بوو باوەڕی بە ئاینی خۆی بوو، بەڵام بەو چەشنەی هەر لەکۆنەوە ئەو ئاینە هاتووە ئەو لەگەڵ ئەوە هاودەنگ نەبوو، دەیەویست بە چەشنێك نوێخوازیەك لەم ئاینەدا بەدی بێنێت، لەسەر ئەوەش نەیار و موخالفی زۆر بوو. دیسانەوە ئیتر ئەوەی چۆن کوژراوە خەڵك قسەی جۆربەجۆر دەکەن، کەس نازانێ هۆی چی بووە!؟».

بۆنی مەرگی خۆی کردبوو!

سەید خەلیل وەك ئەوەی پێشتر زانیبێتی بەوەی دەکوژرێت، نامەیەکی بەجێهێشتووە کە لەو نامەیەدا وەسێتی کردووە بکوژەکەی «قاتلەکەی» لێی خۆشبن!. بکوژەکانی جەستەی سەید خەلیل یان بە چەقۆ پارچە پارچە کردبوو، دوایش سوتاندوبویان!.

مەرگی سەید خەلیل و کوشتنی بەوشێوە دڕندانەیە بووە سەردرێری هەواڵی ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و میدیا و دەزگا ڕاگەیاندنەکان.

ماڵ و جەستەی بێ گیانیشیان ئاگر تێبەردا و سوتاندیان. سەد و حەفتا ڕۆژ درێژەی کێشا تا پۆلیسی سوید لێکۆڵینەوەکانی لەو تاوانە تەواو کرد، بەڵام بێ ئەنجام بوو، چوون ناوی بکوژەکانی یا ئەو دەستەی هۆکاری ئەو تیرۆرە بوون نەدرکاند و باسی لێوە نەکرد. دوای ئەو ماوە زۆرە ئینجا ئیجازە (ڕێگە یدا) بە گواستنەی جەنازەی سوتاوی ئەو بۆ ئێران. پاشان لە ڕێورەسمێکدا تەرمەکەی هێنرایەوە بۆ ئێران و لەزێدی خۆی لەشاری کرماشان بەخاك سپێردرا لە تەنیشت گۆڕی باوکی «سەید شاهمرا» و بووە ئارامگای ژیانی.

مەرگی سەید خەلیل عالی نەژاد، ڕووداوێکی دڵتەزێن و ناخۆش بوو، خەسارەتێك بوو لە مۆسیقاس سونەتی ئێرانی، ئەو موزیکژەنێکی بلیمەت و بێ وێنە بوو لەمۆسیقای مەقامی لە کرماشان و ئاوازی و مۆسیقای سونەتی ئێرانی. هونەرمەندێکی وەك شەجەریان سەردانی کردووە. ناوێکی دیاری مۆسیقای عیرفانی ئێرانی و کوردی بوو. ئاشنای زۆربەی هونەرمەندانی وەك شەجەریان و هومایۆنی کوڕی و ئەحمەد عەبادی و شەهرامی نازری و کەیهان کەلهور و کەیخوسرەو پور نازری و مەزهەری خالقی و زۆری تر بوو.

سەید خەلیل کاتێ بەو شێوە نامەردانە کوشتیان تەمەنی ٤٤ ساڵ بوو. بەداخەوە عومری مەودا نەدا ئەو کارانە تەواو بکات.

سەدای تەنبورەکەی خامۆش بوو. بەداخەوە مەرگێکی تراژیدی هەبوو. موزیکژەنان و گوێگرانی هیچکات کۆچی ناوەخت و مەرگی تراژیدی سەید خەلیل عالی نەژادی ئەفسانە مۆسیقای عیرفانی کرماشان لە یاد ناکەن.

کەسایەتی سەید خەلیل لەزاری مامۆستاکەیەوە

ئوستاد شاه ئیبراهیمی بە یەکێ لە بەرجەستەترین نەوازندە و هونەرمەندانی مۆسیقای عیرفانی ئێرانی دادەنرێت.

ئەو بەناونیشانی یەکەمین مامۆستای سەید خەلیل کە لای ئەو پەروەردەی مۆسیقای بینیوەو مەشقی تەنبوری کردووە، سودی زۆری لە ڕێنمای و شارەزای ئەو مامۆستایە وەرگرتوە. قەدەر وابوو خوێندکارەکەی زوتر لە مامۆستاکەی کۆچ بکات. ئەو لەچاوپێکەوتنێکیدا دەربارەی سەید خەلی دەڵێ:» سەید خەلیل یەکێ لە عەزیزترین نزیکانی من بوو.

سەرچاوە:

١. بەرنامەی زایەڵە، ڕادیۆی کوردی سوید، تایبەت بە مەرگی گوماناوی سەید خەلیل عالی نەژاد

٢- مێژووی مۆسیقای کوردی، محەمەد حەمە باقی، چاپی دووەم، دەزگای ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر . ٢٠٠١

٣. مەقام و موزیکی فۆلکلۆری کوردی: هەردەوێڵ کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراپخا . کەرکوك، ٢٠٠٦

دانپیانانێك

ڕەوەند ساڵح

نیگەرانی خۆمم لەکاتی خۆیدا گۆڕانییەکی نەوت.
نیگەرانی خۆمم ئەوکاتانەی لەقوڵایی شەوەکاندا ڕەشبەڵەکی ئەستێرەی بەختم دەبینی. لەتەنهایی شەقامەکاندا گوێم لە ئاوەدانی دڵم بوو، لەدەموچاوی پەنجەرەکەمدا سەمای باوباران و پەپولەم وێنا دەکرد. لەنێو لەپی پەڕاوەکانمدا تریقەتریقی پەیڤە ڕۆمانسییەکانم دەگەیشتە کەشکەلانی فەلەك.
نیگەرانی خۆمم ماسکێکم کردە بەری ڕوخساری خەندانم و هاروهاجییەکم بەلێوی تەمەنمەوە هەڵنەواسی. بەدکارییەکی منداڵانەم نەکردە نازناو و قفڵی خامۆشیم لەقسەکانمدا نەشکاند ؛
ئای چەند نیگەرانی خۆمم!! ئەوکاتەی خودام دەناسی وتۆش، خۆرهەڵاتنم دەکردە باوەش و زەردەپەڕیشم تورەنەدەکرد ، خەونی پەمەیی ئەمسەر تائەوسەری دنیای لێگرتبووم وڕقم لەمۆتەکەش نەبوو. بەدبەختیم دەناسی و دالەکەم قوت ئەدا. پێڵاوە سوورەکەم بە پەیژەی دڵمدا سەردەکەوت. ئەو ڕۆژانەی پێکەنین پڕاوپڕی دەروونم دەڕژایە ناومەوە. ئەوکاتانەی لە کاتژمێرەکەی دەستمەوە گەردنی مانگ و پرچی خۆر دەهاتە سەرشانم. وەکو ئەفسەرێکی جەربەزە بەویقاری سەرکەوتن و پۆستاڵی پڕ لە گوڵەوە دەرکەوتبێتم دەبینرام. هەرچی جرۆجانەوەری مەخلوقە خۆشم دەویست بۆ مێروولەیەك دەکەوتمە سەرچۆك.
چەند نیگەرانی خۆمم دەستی ئەو ڕۆژانەم نەگرت. لێگەڕام تاتویەکی بکوژ دایانپۆشێ. چەندنیگەرانی خۆمم لەکاتی خۆیدا گۆڕانییەکی گوناهباریشی نەوت،چی دەبوو تا مردن ئەم پێکەنینە نەشکێت ؟؟ئەم سەمایە باڵا بکا؟ ئەم ڕووناکییە لەشی پیس نەبێ ؟؟چی دەبوو ئەو ڕۆژمێرە لەدەستمدا سەفتەبکەم ؟؟ چی دەبوو هەر ئەوسا

سارا مەسعود عەبدوڵا

بە تەمەنێکی کەم بەڵام خەرمانێك لەخەڵاتی زێڕینی لە شەترەنج دروێنە کردووە

* **عەبدولستار جەباری**

بۆ یەکەمجارە ژنێکی کەرکوکی و بەتەمەنێکی زۆر کەمەوە . زۆرترین خەڵاتی زێڕین بەدەست بهێنێت وببێتە پاڵەوانێکی جیهانی و بەشداری لە چەندین پاڵەوانیەتی ناو خۆیی و عەرەبی و جیهانی بکات و خەرمانێك لە خەڵات بچنێتەوە ،ئەویش خاتوو« سارا مەسعود عەبدوڵا جەباری»یە کەرکوکییە و لە ساڵی ٢٠٠٢ هاتۆتە دنیاوە ، لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە بەشداریکردووە، یەکەم پاڵەوانێتی لەسەر ئاستی عێراق لە شاری سلێمانی بۆ گشت تەمەنەکان بووە و لەنێو ئەو هەموو یاریزانە بەئەزموونانە پلەی چوارەمی وەدەست هێناوە. یەکەم ڕاهێنەری باپیری بابی دایکی (عەلی حەمزە) بووە،
کە یەکەم ناوبژیوانی نێودەوڵەتی شاری هەولێر بوو. هەریەك لە(خۆمەریکی جۆرج و کاردۆ ئاکۆ و وەحیدە میلادی و بەهزاد زینەدین) ڕاهێنەرانی سارا بوونە. لە زۆربەی پاڵەوانیەتیەکانی یانەی خانزادی تایبەت بە یارییەکانی شەترەنج بەشداریی کردووە توانیویەتی پلەی یەکەمی ئاستی کچان بە دەست بهێنێت، لە ئاستی ٣ و ٤ کوڕانیشی بە دەست هێناوە.
لە ساڵەیلی ٢٠١٣ بەشداری کردووە لە یەکەم پاڵەوانێتی جیهانی و نێودەوڵەتی بۆ تەمەنەکان لە وڵاتی ئیماراِت .
لەو پاڵەوانێتییە توانی ببێتە پاڵەوانی عێراق بۆ کچانی ژێر ٢٠ ساڵی.
لە ساڵی ٢٠١٨ بەشداری پاڵەوانێتیی وڵاتانی عەرەبی کردووە، کە لە وڵاتی تونس ڕێکخراوە لە گرووپی ٢٠ ساڵی بەشداری پاڵەوانێتیەکەی کردووە، لە کاتێکدا سارا تەمەنی تەنها ١٦ ساڵ بووە، و پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە و خاوەنی میدالیای زێڕ و نازناوی WIM پلەی مامۆستای نێودەوڵەتی و نۆرمی بەدەست هێناوە، WGM مامۆستای گەورە
لە پاڵەوانێتی خەزەر لە وڵاتی ئێران پلەی پێنجەمی بە دەست هێناوە.
لە ساڵی ٢٠١٩وەکو پاڵەوانێتیی تیمی وەك تیمی کچانی یانەی خانزاد توانیویانە پلەی یەکەمی عێراق بە دەست بێنین ، هاوکات بەشداریان کردووە لە پاڵەوانێتیی وڵاتانی عەرەب توانیویانە پلەی سێیەم بەدەست بێنین و هەر لەوێ ساراش پلەی دووەم لەسەر ئاستی مێزی دووەم .**Nana Alexandra**
بەشداری پاڵەوانیەتیی لەساڵی ٢٠١٤ لە وڵاتی جۆرجیا کردووە و پلەی دەهەمی بەدەست هێناوە.
، ئێستا خوێندکارە لە کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی سەلاحەدین و هاوکات بەردەوامە لە یاریکردن و بەشداریکردن لە پاڵەوانێتییە ناوخۆ و جیهانییەکان..

برسێتی ئافاتی سەردەمەکان

لە تابلۆی "دوایین دەمەکەوچك" ی بریتۆن ریڤیەر (1880)

رانانی / عەبدولرەحیم سەرەڕۆ

ئەم تابلۆیە بەرجەستەکردنی هەستەوەریەکی ئەفسوناوییە لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵەکان و پەیوەندی بێ هاوتای سۆزو پەیوەستبوونی مرۆڤ بە ئاژەڵەوە ، چونکە مرۆڤ هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ژیانەوە پەیوەندی بە سروشتەوە بە گشتی و بە ئاژەڵەوە بە تایبەت و بە ماڵدارییەوە بە تایبەتتر وێرای گۆڕانکارییەکان هەتا ئەمڕۆ بەردەوامی هەیە، لە بەرامبەردا زۆربەی بونەوەرکان بۆ پاراستنی رەگەز و بەردەوامی و مانەوەیان خۆیان لەگەڵ مرۆڤ گونجاندووەو بوونەتە بەشێکی دانەبراو لە مێژووی مرۆیی، بونەوەرەکانیش بەهۆی دابینکردنی خۆراك و شوێن و پارێزراوییانەوە ناتوانن لە مرۆڤ جیا ببنەوە، هەر بۆیە لە هەموو بارودۆخەکاندا بە نەخوازراوەکانێشەوە هەر لەگەڵ مرۆڤدا هاوبەشن.

کەس نییە بە شێوەیەکی سەرپێی لەم شاکارە بڕوانێت و هەڵوەستەیەك لەبەردەمی نەکات و دواتر سەرنجی زۆر دەخرێتە سەر پەیام و روخساری تابلۆکەو بینەر سەرسام دەبێت لەبەردەم شارەزاییەکی تەواو لە تویکاری، جێپەنجەیەکی دیار لە وردو درشتی پەیامێك بۆ مرۆڤایەتی، بە بۆیەی زەیتی لەسەر پارچە پەڕۆیەك بە قەبارەی (١٧٢×١١٢) سم .. لە هۆڵی هامبۆرگی هونەری لە ئەڵمانیا.

لەم تابلۆیەوە بۆمان دەردەکەوێت بریتۆن ریڤیەری شێوەکار زۆر بە وردی کاری لە بواری توێکاری ئاژەڵان کردووەو زۆرترین بایەخیشی بە جەستەی سەگ داوەو دیقەتی زۆری خستۆتە سەر زمانی جەستەو وەرگێڕانی هەستی ئاژەڵان لە کایەیەکی تایبەتدا، وەك دەبینین ئاژەڵەکان جگە لەوەی تەواوی تابلۆکەیان داپۆشیوە دەوری منداڵێکیان داوەو لەسەر دوایین کەوچك بوونەتە تەوەری بابەتێکی پڕبایەخ کە برسێتییەو بۆتە هۆی شڵەژانی پەیوەندییەکەو پەیامێکی تەواوی پڕ لە کارلێکەری بێ دابڕان بۆ بینەر جێدەهێڵێت، بەبەشکردنی شێوەی روانینی ئاژەڵەکان بە پێی پۆلینکردنیان و دواتر چۆنییەتی سەرنجدانیان لە کاسەکە تێرامانی زۆری دەوێت!

رەنگ لەم تابلۆ سروشتییەدا تەواوی شوێنی خۆی گرتۆتەوە، چونکە خەیاڵ هیچ رۆڵێکی تێدا ناگێڕێت و تەواوی واقعی لەخۆ گرتووە، واتا ئەوەی دەبێتە مایەی خەیاڵ و تێڕامان خودی ئەو ئازارانەن کە لە تابلۆکەدا بەرجەستەکراون.

لەرێی سەکۆی بەردین و دەرگەی ماڵ و دیوارە تەمەندیدەکەو شێوەی زەویەکەوە، هاوبار سەروقژی پێکدا ئاڵۆسکاو و جلوبەرگی کۆن و پێ خاوسی کچۆڵەکە.. هەموو تێکڕا لە هەژاری و برسێتی دەدوێن، لە لایەکی ترەوە سەرنجی گەورەو بچوکی ئاژەڵەکان هەر لە سەگەکانەوە، هەر لە پشیلە رەشەکەی پشت چێوەی دەرگاکەوە.. تا بچوکترین جوجکەڵە هەر یەك بە جۆرێك سەرنجیان کەوتۆتە سەر ئەو کاسەیەی کە دوایین بەشە کەوچك خواردنی تیایە، لێدانی نەرمی فلچەو رێکخستن لە نێوان رۆشنایی و تارمایی و بایەخدانی ورد لە چۆنیەتی دارشتنی ئەو هەموو روانینە بۆ ئەو کاسەیەو نیگەرانی کچۆڵەکەو نیگای سەگەکان لە نزیکەوە بۆ ناو کاسەکەو پاکی دەموپلی کچۆڵەکە بەوەی هیچی لە دەم نەناوە؛ خۆی لە خۆیدا هاوارێکە دژ بە برسێتی، بەڵام ئەوەی بۆتە جێی سەرنجی توێژەرانی شێوەکاریی.. لە دیمەنی کچەکەیە، دەپرسن: بۆ هێندە خەپانەو پڕگۆشتە؟! رەنگە پێمان بڵێ: سەرچاوەی خۆراك لای کێ بوو ئەو لە هەمووان تێرترە.

* بریتۆن ریڤیەری بەریتانی بە رەگەز هۆگیۆنت لە ١٤ ئۆگێست١٨٤٠ لە لەندەن لەدایکبووە، لە ٢٠ ئێپرل ١٩٢٠ هەر لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە. کوڕی ولیام ریڤیەری شێوەکاری بەریتانییە کە بۆ ماوەیەکی زۆر مامۆستای زانکۆی ئۆکسفۆردی بەریتانی بووە.

بریتۆن ریڤیەر زۆربەی تابلۆکانی لە ئەکادیمیای شاهانە نمایشکراون و پەپارێزراوی ماون، بەڵام دواتر هەموو ژیانی بۆ شێوەکاری ئاژەڵان تەرخانکرد، بەوەش هەندێك لە کارەکانی لە مۆزەخانەی میترۆپۆلیتان، تیت، رۆیاڵ هۆڵۆی، زانکۆی لەندەن دانراون.

سەرچاوە
The Last Spoonful _ Briton Riviere

کچە شێوەکارێك باس لە ئەزموونی کارەکەی دەکات



سۆزیار ئەحمەد: هەر کەسێك بەهرەیەکی تێدابوو با پەرە بە بەهرەکەی بدات

سۆزیار ئەحمەد-ی شێوەکار، لە فیچەرێکی تایبەتدا، کە لە بەرنامەی (بەیانی کەرکوك)ـی کەناڵی ئاسمانی کەرکوك پەخشکرا، باس لە وێستگەکانی کاری هونەری شێوەکاری خۆی دەکات و دەشڵێت: ئەو کەسانەی کە بەهرەیەکیان تێدایە، با دوودڵ نەبن و گرنگی بە بەهرەکەیان بدەن، نەك وازی لێبهێنن.

لە بارەی ئەزمونی کاری هونەری وێنەکێشان، سۆزیار ئەحمەد، دەڵێت: من وێنەکێشێکی گەنجم، وەکو حەزو ئارەزووی خۆم، وردە وردە پەرەم بە کارەکەم داو تا گەیشتووم بەم ئاستەی ئێستا کە تابلۆکانم نمایشکردووە».

وتیشی: سەرەتا نەمتوانی کۆلێژی هونەر تەواو بکەم، بەڵام دواتر، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتیم تەواو کرد، دواتر لە ڤیدیۆکانی یوتیوبەوە زیاتر پەرەم بە کارەکەمدا، یاخود ئەو هەڵانەی کە لە کاتی وێنەکێشاندا دەمکردن، توانیم لە رێگای یوتیوبەوە خۆم پێشبخەم، تا گەیشتم بەو ئاستەی ئێستا کە خەڵك تابلۆکانم دەبینن و هەم خۆمیشم هەستی پێدەکەم.

سۆزیار ئاماژە بەوەشدەکات: سەرەتا لە خوێندنگەوە وەکو حەزو ئارەزوو دەستم بە کاری وێنەکێشان کردو مامۆستاکان و خێزانەکەم زۆر پشتگیرییان کردم بەوەی کە بەردەوام بم لە کاری وێنەکێشان».

لە بارەی بەردەوامی و کۆڵنەدان لەو کارەی مرۆڤ دەیکات، سۆزیار ئاشکرایکرد: سەرەتا قسەو قسەڵۆکی خەڵکی وایکرد بۆ ماوەی دوو ساڵ لە کارەکەی ساردو دووربکەوێتەوە، بەڵام دواتر لە ساڵی ٢٠١٧ ـەوە جارێکیتر دەست هونەرەکەی دەکاتەوە.

وەك خۆشی دەڵێت: کار لەسەر رەسانەیەتی و کوردەواری دەکات کە گوزارشت لە گەنجی کوڕو کچی کورد بکات، کە بەشێك لە تابلۆ هونەرییەکانی باس لە ئازارەکانی ژن دەکات کە لە کۆمەڵگا پشتگوێخراون، ئەویش لە رێگای تابلۆکانیانەوە ئازایەتی و قوربانی و جوانییەکانی ژنان دەخاتەڕوو».

رونیشکردەوە یەکێك لە تابلۆ ناوازەکانی بریتییە لە کچێکی کورد کە تفەنگێکی لەشانەو خوشکێکی بچوکی لەباوەش گرتووەو دەیەوێت هەرچۆنێك بێت لە جەنگ و نەهامەتییەکانی بەسەر میللەتەکەمان هاتوون بیپیارێزێت».

سۆزیار وتی: پەنا بەخوا لە داهاتوودا تابلۆی زیاتر دەنەخشێنم و پێشانگایەکی گەورە دەکەمەوە.

لە کۆتایی قسەکانیدا، سۆزیار پەیامێکی بۆ ئەو کەسانە هەبوو، کە بەهرەیەکیان هەیەو وتی: ئەو کەسانەی کە بەهرەی وێنەکێشان یاخود هەر بەهرەیەکی تریان تێدایەو نازانن لە کوێوە دەستپێبکەن و متمانەیان بە خۆیان نییەو پێیانوایە سەرکەوتونابن و شکست دەهێنین، منیش سەرەتا بەشێوەیەکی سەرەتایی دەستمپێکردو دواتر پەرەم بە بەهرەکەمداو گەیشتمە ئەم ئاستەی ئێستا».

لەیلا بەدرخان و سەمای بالیە

عەبدولعەزیز مەجید

ئەگەر سەماکردن بە گشتی بە هێندەی کۆنی مرۆڤ کۆن بێت، ئەوە سەمای بالیە وەك پیشەبوونێکی هونەریی خوێندنگاو پەیمانگای فێربوونی نوێ هەیە، مێژووەکەشی بە بەشێکی مێژووی سەما دەژمێررێت و پەیوەستە بە دەرکەوتنی شانۆوە لە لای یۆنانەکان و ڕۆمانەکان، بەلام خۆی لە خۆیەوە نەبووە بە هونەرێکی سەربەخۆ هەتا دامەزراندنی یەکەم ئەکادیمیای سەماکردن لە پاریس وشەی بالیە Ballef لە وشەی Ballareی ئیتالی وە Ballی لاتینی کۆنەوە هاتووەو بۆتە Ballet کە وشەیەکی فەرەنسیەو هەر لەو سەردەمەوە ئەو ناوەی لێنراوە.

لە سەردەمی ڕێنیسانسی ڕۆشنبیری لە ئەوروپا خەڵکی دەستیانکرد بە گرنگیدان بە جەستەی مرۆڤ و ڕۆڵە گرنگەکەی، ئەمەش وایکرد ئابووری و زانست و ڕۆشنبیری بە خێراییەکی بەرچاو بەرەو پێش برۆن، لە ئیتالیاش کە لانەو لانکەی گەشەسەندنی ڕۆشبیری بوو خەڵکە ئۆرۆستۆکرات و ئەمیرەکان هونەریان وەك ئامرازێك بەکارهێناوە بۆ شانازی کردن بە هێزی ئابووری زیادکردنی دەسەڵاتی سیاسییان و لەنێو خۆیان کێبڕکێیان کردووە لە وەبەرهێنانی پارەو پولیان لە هونەرو ڕۆشنبیریدا ، بە هۆی ئەمەشەوە هونەر لەو سەردەمەدا گەشەسەندنێکی بێوێنەی بە خۆیەوە دی و لەژێر یاسای ئەم پێشینە مێژووییەدا سەمای بالیە لە کۆشکەکانی ئیتاڵیا لەسەر بنەمای (سەمای میللی) سادە دامەزراو لە یاریکردنێکی سەماوە بووە هونەرێکی خاوەن شێوازو جووڵەی دیاریکراو.

بالیە لە سەرەتادا سەمایەکی سادەو ساکار بووە بۆ کات بەسەربردن و تەنانەت ئەمیرو ئۆرۆستۆکراتەکانیش لە کۆشکەکانداو لە کاتی خوانە گەورەکانیاندا ئەم سەمایەیان کردووە ناویان لێ ناوە (بالیەی نێو خوانەکان) لە سەدەی پانزەدا شای فەڕەنسا چارلسی هەشتەم بە سوپاکەیەوە چووە ئیتاڵیاو زۆر سەرسام بوو بە سەمای (بالیەی نێو خوانەکان) وە ئەم هونەرەو هونەرمەندەکانی برد بۆ فەڕەنسا ، ئەوە بوو لە زەماوەندی خوشکی شازادەی فەڕەنسا یەکەم و گەورەترین شانۆی سەمای بالیە نمایش کرا بە ناونیشانی (بالیەی کۆمیدی شازادە) کە لە دانانی مۆزیسیان مامۆستایەکی سەمای بالیەی ئیتاڵی بوو.

ئیتر سەمای بالیە لە سەدەی حەڤدەهەمەوە بووە بەشێکی سەرەکی ژیانی کۆشکەکانی فەڕەنساو بە تایبەتی لویسی سیانزەو چواردە عەشقی ئەم سەمایە بوون، بە تایبەتی لویسی چواردە تا ئەو ڕادەیەی خۆی بەشدار دەبوو لە سەماکانداو ڕۆڵی پاڵەوانەکانی لە بیست و شەش سەمای بالیەی گەورەدا بینیوەو سێ مامۆستای گەورەی بۆ ئەم هونەرە تەرخانکرد بۆ ئەوەی بەردەوامی لە بالیەو بەردەوام ڕاهێنان بکەن لە سەمای بالیەدا.

ئەوە بوو لە ساڵی ١٦٦١ زاینیدا فەرمانێکی دەرکرد بە دامەزراندنی یەکەم خوێندنگای سەماکردن لە مێژووی بالیەدا بە ناوی (ئەکادیمیای نیشتیمانی شاهانە)وە هەر لەو خوێندنگایەدا دانان و ڕێکخستنی داهێنانەکانی سەمای بالیە دانراو جووڵانەوەکانی دەست و قاچ دیاریکران و ئەم ڕێسایانەش هەتا ئەمڕۆ بەردەوامن لە نیوەی دووەمی سەدەی حەڤدەهەمدا هونەری سەمای بالیە لە کۆشکەکان هاتە دەرەوەو چووە سەر تەختەی شانۆکان

لەیلا بەدرخان

و بووە هونەرێکی شانۆیی هەر ئەوە بوو وای کرد کە کۆمەڵێك ئەکتەری لێهاتووی نمایشی بالیە دەرکەون، بەڵام هەر هەموویان پیاو بوون هەتا ساڵی ١٦٨١ لە هۆڵی ئۆپرا لە پاریس شانۆیەك بە ناونیشانی سەرکەوتنی خۆشەویستی نمایش کراو یەکەم سەماکاری بالیەی ژن لەسەر شانۆ دەرکەوت ئەویش جیان فاندن بووە یەکەم بالیدینا لە مێژوودا. هەروەها لە پاشان چەندین ژنی سەماکاری گەورە دەرکەوتن بوونە ئەستێرەی سەما لە ئەوروپاو ئەمەریکا.

ئەم ژنانەی بەناوبانگ و ناودار بوون لە مێژووی سەمای بالییە لەو سەردەمە دەرکەوتن کە مێژوویەکی پرشنگ داریان هەبووە لە سەماکردن جۆزڤین بیکەر سەماکارو گۆرانیبێژو ئەکتەری ئەمەریکی ڕەش پێست کە چەندین بڕوانامەو ڕێزلێنانی لەسەر ئاستی فەرەنسا وەرگرتووە پەناهەندەیەکی ئەمەریکی بوو کە لە دەست ڕەگەزپەرستەکان ڕایکردوە کە دژی ڕەش پێستەکان کردوویانە ئەمەریکای جێهێشتووە لە پاڵ سەماو گۆرانی بەشداری بزوتنەوەی یاسای مەدەنی کردو لە ئەمەریکا. لە ٣ی یونیو ١٩٠٦ لە سانت لویس لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەدایك بووە لە ١٢ی ئەبریل ١٩٧٥ لە نەخۆشخانەی بیتی سالبترير لە پاریس کۆچی دوایی کردووە لە گۆڕستانی پیاوە ناودارە گەورەکانی فەرەنسا نێژراوە (بانتیون) گۆڕستانی ئەستێرەو داهێنەران فەرەنسییە.. کە لە تەك ناودارەکان ساری کوردی وە نووسەر فیکتۆر هۆگۆ یەکەم ژنە ڕەش پێست بوو لەم گۆڕستانە جوزفین بیکە بوو بە شەشەم ژن لە ٨٠ پاڵەوانی نیشتمانی.

لەیلا بەدرخان ئەو ژنە کوردەی شان بەشانی ئەم ژنە هونەرمەندە سەمای کردوە وە لەگەڵ تیدا بارای ئەکتەرو ئیلیزابێت نووسەر لەم سەردەمە سەمای کردوە لەم سەردەمە ئەم ژنانە بەناوبانگ و ناودار بوون لە وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا..

لەیلا بەدرخانیش لەم سەردەمە لەم ڕیزبەندیەدا بووە. لەیلا بەدرخان لە ساڵی ١٩٠٨ لە ئەستەنبوڵ لەدایك بووەو شوێن خولیاو ئاواتەکانی کەوت لە ئەستەنبولەوە بۆ میسر پاشان بۆ وڵاتانی ئەوروپا ئەو شازادەیەی کوردستان لەوێ بووە بە ئەستێرەی سەمای ئەوروپا لە ساڵی ١٩٨٦ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردوە کچی عەبدولڕەزاق بەدرخان بەگ بووە، لەیلا کچێکی هەیە بە ناوی ناڤین کە لە فەرەنسا دەژی وەك ڕۆژنامەوان کاردەات لەبەرئەوەی باوکی کونسوڵ بووە لە زۆر وڵات ژیاوە لەیلا بەدرخان دوای ئەوەی لە ئەڵمانیا خوێندنگای بەرزی هونەری بالییە تەواو دەکات، لەیلا بەدرخان یەکەم ژنە سەماکاری کوردە لە ساڵی ١٩٢٦ وەك ژنە سەماکارێکی کورد دەرکەوتوە لە سەر شانۆکانی وڵاتانی ئیسپانیا، بەلجیکا، فەرەنسا، ئەمەریکاو سەرجەم وڵاتانی ئەوروپا سەمای کردوە، سەرەڕای تەکنیکەکانی سەمای بالیە لەیلا جۆرێکیش لە سەمای ئوریەنتالی تێکەڵاوی کارەکانی خۆی دەکرد.

بەمەش دەبێتە جێی سەرنجی میدیاکان و هونەرمەندەکان و بینەرەکانی ئەوکات ئەگەر لە پاریس یان بەلجیکا نمایشی کردبایە ڕۆژنامەکان چەند مانگێك پێشتر هەواڵی نمایەشکانی بڵاودەردەوە لە ڕۆژنامەکان بە شازادەی کوردستان ناوی دەبرا.

لە رۆژنامەکانی ئەودەم زۆر بەسەرسوڕمانیەوە باسی لەش و لارو جوڵەی ڕیتمی لەیلا دەکەن بە شاژنی سەمای دادەنێن هەمیشە بە شازادەی کوردستان ناوهێنراوە.

هونەرمەند زاهیر عەبەڕەش کە بەدواداچوونی بۆ کارەکانی لەیلا بەدرخان کردووە لە سوید دەڵێت هۆکاری دەرنەکەوتنی لەیلا لەو سەردەمە هیچ ئەنستیتویەك نەبووە ئەرشیفی کارەکانی بکات دەوڵەتی تورکیش هەوڵی دابوو نازناوی کوردی لێبکاتەوە کارەکانی بە شێوەیەکی سیستماتیکی ئەرشیف نەکراوە جگە ڕۆژنامەکانی ئەو سەردەمە نەبێت کە بە زمانی ئەوروپای نوسراوە بوە دەڵێت ئەو خانمە یەکەم سەماکاری کورد بووە تا ئێستا لە هیچ پارچەیەکی کوردستان سەنتەرێك یان زانکۆیەك بەناوی نەکراوە زۆر گرنگە سەنتەر یان خوێندنگایەکی بالیەیان سەما بە ناوی لەیلا بەدرخان بکرێت لە کوردستان بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوی ئەم هونەرمەندە سەمازانە گەورەیەی کورد.

جۆزفین بیکەر

کەرکوك و مەترسی لەدەستدانی ناسنامەی شاربون

پێشەنگ شێخ بورهان چوارداخی

کـــەرکـــوك یـەکـێـکـە لـەو شارەدەوڵەمەندانەی لەروی یەدەگی نەوتەوە یەکێکە لە شـارە هـەرە دەوڵـەمـەنـدەکـانـی جیهان بـەڵام تـەمـاشـای نـاو شـاری کـەرکـوك بکەین دەبینین کـەرکـوك هیچ خـزمـەت گـوزاریـەکـی تێدانیـە و لـەهـەمـوو رویـەکـەوە فـەرامـۆش کـــــراوە و خـەڵـکـەکـەشـی تارادەیەك زۆربەی هـەژارن ،لێردا تەنها باسی داهـاتـی یەك مانگی نـــەوتـــی کـــەرکـــوك دەکـــەم کـە بـەپـێـی ئـەو سـەرچـاوانـە بۆ داهـاتـی نـەوتـی کـەرکـوك بەشی هـەمـوو عـێـراق دەکـات بـەزیـادەوە و دەتـــوانـــرێ ژێـرخـانـی وڵاتـــی پێ ببوژێتەوە بەڵام چونکە کەرکوك بۆتە سـەنـتـەری ملمـلانـێ ناوخۆی و دەرەکـیـەکـان و ململانێی نێوان هـەرێـمـی کـوردسـتـان و بـەغـدا و هـەرکـەس دەیـەوێ نـەوتـەکـە بەدەست بێنی نەك بەدەست هێنانی دڵی کـەرکـوکـیـەکـان بەخزمەت کـردنـیـان ،ببینـن سـەرهـەمـوو کـوچـەو کـۆڵانێـکـی ئـەم شـارە زێڕینە دێرینە پڕە لە خۆڵ و خاشاك و پیسی کە دەبێتە هۆی پیس بونی ژینگەو بـڵاوبـونـەوەی نەخۆشی مەترسیدار ......

ببینـن داهـاتـی یـەك مـانـگـی کـۆمـپـانـیـای نـەوتـی بـاکـور کـەرۆژانـە (٣٥٠٠٠٠)سـێ سـەدوو پەنجاهەزار بەرمیل نەوت رەوانەی بـەنـدەرەکـانـی جیهان دەکـات لـەرێـگـەی کـۆمپانیای (سـۆمـۆ)وە بـەبـری($٨٢)و کـولـفـەی سۆمۆش ($١١)ە واتە لە هەربەرمیلێك ($٧١) دەمێنێتەوە بۆ حکومەتی عێراق کـە دەکـاتـە ($٢٤٨٥٠٠٠٠) لـەیـەك رۆژدا وەلـە مـانـگـێـك دەکاتە ($٧٤٥٥٠٠٠٠٠)،هـەرێمـی کوردستانیش لە کێڵگەکانی خـورمـەوڵـە کـە کـۆمـپـانـیـای کـار دەسـتـی بـەسـەرداگـرتـوە لەرۆژێکدا (١٥٠٠٠٠)بەرمیل نەوت بـە ($٣٠) دەفـرۆشـێ لـەرێـگـەی تورکیاوە ،ئێستا پرسارێك درست دەبێ بۆ سـی دۆلار ؟ چونکە لەهـەرێمـی کوردستان کولفەی دەرهێنانی نـەوت زیاتر لە ($٥٠) لـەسـەری دەکـەوێ ئەمەش لەسەر حیسابی کـەرکـوکـیـەکـان کـە لەمانگێکدا هەرێمی کوردستان بـــڕی ($١٣٥٠٠٠٠٠)ی دەســـت دەکەوێ لە کێڵگە نەوتیەکانی کەرکوك ،تەماشاکەن خەڵکی بـەش مەینەتی کـەرکـوك بزانن بەغدا چۆن لەسەر حیسابی ئێمەو داهاتی کەرکوك خۆی پڕ چەك دەکـات بـۆ ئـەو رۆژەی بمانەوێ داوای حەقی خۆمان بکەینو بێتو دووبارە ئەنفالمان بکات، سەرانی هەرێمیش لـەدورەوە تەماشابکەن و جــادەی ســەدوو بـیـسـتـی و سـەدوپـەنـجـایـی لـەسـەر حیسابی خوێنی کەرکوکیەکان دروست بکەن و پێمان پێ بکەنن و بڵێن کـەرکـوك کـەی شـارە،لـێـرەوە دەڵێم ئەگەر ئێوە کەرکوکتان بـەلاوە گرنگ بوایە لەو داهاتە زۆرەی کـەدەسـتـان دەکـەوێ مـانـگـانـە ($١)یـەك دۆلارتـان بـۆکـەرکـوك سـەرف بـکـردایـە ئێستا کـەرکـوك ناکەوتە ژێر هەڕەشەی لەدەست دانی ناسنامەی شار بون،گـەرکـەسـی شیاو ئەم ئیدارەی شارەی بەڕێوە ببردایە ئێستا کەرکوك نابوو بە زبڵدان،بۆیە هیچ قـەیـرانـی دارایـی نیە بەڵکو قەیرانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاو هـەیـە ،گـەر ئـەم قـەیـرانـە بەردەوام بێ ژیان لەکەرکوك زۆر قورس دەبێ.

هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت لەکەرکوك

فەرهاد هەمزە

دوای ئـەوەی ئینگلیزەکان لە ساڵی ١٩٢٥ رێکەوتنێکی ٧٥ ساڵیان لەگەڵ حکومەتی عێراقدا بەست ئنجا خۆیان سـازدا تـا کـارەکـەیـان بـخـەنـە بـواری جێبەجێکردنەوە .

بـۆ هـەڵـکـەنـدنـی یـەکـەم بـیـرە نـەوت زانایانی کۆمپانیای نەوتی عێراق سەرەتا مەزەندەیان بۆ ناوچەی خورماتوو چوو ئەوەبوو لەساڵی ١٩٢٦ یەکەم نێردەی جیۆلۆجی بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر(دۆپۆخ)بە١٢ دەزگای هەڵکەندنەوە لەناوچەیەکی نزیك خورماتوو خێوەتیان هەڵدا، لە ١٩٢٧/٤/٥ وبەئامادەبوونی مەلیك فەیسەڵ یەکەمین بـیـری نـەوت لـەو نـاوچـەیـە هـەڵـکـەنـرا ،پاشان سیانی تریش لێدرا بەڵام هیچیان سەرکەوتوو نەبوون .

دوای چـەنـد تـاقـی کـردنـەوەیـەکـی سـەرنـەکـەوتـوو ئـەنـجـوومـەنـی ئـیـدارەی کۆمپانیای نەوتی عێراق دووچـاری بێ ئومێدی بوولەئاست بوونی نەوت دا ، لەم بوارەدا ببونە دووبەرەوە بەرەیەکیان لەگەڵ ئەوەدا بوون هیچ بیرێکی ترهەڵنەکەنرێ ، بـەرەکـەی تریش وایـان بـەچاك زانی بـەردەوام بن لەسەر هەڵکەندن ، دواجار پسپۆرێکی جیۆلۆجی بەناوی (ترۆبریدج) هاتە ناوچەکەوە ولەدواییدا راپۆرتێکی بۆ سەرووی خۆی نووسی زۆربەدڵنیاییەوە باسی لەبوونی نەوت لە باباگوڕگوڕی کەرکوك دەکـرد، ئـەوە بـوو لـە ٣٠ی حـوزەیـرانـی ١٩٢٧دەسـت کرا بەهەڵکەندن ، لەنیوە شـەوی ١٤ی ئـۆکـتـۆبـەر قـووڵـی بیرەکە ٤٦٤مـەتـری تێپەڕکرد ، بـەڵام بەهۆی هەڵەیەکی تەکنیکییەوە کە روویـدا نـەوتـی ژێر زەوی فیچقەی کـردو هەرچی دەزگـای هەڵکەندنەکە هەیە فرێی داو گەیشتە بـەرزی زیاتر لـە ٦٠مـتـر رۆژانـە ٧٥ هـەزار بەرمیل نـەوت بەقوڵی نیومەتر بەشیوێکی ئـەو دەڤـەرەدا دەڕۆێ، لـەوەوە ئەوشێوە ناونرا شیوی نەوت کە دەکەوێتە نزیك گوندی شۆراو گورگە چاڵەوە ، بەپێی ئاماری ئەوکاتە زیاتر لە ٦٠٠هـەزار بەرمیل نەوتی تێ رژابوو .

لەئەنجامی ئـەم رووداوە ئەندازیارێکی ئینگلیز وچەند کرێکارێك گیانیان لەدەست دا ،نۆ رۆژ بەم شێوەیە نەوت هەر دەڕۆیـی تالە٢٣ی ئۆکتۆبەر لەسەعات ٣ی شـەو توانـرا کۆنترۆڵ بکرێ ، لەئایاری ١٩٣٤دەست کرابەقوڵ کردنەوەی بیرەکە تا ٦٠٧م .

بـەم چەشنە چیرۆکی دۆزیـنـەوەی نـەوت لـەبـابـاگـوڕگـوڕ چـوە نـێـو لاپـەرەکـانـی مێژوووەوە ولەو رۆژەوە عێراق بووە وڵاتێکی نەوتی.

ئەم بیرە ناونرا بیری ژمارە (١)تاساڵی ١٩٤٠ بەرهەمی هەبوو ، لەوەبەدوا بەیەکجارەکی داخـراو لـەبـەر گـرنـگـیـە مێژووییەکەی شوێنەکەی پارێزراوە .

هەڵکەندنی یەکەم بیری نەوت لە کەرکوك ١٩٢٧/١٠/١٤

لە ئەرشیفی/ فەرهاد هەمزە

بیری ژمارە (١) دوای وشکبونی لە چلەکانی سەدەی رابردوو

لە ئەرشیفی/ فەرهاد هەمزە

مێژووی تەلەفزیۆن لە کەرکوك

سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)

(بەشی دووەم)

لە دوای پرۆسەی ئازادی عیراق لە ساڵی (٢٠٠٣)ی زاینی، وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە سەرتاپای عیراق، کە گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی ژیان بە چاك و خراپ رووی داوە. هەندێك دەروازە و دەرگاکانی ژیانی مرۆڤایەتی چوونە سەر بارێکی تر. ئازادی لە بواری ڕاگەیاندن، دەرگای واڵاکرد لە بواری تەلەفزیۆن و سینەما و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەموو لایەن و حیزبەکان کەوتنە هەنگاوان بەوەی خاوەن تەلەفزیۆن و کەناڵی تایبەت بە خۆیان هەبن لەو بوارەدا گەلێك تەلەفزیۆن و کەناڵ پەخشی خۆیان دەست پێکرد.

کەرکوکیش وەکو شارەکانی تری عیراق و کوردستان، چەندان تەلەفزیۆنی لۆکاڵی و کەناڵی ئاسمانیی کرانەوە، کە بەشێکی زۆری سەر بەحیزبەکانی کوردستان و حیزبە عیراقییەکان بوون وەکو:

١- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی کەرکوك کە زمان حاڵی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان بوو.

٢- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی (باوە گوڕگوڕ): کە زمان حاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو.

٣- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی تورکمان ئیلی کە زمان حاڵی بەرەی تورکمانی عیراق بوو.

٤- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی ئازادی کە زمان حاڵی حیزبی شیوعی کوردستان بوو.

٥- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی تورکمان یۆڵ.

٦- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی نور

٧ تەلەفزیۆنی ناوخۆیی (النبا).

٨- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی (u.tv)ی یەکگرتوو.

٩- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی کەرکوك سپۆرت

١٠- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی العراقیە.

١١- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی کەلار.

١٢- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی ئاییندەی کەلار.

١٣- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی کۆمەڵ لە گەرمیان.

١٤- تەلەفزیۆنی (u.sport)ی یەکگرتوو.

١٥- تەلەفزیۆنی سپێدەی ناوخۆیی.

١٦- تەلەفزیۆنی چرا.

١٧- تەلەفزیۆنی (u.kids)ی یەکگرتوو.

١٨- تەلەفزیۆنی (u.document)ی یەکگرتوو.

١٩- تەلەفزیۆنی ناوخۆیی ئازادی حیزبی شیوعی کوردستانی، لەدوای پرۆسەی ئازادی عیراق و رزگارکردنی کەرکوك لە ساڵی ٢٠٠٣ی زاینی و دواتر لە ساڵی ٢٠٠٤ لە کۆبوونەوەیەکی کادرانی سنووری کەرکوك، هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتیی (ی.ن.ك) بڕیاریدا کەناڵی لۆکاڵی تەلەفزیۆن لەسەر چەناڵی (١٠vhs) بە زمانە سەرەکییەکانی کەرکوك پەخش بکات.

ڕۆژی ٢٠ی ئاداری ٢٠٠٤ی زاینی لە ڕێو ڕەسمێکی شایستەدا بە ئامادەبوونی لێپرسراوی مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی کەرکوك و لێپرسراوی ناوەندی ڕاگەیاندن، لەلایەن پارێزگاری کەرکوك، تەلەفزیۆنی کەرکوك بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و سریانی دەستی بە پەخشکردنی بەرنامەکانی خۆی کرد.

لە چوارچێوە گشتییەکەیدا تەلەفزیۆنی کەرکوك بەرنامەکانی هەمەڕەنگ بوون: سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری، وەرزشی، زانستی، دۆکۆمێنتاری، ئەدەبی، ڕۆشنبیری، پەخش دەکرد.

لە سەرەتادا نووسەر عارف قوربانی وەکو بەڕێوەبەری تەلەفزیۆنی لۆکاڵی کەرکوك دەستنیشان کرا، لە دوایدا نزار خەسرەو بووە بەڕێوەبەری کەناڵە ناوخۆیی و لە ماوەیەکیش وەکو سەرپەرشتیاری کەناڵی ئاسمانیی کەرکوك بەردەوام بوو..

هەواڵەکان ڕۆژانە پێنج جار هەواڵی سەرەکی هەبوو بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و کلدو ئاشووری و ئینگلیزی و ڕاپۆرت و ڕیپۆرتاژ: پەیوەندی بە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و خزمەتگوزارییەکانەوە هەبووە، هەروەها لە ماوەی پەخشی تەلەفزیۆنیدا شریتی هەواڵەکان بە زمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی و ئینگلیزی دەڕۆیشت.

بەرنامەکانی تەلەفزیۆنی ناوخۆیی کەرکوك بەم جۆرە بوو:-

١-بەرنامەی هەڵۆکان:- بەرنامەیەك بوو هەر جارە و باسی لە ژیاننامەی شەهیدێك دەکرا.

٢-بەرنامەی تیشك:- بەرنامەیەك بوو ١٥ ڕۆژ جارێك ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرا پەیوەندی بە ڕووداوە سیاسییەکانی کەرکوك و کوردستان و عیراقەوە هەبوو.

٣-ناو بەناو بەرنامەیەك دیداری تایبەت کە پەیوەندی بە ڕووداوێکی گەورەوە هەبوو، پێشکەش دەکرا.

٤-بەرنامەی پرد، بەرنامەیەکی هەفتانە بوو، پەیوەندی بە ڕووداوە سیاسییەکانەوە هەبوو کە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کەرکوك و دۆخی سیاسی کوردستان و عیراقەوە هەبوو.

٥-بەرنامەی دیرۆك:- بەرنامەیەکی تۆمارکراو بوو، ١٥ ڕۆژ جارێك پێشکەش دەکرا، گرنگی دەدا بە مێژوو شوێنەوارە مێژووییەکانی کەرکوك و دەوروبەری و هاوکات گرنگی دەدا بە پێگەی ژیان و ڕووناکبیری هاوبەشی نەتەوەکانی کەرکوك کە لە ئامادەکردنی سمکۆ بەهرۆز و پێشکەش کردنی کاوە محەمەد بوو.

٦-بەرنامەی ڕات چییە:- بەرنامەیەك بوو، ١٥ ڕۆژ جارێك پێشکەش دەکرا، ڕاستەوخۆ لەناو شەقام و گەڕەك و بازاڕەکان ڕای خەڵکی لەسەر ڕووداوێك یان هەڵوێستێکی سیاسی وەردەگیرا.

٧-بەرنامەی شەبەنگ ئەم بەرنامەیە تایبەت بوو بە ژنان، ١٥ ڕۆژ جارێك بە تۆمارکراوی پێشکەش دەکراو هەر جارەو لەسەر بابەتێك گفتوگۆ دەکرا و بانگێشتی چەند میوانێك دەکرا بۆ ستۆدیۆ.

٨-بەرنامەی ئۆڵۆمپیك:- بەرنامەیەکی وەرزشی بوو، ١٥ ڕۆژ جارێك ئامادە دەکرا، لەم بەرنامەیەدا هەموو چالاکییە وەرزشییەکانی ناو شاری کەرکوك و دەوروبەری پێشکەش دەکرا، پاشان چەند جارێك وەرزشوانێك بانگهێشتی ستۆدیۆ دەکرا، بینەرانیش دەیانتوانی ڕاستەوخۆ بەشدار ببن و پرسیارو تێبینی خۆیان دەبڕن بەرامبەر میوانەکە و ئەو بابەتەی کە گفتوگۆی لە بارەوە دەکرا.

٩- بەرنامەی میلۆدی:- بەرنامەیەکی هونەری بوو، ١٥ ڕۆژ جارێك پێشکەش دەکرا، هەرجارە و هونەرمەندێك یان چەند هونەرمەندی بانگێشت دەکرا بۆ ستۆدیۆ و تیپێکی میوزیکی تایبەت بە بەرنامەکەیشی هاوکاری هونەرمەندە میوانەکانیان دەکرد، ئەم بەرنامەیە زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان و دەرەوەی کوردستانی بەسەرکردۆتەوە.

١٠-بەرنامەی ڕەنج و هیوا:- ئەم بەرنامەیە بە تۆمارکراوی ١٥ ڕۆژ جارێك پێشکەش دەکرا، لەم بەرنامەیەدا هەموو ئەو کەسانەی بەسەر کردۆتەوە کە کەم ئەندام بوونە یاخوود بە هەرمیەکی تێدا بووە و بەسەر نەکراوەتەوە.

١١-بەرنامەی (سێبەری ئیسلام):- بەرنامەیەکی ئاینی هەفتانە بوو، هەر جارەو لەسەر بابەتێکی ئاینی، ئەو بەرنامەیە پێشکەش دەکرا.

١٢-بەرنامەیە (گوڵزار ساس):- بەرنامەیەکی هونەری تورکمانی بوو، ١٥ ڕۆژ جارێك پێشکەش دەکرا بە زمانی تورکمانی، هەر جارەو میوانێکی تورکمان دەبووە، میوانی بەرنامەکەو تیپێکی میوزیك تایبەت بوو بە بەرنامەکەوە..

١٣-بەرنامەی (سەمای پەپولەکان):- هەفتەی سێ بەرنامەی تۆمارکراوی پێشکەش دەکرد، کە سەردانی باخچە و خوێندنگاکانی شاری کەرکوك و دەوروبەری دەکرد. یان هەندێك جار بەرنامەی هەفتانەی ڕاستەوخۆی لە ناو ستۆدیۆ پێشکەش دەکرا و منداڵان بە پەیوەندی بەشداری بەرنامەکەیان دەکرد.

١٤- بەرنامەی (تابلۆ):- بەرنامەیەکی تۆمارکراو بوو، هەفتەی سێ جار پێشکەش دەکرا، تایبەت بوو بە فێرکردبوونی وێنەکێشان بۆ منداڵان.

١٥- بەرنامەی (هاتووچۆ):- ئەم بەرنامەیە (١٥) ڕۆژ جارێك ڕاستەوخۆ پێشکەش دەکرا، هەر بەرنامە و میوانێك بۆ ستۆدیۆ بانگهێشت دەکرا بۆ گفتوگۆ کردن لەسەر ڕێنماییەکانی و کێشەی هاتووچۆ.

١٦-بەرنامەی (باڵانس):- بەرنامەیەکی هەفتانەی ڕاستەوخۆ بوو.

١٧-بەرنامەی ڕەهەندی چوارەم. البعد الرابع: بەرنامەیەکی هەفتانەی تۆمارکرا بوو بەزمانی عەرەبی، تیشکی دەخستەسەر ئەو بابەتە گرنگانەی تایبەت بوون لە کوردو کوردستان کە لەرۆژنامە و گۆڤارەکاندا بلاوەدەکرانەوە.

١٨-بەرنامەی (کەلتوورو جیاوازی):- بەرنامەیەکی فیکری و ئەدەبی بوو ١٥ ڕۆژ جارێك پێشکەش دەکرا، هەر جارەو لەسەر بابەتێك لەگەڵ نووسەرێك یان ڕەخنەگرێك چاوپێکەوتن و گفتوگۆ دەکرا.

١٩-بەرنامەی (هەنبانە):- بەرنامەیەکی پێشبڕکێی تۆمارکراو بوو، ١٥ ڕۆژ جارێك پێشکەش دەکرا، هەر جارەو سێ

ژمارە (٦) تشرینی یەکەم ٢٠٢١

گرووپ بانگهێشتی ستۆدیۆ دەکران و پرسیار ئاراستەی گرووپەکان دەکرا.

٢٠-بەرنامەی (گەشتی ژیان):- بەرنامەیەکی تۆمارکراو بوو، مانگی جارێك پێشکەش دەکرا، هەر جارە و کەسایەتییەکی شاری کەرکوك بەسەر دەکردەوە و باسی ژیانی دەکر لە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی (سمکۆ بەهرۆز) بوو.

٢١-بەرنامەی (ژیانی لادێ):- بەرنامەیەکی تۆمارکراو بوو، هەر ١٥ رۆژ جارێك پێشکەش دەکرا، باسی ژیانی لادێکانی دەوروبەری کەرکوکی دەکرد، لە ئامادەکردن و پێشکەش کردنی محەمەد سەید بوو.

٢٢-بەرنامەی (کتێب دیالۆگ):- بەرنامەیەکی تۆمارکراو بوو، هەر ١٥ رۆژ جارێك پێشکەش دەکرا، هەر جارەو باسی لە کتێبێك دەکرا، پاشان چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەرەکەی دەکرا، لەسەرەتادا د. سەمەد ئەحمەد ئامادە و پێشکەشی دەکرد، لە وەرزی دووەمدا دانا عەسکەر ئامادە و پێشکەشی دەکرد.

٢٣-بەرنامەی (مقال الیوم):- هەموو شەوێك بۆ ماوەی ١٠ خولەك بابەتێکی گەرمی رۆژنامەکان پێشکەش دەکرا.

٢٤-بەرنامەی (نێرگز):- هەفتەی جارێك راستەوخۆ پێکەش دەکرا، ئەو بەرنامەیە بەرنامەیەکی تەرفیهی بوو، هەر جارە و پرسیارێك ئاراستەی بینەر دەکرا، لە کۆتایی بەرنامەکەدا تیروپشك بۆ ئەو کەسانە دەکرا کە وەڵامی راستیان لە ناو بەرنامەکەدا بووە.

٢٥-بەرنامەی (گزنگ): بەرنامەیەکی هونەری تۆمار کراو بوو، ١٥ رۆژ جارێك پێشکەش دەکرا، هەموو چالاکییە هونەرییەکان لەو بەرنامەیەدا پێشکەش دەکرا.

٢٦-بەرنامەی (تەندروستی بۆ هەمووان) ئەم بەرنامەیە بەرنامەیەکی راستەوخۆ بوو، هەر جارەو پزیشکێك بانگێشتی ستۆدیۆ دەکرا، هاووڵاتیانیش بە پەیوەندی پرسیارەکانیان ئاراستەی پزیشکەکە دەکرد لە بواری پسپۆری خۆیدا.

٢٧-بەرنامەی (هەر جارەی گەڕەکێك): بەم بەرنامەیە هەر جارەو باسی لە مێژوویی گەڕەکێکی ناوشاری کەرکوکی دەکرد.

٢٨-بەرنامەی (سەکۆی ئازاد): ئەم بەرنامەیە هەر جارەو باسێکی ناو کۆمەڵگەی دەهێنایە ئاراوە و کۆمەڵێك کەس وەکو سەکۆیەکی ئازد تاوتوێیان دەکرد.

٢٩- بەرنامەی کەشکۆڵ:- ئەم بەرنامەیە بە زمانی عەرەبی ١٥ رۆژ جارێك بە تۆمارکرسوی پێشکەش دەکرا، بەرنامەیەکی هەمەرەنگ بوو.

٣٠- بەرنامەی مۆزایك:- ئەم بەرنامەیە ١٥ رۆژ جارێك پێشکەش دەکرا ، هەر جارەی لەگەڵ هونەرمەندێکی شێوەکار.

٣١-بەرنامەی پێگە:- ئەم بەرنامە ١٥ رۆژ جارێك پێشکەش دەکرا ، باسی لە کێشەی گەنجان دەکرد.

٣٢- بەرنامەی رازی کتێب:- ئەم بەرنامەیە تایبەت بوو بە سەردانی رۆشنبیران و نووسەران و بەسەرکردنەوەی کتێبخانەکانیان و گفتۆکردن لەسەریان.

الانتاج التلفزيوني



كتابة زيد محمود علي

القسم الثاني والاخير

تحديد الغرض من الإنتاج التلفزيوني ، هو خطوة في تحديد أهداف الانتاج وغاياته وهو قبل كل شيء إذا لم يكن هناك اتفاق واضح على أهداف وأغراض الإنتاج ، فسيكون من المستحيل تقييم نجاحه. (كيف ستعرف ما إذا كنت قد وصلت إلى وجهتك ، إذا كنت لا تعرف إلى أين أنت ذاهب في المقام الأول؟) هذه مهمة في تخطيط عملك .وهنالك بعض التساؤلات .. هل الغرض من الإرشاد أو الإعلام أو الترفيه - أو ربما توليد مشاعر الفخر أو التعبير عن حاجة اجتماعية أو دينية أو سياسية؟ هل الهدف الحقيقي هو خلق رغبة لدى الجمهور لاتخاذ بعض وجهات نظره وموقفه من التلفزيون الذي يتابعه ، والاطلاع عليه من خلال الشاشة التي أصبحت حاجة الجميع للتعرف على توجهاتها و الهدف من البث إن كان تجاريا أو اقتصاديا ، أو جذب اهتمام الجمهور من خلال عرض الاعلانات التجارية أو عرض مسلسلات أو برامج يشتاق إليها الجمهور . وقبل كل شيء علينا نحن المشرفين على البرامج أن نحلل جمهورنا الذي نريده أن يكون متابع لبرامجنا ، ونعتمد اولا على اشياء في تحليلنا مثل العمر والجنس والحالة الاجتماعية والاقتصادية والمستوى التعليمي ، ستختلف تفضيلات محتوى البرنامج. وعندها سنعتمد هذه التفضيلات في تحليلاتنا أيضا مثل يجب أن نعرف ذلك الجمهور ومستوياته مثالا على ذلك من هم هؤلاء من محافظة كركوك أو من الإقليم أو من الموصل أو من جنوب العراق، أو ذو اتجاه ريفي أو حضري وغيرها من ملاحظات ، يجب من خلال التحليل ومعرفة متابعينا مراوسة ذلك بحيث نجعل الجميع يتابع برامجنا وليس أن نضعه في مجال ضيق لجهة محددة أو لمنطقة محددة ، بل مراعاة اكثر المناطق ،كما لاحظنا ،علينا أن نشير إلى خصائص الجمهور باسم الخصائص الديمغرافية. يمكننا أن نرى الاختلافات الديموغرافية الإقليمية جزئيا من خلال الاختلافات في البرمجة المحلية في مناطق مختلفة من البلاد - وأحيانا من خلال الأفلام وبرامج الشبكة التي تقرر المحطات المحلية عدم بثها. كانت إحدى أولى الوظائف التي شغلها المؤلف هي تحرير المقاطع الجنسية في الأفلام الروائية التي اعتقدت إدارة المحطة أن الجمهور المحلي (المحافظ إلى حد كبير) سيعترض عليها.

وخاصة أن بعض المسلسلات. الأجنبية المدبلجة تراها جاءت من بلاد أوربية أو آسيوية لها أطوار ونماذج اجتماعية بعيدة عن توجهات مجتمعاتنا ، فما على المشرفين ملاحظة ذلك بدقة وعرض الافلام والمسلسلات بعد تنقيح بعض اللقطات بحيث تتوالم مع واقع مجتمعاتنا هذا ما يجعل قوة التلفزيون في التلاقي مع جمهوره . عندها نكون قد نجحنا في آلية عملنا في مناطق مختلفة وستكون برامجنا جليس كل بيت ، وبشكل عام ، كلما زاد عدد الجمهور المحتمل ، كلما كان الإنتاج أكثر قابلية للتسويق لصاحب كوادر التلفزيون الذين اعدو برامج تلفزيونهم بنجاح وبتمييز . ويمكن علينا دائما تحديد النجاح في مؤسسة التلفزيون الخاص بنا بطريق الاختبار وتقييم البرامج مع ملاحظة ردود فعل المشاهدين

وذلك يدخل ضمن خانة التقييمات التي توضح الارقام وقدرات البرامج التلفزيونية ، وان حياة وموت البرامج التلفزيونية يعتمد على ذلك والتحقق منها وفهمنا للأشياء الصحيحة والموضوعية بجدارة والتلفزيون الناجح هو تلفزيون يقوده اذكياء في مجال الاخراج واقوياء في جذب الجمهور لفنهم .



خالید سەرکار : پێشتر لە گیرفانی خۆمان پارەمان دەدا تاکو کاری تیپەکە رایی بکەین

دیمانە: هەڵمەت هۆشیار

هونەرمەندی موزیسیان خالید سەرکار یەکێکە لەو هونەرمەندە دەگمەنانەی کە بەهێمنی و بێدەنگی کاری موزیکی دەکرد و بەلاّم هەمووجارێك لە شارێك شاکارێکی پێشکەش دەکرد، کەم کەس هەیە لە کارە دانسقەکانی تیپی مۆسیقای سلێمانی گوێی لە ئاواز و موزیکەکانی ئەم هونەرمەندە نەبووبێت، لە دیمانەی بەرنامەی گەوهەورەکانی کەناڵی ئاسمانی کەرکوك بەمشێوەیە دیتە گۆو باس لە کارو هونەر و موزیك دەکات.

- ئێوە لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا لەگەڵ چەند هاوڕێیەك تاندا دەست دەبەن بۆ کارێك کە تا رادەی ئەستەم قورس بووە کۆ دەبنەوە و تیپی مۆسیقای سلێمانی دادەمەزرێنن، بۆیە دەڵێم قورس چونکە قۆناغەکە سەخت و پڕ کێشەو گرفت بوو، چۆن بیرتان لە کارێکی وا کردەوە؟

+ لە شاری سلێمانی پێش ئێمە لە ساڵانی پەنجاکان تیپی مۆسیقای مەولەوی هەبووە، کە هونەرمەند قادر دیلان سەپەرشتی دەکردو هونەرمەند و شاعیر مامۆستا حەمەساڵح دیلان ئەندامی ئەوتیپە بووە، هەورروەها مامۆستاکەی ئێمەش ولیەم یوحەناش لە تیپەدا ئەندام بووە، بۆ سەردەمی خۆی ئەم تیپە خزمەتێکی زۆرباشی مۆسقا و گۆرانی کوردییان کردووە، بەلاّم بەهۆی سەفەری قادر دیلان لە ساڵی شەستەکان بە یەکجاریی بۆ درەوەی ولاّت ئەو تیپە چالاکییەکانی وستاو نەما، بەلاّم ئەندامەکانی تیپەکە لە شاردا مابوو، ئێمەش کۆمەڵێك گەنج بووین وشوێنمان لە چالاکی قوتابخانەکان بوو، هونەرمەند ئازاد شەوقی شێوەکار بەرێوەبەری چالاکی قوتابخانەکان بوو شوێنێکی پێداین بۆ پرۆڤەکانمان، ئیتر ووردە ووردە ژمارەمان زیادی کرد و ناوبانگێکان پەیدا کرد لە شاردا خەڵکێك پێمان ئاشنا بوو، کەسانێکی دەنگخۆش یان کەسانێك ژەنینیان دەزانی یان ئارەزووی فێربوونیان دەکرد هاتن و پەیوەندیان پێوە کردین و ژمارەکەمان گەیشتە نزیکەی پانزەکەس، ئیدی ئێمە بەردەوام پرۆڤەمان دەکرد، مامۆستا ولیەم نۆتەی بۆ دەهێنانین و مامۆستا ئەنوەر قەرەداخیش دوو سێ ساڵێك لە پێش ئێمە بوو سەرپەرشتی خولەکانی هاوینانی دەکرد، تا ساڵی ١٩٦٨ -١٩٦٩ تیپێکی هونەرە میللییەکان لە بەغداوە هاتن لێرە نمایشێك بکەن، ئێمە پەیوەندیمان پێوەکردن و پێشنیاریان کرد ئێمەش نیو کاتژمێرێك ئێوەش چەند بەرهەمێك پێشکەش بکەن، بیرۆکەکەمان لا پەسەند بوو، بەلاّم بە هۆی ئەوەی یەکەمجارمان بوو نمایش بکەین ترسێکیشمان هەبوو، ئیتر ئێمە لەو چەند رۆژەی لە سلێمانی مانەوە لەگەڵیان بووین و ئێمەش بەرهەمەکانی خۆمانمان پێشکەش دەکرد، لێرەوە بیرۆکەی دروستکردنی تیپی مۆسیقای سلێمانیمان لا دروست بوو لەگەڵ تیپی نواندنی سلێمانی تیپەکەمان دروستکرد و مۆڵەتمان وەرگرت بەناوی (تیپی نواندن ومۆسیقای سلێمانی) ئێمە لەو سەردەمە هەر خۆمان لە گیرفانی خۆمان پارەمان دەدا تاکو کاری تیپەکەی پێ رایی بکەین. چەند نمایشمانکرد پێکەوە لەگەڵ تیپی نواندن بەلاّم ئیتر بڕیارماند وەکو تیپی مۆسیقا سەربەخۆ کار بکەین و جارێکی تر داوای مۆڵەتمانکرد لە بەغدا و لە ساڵی ١٩٧٣ مۆلەتەکان وەرگرت.

- ئەو بەرهەمانەی ئەوکات پێشکەشتان دەرکرد بەرهەمە کۆنەکان بوو یان بەرهەمی تازە بوون؟

+ نەخێر بە زۆری کۆن بوو، بەلاّم ناوبەناو هی تازەشمان ئامادە دەکرد.

– جاران لە کاتی تۆمارکردنی بەرهەمەکاندا هەموو ژەنیارەکان پێکەوە لە ستۆدیۆ بەرهەمەکەیان دەژەنی، ئایا ئەمە جۆرێك لە تام و چێژی زیاتری بەبەرهەمەکان نەدەبەخشی؟

+ بەڵێ وایە، ئەمە بە تەنها قسەی من نییە، هونەرمەندی بەناوبانگی عەرەب (محەمەد عەبدول وەهاب) لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: ئەو هەستە و یەکتر بینینە لە کاتی ژەنیندا لە نێوان ستافەکەدا هەیە لە نیو ستۆدیۆ زۆر جیاوازترە لەوە ئێستا سیستمەکە سیستمی تراکە و تاك بە تەنها دەژنێت و بە هیدفۆن گوێ لە ژەنینی ئەوانی تر دەگرێت.

- ئەوهونەرمەندە دیارانەی پێش دامەزراندنی تیپی مۆسیقای سلێمانی کارتان لەگەڵ کردوون کێ بوون ئەگەر بیرت مابێت؟

+ لەسەرەتادا کەسانێکی زۆر نەبوون، تەنها ئەوەیە دەنگیان خۆش بووە و هاتوون، بەلاّم بەردەوامیان نەبووە بەلاّم ئەوانەی بەشێوەیەکی هەمیشەیی بوون بە ئەندام لەگەڵمانا هونەرمەندان (ئیبراهیم خەیات و عوسمان عەلی و حەسەن نەریمان و ئەسعەد قەرەداغی و عەبدولقادر حەسەن و قادر کابان) بوون دواتریش مامۆستا کەریم کابان هات، سەرەتا ئەم هونەرمەندان بوون بەلاّم ووردە ووردە گەنجەکانیش هاتن بۆ نمونە (عەدنان کەریم) یەکێکە لەوان، ووردە ووردە هەنگاوی ناو پاش ماوەیەك عەباس محەمەد لە کەرکوکەوە هات و دوو بەرهەممان بۆی کرد.

- ئەگەر بەراوردێك بکەین لە نێوان تیپی مۆسیقای مەولەوی و سلێمانی ئەکرێت بلێن تیپی مۆسیقای مەولەوی لۆکاڵیتر لە چوارچێوەی سلێمانی کاری کردوە بەلاّم تیپی مۆسیقای سلێمانی ئەو سنورە دەشکێنێت ودێت فراوانتر کار دەکات بۆ نمونە (کار بۆ هونەرمەندە کەرکوکییەکان دەکات، بۆ هەولێرییەکان، یان دەچێتە بەغدا و بەشداری فستیڤاڵ دەکات) ئەمە رێکەوت بوو یان بەرنامەی خۆتان بوو ؟

حیزبی بەعس دەیویست هونەری کوردی ئەگەر پێشانیش بدرێت لە ژێر فەرمان و سێبەری خۆیاندا بێت

+ ئەتوانم بڵێم تیپی مۆسیقای مەولەوی یەکەمین تیپە لەسەر ئاستی کوردستاندا تا رادەیەك ئەکادمیانە دروست بوو، جاران بەرهەمە میللیەکان دەوریان هەبووبەلاّم ئەمان گەنج بوون ئەو تیپەیان دروستکرد، خۆیان فەرمانبەر بوون پێویستیان بە بودجە نەبوو باری داراییان باش بوو، بەلاّم تیپی مۆسیقای سلێمانی هەر لەسەرەتاوە پلانی هاوکاریان هەبوو لەگەڵ هەولێرو کۆیە و رەواندوز و دهۆك ئەوکات لەوێش تیپی مۆسیقا دروست بوو وەکو باواجی کۆیە، هاوکاری تەواو لە نێوانماندا هەبوو، بۆ نمونە ئەگەر لە هەولێر کۆنسێرتمان بکردایە هونەرمەند فواد ئەحمەد لەگەڵ ئێمەدا بوو، مام رەسوڵ گەردی حەزی دەکرد لەگەڵ ئێمە بەرهەم پێشکەش بکات. لە کۆیە تایەر تۆفیق، لەبەغدا و کەرکوك مامۆستا عەلی مەردان، حوسێن عەلی ئەهات لەگەڵمان کاری دەکرد.

- ئێوە ئەو کاتە هیچ بەرهەمێکتان بۆ مامۆستا عەلی مەردان ئامادەکرد؟

- + بەڵێ، یەکەمجار گۆرانی دەفرێیدە دەفرێیدە باوی عەبا نەماوەمان بۆ تۆمار کرد.

- ئێوە لە قۆناغێکی دواتر بیر لە هونەری بەرگری دەکەنەوە و رێکخراوێك دادەمەزرێنن ودواتر دەچنە شاخ و لەوێ سرود و بەرهەمی شۆرشگێڕی تۆمار دەکەن، چۆن بیرتان لەمە کردەوە؟

+ حیزبی بەعس دەیویست هونەری کوردی ئەگەر پیشانیش بدرێت لە ژێر فەرمان و سێبەری ئەودا بێت، بۆیە ئێمە هەمیشە داواکراو بووین بۆ ئەوەی بەشداری بکەین لە بۆنەکانیاندا، هونەرمەندانی عێراق زۆرینەیان لەوە بەشدار بوون، دەیانویست کوردیش راکێشنە ئەوکارەوە، بۆیە بیرمان لە دامەزراندنی رێکخراوێکی هونەری کەلتوری هەم سیاسیش کردەوە بۆ ئەوەی هونەرمەندا پێیان نەخلیسکێت و نەکەونە ناو زەلکاوی رژێمەوە، چونکە بەردەوام لە هەوڵی فریودانی هونەرمەنداندا بوون بە بەخشینی ماڵ و پۆست و سەیارە و...هتد تا گۆرانی و ئاواز بە بالاّی ئەواندا بلێن، بۆیە ئەمە لەگەڵ ئێمەدا نەدەگونجاو ناچار بووین بە هەموو شێوەیەك خۆمان دوردەخستەوە، تەنانەت دەبوو بەر لە تۆماری بەرهەمەکان ئەبوو ئەوان دەقەکان ببینن، ئینجا لە تەلەفزیۆنی کەرکوکی ئەو کات بۆمان تۆمار دەکرا. بۆیە ئەو رێکخراوەمان بە نهێنی دروستکرد و منیش یەکێك بووم لە دامەزرێنەرانی ئەو رێکخراوە، پەیوەندیمان لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندان بەست.

– لە دوای ئەم رێکخراوە تیپی مۆسیقای شۆرش دروست دەکەن ؟

+ بەڵێ لە ساڵی ١٩٧٤ کاتێك بارودۆخ تێکچوو، خەڵکی پۆل پۆل پەیوەندیان بە شۆڕشەوە دەکرد و ئێمەش وەکو هونەرمەندان بڕیارماندا بە ئامێر و کەرەستەی تۆمارکردنی خۆمانەوە پەیوەندیمان بە شۆڕشەوە کرد و پەیتا پەیتا سرودەکانمان بۆ رادیۆ تۆمار دەکرد.

- کێ بوون ئەوانەی ئەو سرودانەیان دەوت؟

- + تیی مۆسیقای سلێمانی بوین، دواتر تیپی باواجی کۆیەش هاتن، بەلاّم دواتر تیپی مۆسیقای شۆرش پێك دەهات لە سلێمانی، باواجی، هەولێر.

گەڕەکەکانی کەرکوک لە روانگەی مێژووەوە

سمکۆ بەهرۆز (ئەژی)

بەشی سێیەم

گەڕەکی زێویە

یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی کەرکوک، مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە، لە گوندێکی مێژووییەوە بۆتە گەڕەکێکی کۆمەڵایەتی و بازرگانی و گەشتیاری لەسەردەمە جۆراو جۆرەکاندا، بەڵام لەگەڵ فراوان بوونی شارو دابڕانی ئاوی خاسە لە گوندەکانی تر بۆتە گەڕەك.

بنەڕەتی ناوەکەی بنەڕەتێکی مێژوویی هەیە، ئەویش ئەو کاتە بێژەتی پێکراوە کە گۆڕانکاری لە بنەرەتی ئەتنۆگرافی و زمانەوانیی لەسەردەمی میدییەکاندا روویانداوە بۆ هەندێك لەو ناوانە ناوخۆیانەی شوێنەکان کە هیندی و ئەوروپی نەبوونە، کە تاوەکو ئێستاکە لە ناو کوردا بەکاردەهێنرێت، وەکو ناوهێنانی (زێویو . زێویە) لە کەرکوك و سلێمانی و هەولێر، کە پاداگرتنە لەسەر ئەو درێژبوونەوە زمانەوانییەی (مانـنا)، ئەویش لە چوار چێوەی شارە بەناوبانگەکەیان (زیویە . زیبیا)، لەگەڵ ولاتی (زامـوا) لە سلێمانی و (ئەرابخا) لەکەرکوك و ئەربیلۆ لە هەولێر.

هەروەها ناوچەی (زێویە) یەکێك بووە لەو ئاقارانەی کە لەسەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیدا پێشوازی لێکراوەو قوربانی زۆری داوە لە پێناو باوەڕبوون بەو ئاینە لەگەڵ بەربەرەکانیان لەگەڵ ساسانییەکان. لە پاشماوەی ئاینی زەردەشتی.

گەڕەکی زێویە گەڕەکێکە هاوسنوورە لە رووباری خاسە و ئیمام قاسم و عاشوور و ئیسکان و گوندەکانی یارولی و سۆنەگۆلی، هەر لەبەر ئەمە خەڵکی زۆری ئەم دوو گوندە لەو گەڕەکەدا نیشتەجێ بوونە.

لەسەروبەندی دوور خستنەوەی مامە رەزای حەقەکان بۆ عەمارە، بۆ پشتگیری لە مامە رەزای حەقەکان رەویان کرد بەرەو کەرکوك و نارەزایی دژی گرتنی، لە ئەنجامی ئەو رێڕۆیشتنەدا، لە رێگەی گەڕەکی زێویەوە هاتنە ناو شاری کەرکوك و لە نزیك ماڵی موتەسەڕیفەوە باریان خست، زۆر لە پیاوانی کوردی ناوشاری کەرکوك بەنهێنی پەیوەندیان لەگەڵ دەکردن و یارمەتیان دەدان. پاشا چەند رۆژێك حکومەت خۆی بە ناچاری بینی کەوا دالدەیەکیان بۆ پەیدا بکات بۆ ئەوەی بییانخافڵێنێ لەو کۆڕەوە و بۆیە چەند خانویەکیان لە گەڕەکی زێویە لە پشت چایخانەی یادگارەوە لە سەر رێی کۆنی سلێمانی بۆ پەیدا بکات، بەشێك لە ماڵەکان چوونە ناو ئەو خانوانە و ئەوانی تریشیان بە ناو کۆڵانەکانی گەڕەکی زێویەدا بڵاوەیان کرد.

ئەم گەڕەکە لە رابردوودا خاوەنی زەوییەکی زۆری کشتوکاڵی بوون، لە هەمان کاتدا زەوییەکی زۆر بەپیت بوو بۆ بەرهەم هێنانی هەموو جۆرە سەوزەیەکی هاوینەو زستانە و خەڵکەکەی شارەزابوون لەو بوارە و داهاتێکی زۆر بۆ کەرکوك بەدەستهێناوە، کە ناعور و کارێزێکی زۆری هەبوو بۆ پێویستی ئاودانی زەوییەکان لە هاویندا یان لەکاتی بێئاویدا، لە هەمان کات بەرهەمەکانیان تام و بۆی تایبەتی خۆی هەبوو.

گەڕەکی زێویە خاوەنی چەندان کەسایەتی و رۆشنبیرو نووسەر و شاعیر و هونەرمەند و پیاوی سیاسی بوونە، رێکخستنەکانی حیزبی شیوعی و پارتی و یەکێتی دەورێکی باڵایان بینیووە لە خزمەتکردنی کەرکوك و بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردیدا، لەو رێگەیەوە چەندان شەهیدیان داوە خوێنیان بەخشیووە بە کوردستان و کەرکوك وەکو: عەزەدین قەرە محەمەد، ئەحمەد گوڵە، فەتحوڵڵا عیزەت ئاغا، عەبدولقادر مەلا عومەر، سیروان عوبێد سەعاتچی و گەلێکی تر وەکو رێژوان فایەق کافرۆشی، تەنانەت لەشەڕی داعشیدا شەهیدیان داوە و نموونەیان زۆرە.

ئەم گەڕەکە خاوەنی مێژوویەکی دوور

و درێژی ئاینییە و گەلێك مزگەوت و تەکیە و خانەقای تێدا بنیات نراوە و هەر یەکەی گەلێك زانا و مامۆستای ئاینی پێگەیاندووە لەوانە: مزگەوتی مەلا عەبدوڵڵا، مزگەوتی ئەحمەد گردە، مزگەوت و خانەقای گومبەتی، مزگەوتی مەلا عەبدوڵڵا لەسەرەتادا مزگەوتێکی بچووك بوو تەنها لەژوورێك پێکهاتبوو کە سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن وەکو خەڵوەتخانە بوو، لەدوایدا گەورە کراوە و بایەخی ئاینی خۆی پێدراوە و ناوەکەی گۆڕاوە بۆ مزگەوتی دڵی باش.

خانەقای ئۆمەر گومبەتی لە کەرکوك زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ لەمەوبەر دروست کراوە، لە پێشدا شوێنەکەی لە نزیك رووباری خاسە بووە لەلای حەسەن گوڵێ کە تەپۆلکە و گۆڕستانێکی بچووك بوو، ئێستا تەختکراوە، بە قوڕ و خشت دروستکراوە، لەسەرەتادا مەلا نورەدین کە یەکێکە لە باپیرە گەورەیان لەو شوێنەدا دروستیان کردووە و لە دوایدا لەم شوێنەی ئێستای لە ساڵی ١٨٥٦ تا ١٨٥٧ی زاینی لەلایەن مەلا عومەر کوڕی مەلا عەبدوڵڵا کوڕی حاجی مەلا ئیبراهیمی عومەر گومبەتی دروستکراوە و تاوەکو ئێستا کە خزمەت بە گەڕەکەی دەکات.

هەر لەم خانەقایەدا کتێبخانەیەکی گەورەی تێدا هەبوو کە چەند جارێك تالان کراوە و سوتێنراوە، لە گرانی گەورەدا کتێبەکانی لە قاڕی بازاڕ هەرزان فرۆشکراوە و بەدەستی خەڵکەوە ئاڵ و وێری پێکراوە.

لە گەڕەکی زێویەدا گەلێك کەسایەتی بەناوبانگ و خاوەنی دیوەخانی تێدا هەبووە کە نموونەیان وەکو حاجی عیزەت ئاغا و نەوەکانی گەلێك خزمەتی ئەم گەڕەکەیان کردووە و فەتحوڵڵای کوڕی لە رێکخستنەکانی حزبی شیوعی بوو، هەر بۆیە رژێمی بەعس سەر نگومی کرد و شەهیدیان کرد، ئەڵماس فازڵی نەوەشیان یەکێکە لە ئەندام پەرلەمانەکانی بەغدا لەسەر لیستی کەرکوك، لە خزمەتکردن بە شاری کەرکوك بێ جیاوازی کار دەکات و لەدوای کێشەکانیاندایە.

حەمەی عەلی ئاغا، عوسمان عەلی ئاغا دوو کەسایەتی ئازاو چاو نەترسی ئەم گەڕەکە بوونە و پیاوی تەنگانە و بەرگریکاری مافەکانی گەڕەك و شارەکەیان بوونە و لە پەنجاکان و حەفتاکاندا رۆڵیان هەبوو بۆ کەسی هەژار و کوردی زوڵم لێکراو.

هەروەها مەلا سدیق باخەوان و عەبدولڕەحمان سدیق، دوو کەسایەتی بەناوبانگی ئەم گەڕەکەن و مەلا سدیق خزمەتی گەورەی کرووە لە بواری کشتوکاڵ، ئاری بابانی شێوەکار کەسایەتییەکی هونەری ئەم گەڕەکە بووە و خێزان و نەوەکانی شەهید و خزمەتیان داوە لە پێناو کەرکوکدا، سدیقە رەش و لەیلای خێزانی لە رێکخسنەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان چالاك و چاو نەترسی مافەکانی کورد بوونە.



فرقة كركوك للفنون الشعبية تواصل عطاءها المتميز

اكملت فرقة كركوك للفنون الشعبية مؤخرا من تسجيل وتصوير (اوبريت كركوك السلام) باللغات الاربعة بمشاركة كل من الفنانين الكوردوالعرب والتركمان والآشور وهم بختيار شيدا و شمايل و اياد ناظم و عبدالله السفان .

وفي هذا السياق قال الفنان والملحن عارف المعاضيدي الذي يدير هذه الفرقة الفنية المتواضعة ان اربع شعراء بمختلف القوميات والاطياف في كركوك شاركوا في كتابة اغاني الاوبريت وهم حسام السبعاوي وشمايل واحمد ابراهيم اوغلو و هڤال دارا ، ومن الحان عارف المعاضيدي ، مثمنا منظمة الغد والبيت الثقافي في كركوك ومنتدى ثقافة وفنون الشباب على دعم الفرقة من اجل الاستمرار في عطائها .

واوضح الفنان عارف المعاضيدي ان هذه الفرقه تاسست في العام ١٩٩٦ والتي تعتبر اول فرقة للفنون الشعبية في مدينة كركوك وهي مجازة من قبل دائرة السينما والمسرح العراقي .

لافتا الى ان الفرقة تحتضن ٤٠ عنصرا من الذكور والاناث وبمختلف القوميات المتاخية ، والتي قدمت العديد من النشاطات في المهرجانات الثقافية والفنية التي شهدتها محافظات العراق وكوردستان ونيلها الكثير من الجوائز والشهادات التقديرية ، ولاتزال تواصل حضورها الابداعي بخطى واثقة . وناشد الفنان عارف المعاضيدي الجهات المعنية ان تولي دعمها المادي والمعنوي لفرقة انشاد كركوك وايجاد مقر لايواء هذه الفرقة التي تمثل شدة ورد في مدينة كركوك الحبيبة .

دورات الخط والزخرفة تتواصل في كركوك

تتواصل في جمعية الخطاطين العراقيين فرع كركوك دورات للخط والزخرفة لكلا الجنسين .

وقال شاهين كركوكي رئيس الجمعية ان مدة كل دورة تستغرق شهرين على شكل محاضرتين في الاسبوع ، ويبلغ عدد المشاركين لكل وجبة ١٢ مشاركا ، لافتا ان المشاركين في تلك الدورات التي تقيمها جمعية الخطاطين في كركوك يتلقون محاضرات في الخطوط الأساسية وهي (الرقعة والديواني والنسخ والثلث) ، واوضح شاهين كركوكي انه وفي نهاية كل دورة تقيم الجمعية احتفالية حفل تخرج وتوزيع الشهادات وبحضور أعضاء الهيئة الإدارية للجمعية، ودعوة أحد كبار خطاطي كركوك عمرا ليكون ضيف شرف ، مشيرا الى ان لديهم معلمين أكفاء في الخط امثال لقمان ملازاده التخصص في خط النسخ و محمد فاضل في خط الرقعة و متين جودت في خط الثلث و اشرف رزوقي في خط الديواني و عدنان كاكه يي في خط الجلي الديواني و وردة الصواف في فن الزخرفة و شيرزاد محمد في فن التصاميم من خلال برنامج كوريل درو . وبين شاهين كركوكي انه و بعد ثلاثة دورات للمشارك و لثلاثة خطوط له حق طلب العضوية من جمعية الخطاطين العراقيين ، بعد موافقة فرع كركوك للخطاطين وبتزكية معلمي الدورات وإصدار هوية العضوية من المقر العام للجمعية في بغداد .

كركوك .. انجازات و بصمات واضحة في المسرح والسينما



تتواصل في مدينة كركوك مشاركات واسعة في مجالات المسرح و السينما ونيل الجوائز والشهادات التقديرية بجهود فنانين متالقين الذين تركوا بصمات واضحة في هذه المدينة العريقة ولاتزال ، فقد شهدت لفرقة هوار المسرحية التي مثلت كركوك وكوردستان بقيادة المخرج نژاد نجم من حصد العديد من الجوائز مؤخرا محليا ودوليا لعرضها المونودراما الكوردية (وەك قەقنەس دەسوتێم) اي (احترق كالعنقاء) من اداء الفنانة المتالقة هوار فارس في المهرجانات التي جرت بدولة تونس الخضراء و القاهرة و محافظات كوردستان وآخرها في مهرجان(يوسف العاني) للمونودراما الذي جرى ببغداد العاصمة ، وقد اشاد النقاد المسرحيين الكبار بالدور الكبير الذي لعبته فرقة هوار المسرحية من خلال الاداء المتميز الذي ظهرت بها الفنانة هوار فارس على خشبة مسارح العرض .

من جهة اخرى حصل فيلم (الخط الاحمر) الذي مثل مديرية ثقافة وفنون كركوك ان يحصد جائزة افضل ممثلة في مهرجان السينما والتلفزيون التاسع عشر (دورة الفنان عبدالقادر الحلبي) الذي اقامته رابطة السينما والتلفزيون العراقي في مدينة موصل الحدباء بمشاركة عشرون فيلما سينمائيا قصيرا ، وقد حصلت الفنانة كاني جالاك على جائزة افضل ممثلة في الفيلم الذي اخرجه الفنان قاسم غمگين خلال هذا المهرجان الذي شهدته مدينة الموصل الحدباء .

يذكر ان قصة الفيلم تتحدث عن ظاهرة نادرة وخطيرة في المجتمع بشكل عام ، الا وهي المتاجرة باعضاء جسم الانسان من قبل ذوي ضعاف النفوس في استغلال المواطنين من الطبقة الفقيرة الذين لا حول لهم ولا قوة .

على صعيد آخر كرمت رابطة مهرجان السينما والتلفزيون في الموصل (دورة عبدالقادر الحلبي) الفنان المخرج كامل قادر بشهادة الشكر والتقدير كاحد أعضاء لجنة التحكيم في المهرجان وهو فنان كوردي من محافظة كركوك .

من جهة اخرى حصل الفيلم الكوردي القصير (بێ كودەتا) اي (بلا انقلاب) الجائزة الأولى كاحسن فيلم قصير من بين خمسة افلام قصيرة شاركت في المعرض الذي أقامته منظمة ستيب للديمقراطية و الانتخابات في مدينة أربيل بالتعاون مع نقابة فناني كوردستان و اليونامي و منظمات دولية أخرى ، والفيلم أنتج في محافظة كركوك من فكرة وإخراج الفنان (أژي جوهر) و تمثيل الطفلين الموهوبين (علي و هيڤا) و تصوير قيس برواري و مونتاج ستوديو مايا .

يذكر ان فيلم (بلا انقلاب) الذي تناول بطريقة فنية فكرة تبني الانتخابات كطريقة مثلى لتداول السلطة على شرط أن تلعب إرادة الشعب دورا فعالا في نزاهتها و شفافيتها، معتبرا باقي طرق استلام السلطة من انقلابات عسكرية و سياسية و حروب و إرهاب خيارات مدمرة ولا تجلب الا الويلات و المآسي ، كما وان الفيلم عكس الإرادة الصلبة لأبناء الشعب في مساعيها للبناء و الأعمار و أحداث التغير نحو تطوير البلاد من جميع النواحي .

مكتبة كركوك المركزية .. عطاء مستمر لخدمة الثقافة والمثقفين

كركوك / رزكار شواني

تأسست المكتبة المركزية العامة في كركوك عام ١٩٣٢ في دائرة المعارف آنذاك وكانت تديرها لجنة من المعلمين، وبعد ذلك وفي عام ١٩٣٧ انشئت البناية الحالية واستخدمت كمكان للمكتبة العامة .

وتحتوي المكتبة على عدة قاعات منها قاعة المطالعة وذلك يرتادها المراجعون من كل الفئات والطبقات وقاعة اخرى للموظفين وقاعتان للكتب وتشمل جميع الاصناف من فهرس والمكتبات والدين الاسلامي وديانات اخرى وعلم النفس والقانون والشرطة والمرأة وعن الرياضة والفن والرسم والروايات ودواوين الشعر والنحو والتاريخ والجغرافية ، التاريخ يشمل (تاريخ العراق قديما وحديثا وتاريخ مصر والسودان وايران وليبيا وتاريخ اوروبا واسيا) وبكل اللغات : العربية، الكردية ، التركية ،الانكليزية وعدد قليل من الفرنسية .

- تقول مديرة مكتبة كركوك المركزية ناسكة سلام ان هذا الصرح الثقافي يعد من الصروح العريقة في المحافظة اذ تحتوي المكتبة على عدد مالايقل من ٣٠ الى ٣٥ الف من الكتب

والمصادر وبمختلف اللغات ، لافتة الى انه بالاضافة الى الخزين الموجود من الكتب والمصادر الموجودة في المكتبة المركزية الا ان ادارتها تحرص في رفد كتب ومصادر حديثة بالدرجة الاساس من خلال شرائها في مكتبة الاسواق المحلية او معارض الكتب التي تقام سنويا رغم التخصيص المالي البسيط وكذلك يتم رفد المكتبة بالكتب من قبل المثقفين والمؤلفين والناشيرين من اهالي كركوك وبعض المحافظات العراقية وكذلك بعض الاوقات من حكومة اقليم كوردستان عن طريق المكتبة العامة في السليمانية او المكتبة العامة في اربيل .

- اما بصدد ترميمات المكتبة العامة في كركوك فقد اشارت ناسكة سلام الى الترميمات الاخيرة لبناية المكتبة التي كانت في شهر شباط من العام الجاري من قبل جمعية الامل العراقية مشكورة حيث قامت بمبادرة ترميم المكتبة بطلاء الواجهة وغرفها وانارات قاعات المصادر والمطالعة اضافة الى ماستيك سطح البناية ، شاكرا جهود هذه المنظمة في دعمها لهذا الصرح الثقافي .

- وعن الدعم الموجود للمكتبة المركزية اوضحت ناسكة سلام ان الدعم بسيط وذلك لعدم وجود باب تخصيص ثابت للمكتبة ، مؤكدة ان المكتبات تعتبر من المؤسسات الثقافية و التثقيفية يحفظ فيها التراث الثقافي والانساني الحضاري حيث تعمل على تربية جيل مثقف وواع قابل على تحمل المسؤولية في المستقبل ، ولابد من اعادة النظر في المكتبات من جميع النواحي ودعمها معنويا و ماديا ومن الجميع سواء من الجهات ذات العلاقة او منظمات المجتمع المدني .

نحاتوا كركوك : تماثيل المدينة بحاجة الى الاعمار

منذ سنوات شهدت مدينة كركوك نصب تماثيل عديدة من اعمال نحاتي المدينة ومن هذه التماثيل ، تمثال الشاعر الكوردي (اسيري) و تمثال (عروسة كركوك) و تمثال (اليد الواحد للعمال) ، وغيرها من التماثيل التي تمثل الوجه الحضاري لمدينة كركوك العريقة ، ومنذ نصب هذه التماثيل لم يمد يد العون اليها لغرض اعمارها وتجديدها ، لابل اصبحت هذه التماثيل تغطى بالدعايات الاعلانية وكذلك اعلانات مرشحي للانتخابات كل اربع سنوات ، مما تؤثر سلبا على واجهة هذه التماثيل والمدينة بشكل عام.

وفي هذا السياق قال الفنان بارزان دلو تبلو الناطق باسم النحاتين (مجموعة استاذ مان دلو) في كركوك ان هناك في مدينة كركوك مجموعة من التماثيل التي صنعت على يد فنانين نحاتين والتي تمثل الوجه الحضاري للمدينة والتي تم نصبها منذ السنوات ولم يتم تعميرها وتجديدها حتى الان ، وفي الوقت نفسه وكل اربعة سنوات ودورة انتخابية جديدة تغطى هذه التماثيل بصور المرشحين ، داعيا بلدية كركوك الى ضرورة تخصيص مبالغ لغرض تعمير وتجديد هذه التماثيل ، متمنيا عدم تشويه هذه التماثيل لغرض الاعلانات و بالاخص الدعاية الانتخابية .

يذكر ان نحاتي كركوك لعبوا ادوارا لايستهان بها في صنع تماثيل عديدة في سبيل الارتقاء بالفن وحضارة مدينة كركوك .

مكتبة باباگرگر بكركوك تواصل حضورها الثقافي

يمر اليوم الاربعاء عام على تاسيس مكتبة باباگرگر في كركوك التابعة للمكتبة المركزية العامة في السليمانية ، تواصل هذه المكتبة الفتية حضورها في هذه المدينة العريقة في تقديم خدماتها لقراء ومثقفي كركوك .

وقال سيف الدين صابر الذي يشرف على مكتبة باباگرگر ان المكتبة تاسست يوم ٢٠ تشرين الاول عام ٢٠٢٠ وافتتحه محمد حمه سعيد وزير الثقافة والشباب في حكومة اقليم كوردستان ، مشيرا الى ان هذه المكتبة لها دور كبير لخدمة مدينة كركوك ، مثمنا بدور وزارة الثقافة في حكومة اقليم كوردستان التي كانت لها دور في الموافقة بافتتاح المكتبة في كركوك وتقديمها العون والمساعدة للجهات الثقافية التابعة لها في كركوك ، وبين سيف الدين صابر ان هذه المدينة لها تاريخ عريق في المشهد الثقافي وبرز فيه العشرات من الشخصيات الادبية والثقافية الذين تركوا بصماتهم باحرف من نور .

وقال المشرف على مكتبة باباگرگر ان المكتبة تحتضن كتبا ومصادر قيمة وباللغات الكوردية والعربية بالاضافة الى ارشيف للصحف والمجلات التي صدرت بعد سقوط النظام المباد ، مؤكدا ان الشخصيات الادبية في كركوك تواصل في رفدها لمؤلفاتهم لمكتبة باباگرگر ، فضلا عن رفد المكتبة العامة في السليمانية و المكتبة العامة في جمجمال و الجهات الثقافية الاخرى بالكتب .

واوضح سيف الدين صابر ان مكتبة باباگرگر استطاعت خلال عام من عمرها ان تقيم الندوات الادبية والثقافية لعدد من الادباء والكتاب الكورد ولاتزال ، متمنيا ان تشد المكتبة مزيدا من التطور والازدهار خدمة للادباء والمثقفين في مدينة كركوك ، كما كانت للمكتبة دور في اصدار جريدة باسم (كتيبستان) باللغتين الكوردية والعربية بمناسبة يوم الكتاب العالمي ، والتي اشاد بها وزير الثقافة والشباب في حكومة اقليم كوردستان .

ژمارە (٦) تشرینی یەکەم ٢٠٢١

دڵخۆش عەبدوڵا :

بە بوێری و ئازایەتییەوە وەرزش دەکەم

یاری لەش جوانی خەون و خولیای دڵخۆش عەبدوڵا بوو ، دەیویست لە ڕێگای لەشێکی ڕێك و جەستەیەکی پتەوەوە دەربکەوێت ، سەرەتای دەرکەوتنەکانی لە یاری لەش جوانی هەرایەکی زۆری نایەوەوە ، ئەو دەمەی دڵخۆش تەمەنی ٢٥ ساڵ بوو بەتەواوی ئاوێتەی یاری لەش جوانی بوو لەو ڕێگایەوە دەیویست بە کۆمەڵگەی کوردی بڵێت کچانیش دەتوانن شان بەشانی پیاوان یاری لەش جوانی بکەن بەڵام بەهۆی تێڕوانینی کۆمەڵگاوە کە چۆن دەکرێت کچێك یاری لەش جوانی لە هۆڵە وەرزشیەکان ئەنجام بدات، بڵاوکردنەوەی وێنەکانی دڵخۆش هەرای زۆری نایەوەو توانجێکی زۆری لێ درا، سەرەتا دڵخۆش بە حەز و خولیایەکی گەورەوە هاتە نێو جیهانی وەرزش ، دڵخۆش چاوی لەوەبوو لە ڕێگای وەرزشەکەیەوە بگات بە لوتکەی ئاست بەرزی و ناوبانگێکی گەورە پەیدا بکات ، بەڵام دوور لە حەزی خۆی دڵخۆش ڕێگایەکی ناچاری هەڵبژاردو بەتەواوی لە یاری لەش جوانی جیاوبونەوە ، کچە لەش جوانەکە هۆکاری وازهێنان لە حەزەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ قسە و ڕەخنەکان.

جلوبەرگ ئاستەنگ بوو ، گیچەڵیش هەیە

دەربارەی دەرکەوتنەکانی ، دڵخۆش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات من لە ڕانیە دەژیم و لەدایك بووی ساڵی ١٩٩١م ، کاتێك یاری لەش جوانی دەکەی بێگومان ئەو جل و بەرگەی دەیپۆشیت جیاوازە لە وەرزشەکانی دیکە ، بۆیە کۆمەڵگا ئەو جل و بەرگەی پێ قبوڵ نەبوو ، پێیان وابوو جل و بەرگ و دەکەوتنەکانم دوورە لە کۆمەڵگای کوردی و لە ئاداب و هێڵە گشتییەکان لام داوە ، لە نێو وەرزشی کچان شەڕفرۆشتن و دەست درێژی هەمیشە باسی لێوەکراوە دڵخۆش ئەوەی نەشاردەوە کە گیچەڵی سێکسی لە نێو وەرزشدا هەیە، بەڵام دەکەوێتە سەر کەسەکان خۆیان ، ئایا تاچەن قبوڵی دەکەن یاخود دژیان دەوەستنەوە، بەڵام من هیچ کات ڕێگام بەو کارانە نەداوە هەر بۆیە من لە وەرزشەکەی خۆم بەردەوامم بەڵام ئەمجارەیان یاری هێزی لەشم هەڵبژاردوە .

هێزی لەشم هەڵبژارد لە پێناو نازناو

لە ساڵی ٢٠١٧ دڵخۆش ڕوو دەکاتە یاری هێزی لەش ، هەر لەسەرەتاوە هێز و توانایەکی زۆری هەبوو خاوەن جەستەیەکی پتەو و بەهێز بوو ، لە ڕابردوا ئەو یارییەی هەڵیبژاردبوو نامۆ بوو، بەڵام هێزی لەش بەهەمان شێوە بۆ کچان قورسە ، دڵخۆش و هاوڕێکانی ئەو ڕێچکەیەیان شکاند کە تەنها پیاوان بەهێزن بەڵکو ئەوانیش هێزیان هەیە، هەر لەو ساڵەدا نازناوی هەرێمی کوردستان بەدەستدەهێنێت ، پاشان هەنگاوەکانی خێراتر کردو بەشداری لە پاڵەوانێتی دەرەوەی هەرێمی کوردستان کرد و لەوێشدا بوونی خۆی سەپاند و توانی میدالیای زێڕ لە مل بکات .

پاڵەوانی ساختە زۆرن

لە یارییەکانی هێزی لەش و لەش جوانی و بەرزکردنەوەی قورسایی زۆرترین پاڵەوانی فەیك هەیە ، هەر یاریزانێك ڕوو دەکاتە وڵاتێك بەشداری لە پاڵەوانێتیەك دەکات کە لەسەر ئاستی شارێك ئەنجامدراوە پلەیەکی بەدەستدەهێنێت پاشان خۆی وەك پاڵەوانی جیهان دەناسێنێت .

دڵخۆش دەربارەی زۆربوونی کچە پاڵەوانەکان دەڵێت بەداخەوە پاڵەوانێتی زۆر دەکرێتەوە جاری واهەیە پاڵەوانێتیەك

لەسەر ئاستی قەزا و ناحیەك ڕێکدەخرێت بەڵام ناوی زەبەلاح و گەورەی لێ ئەنرێت، هەقە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پاڵەوانی ڕاستەقینە و پاڵەوانی وەهمی و فەیس بوك لێك جیابکەنەوە .

هیچ پەشیمان نیم

٥ ساڵە لە نێو دونیای وەرزشدام یادگاری جوان و خۆشترین ساتەکانی ژیانم لێرە تۆمارکردوە ، پێم وایە جوانترین ساڵەکانی تەمەنمە ، سوپاس بۆخوا لە ئێستادا کەسێکی ناسراوم لە یاری هێزی لەش و خەونی من ئەوەیە نازناوێکی جیهانی بەدەسبهێنم ، وەرزش جگە لە تانەو تەشەر کە سوپاس بۆ خوا ژمارەیان زۆر نیە خۆشەویستیەکی زۆری پێ بەخشیووم هیچ کات پەشیمان نیم لەوەی پێشکەشی وەرزشم کردوە

رحيل حارس مرمى كركوك السابق

كاظم ياسين

كركوك / رزكارشواني

ودعت مدينة كركوك احد ابرز روادها الرياضيين وهو حارس المرمى الدولي السابق كاظم ياسين الذي وافته المنية يوم الاثنين ١١ تشرين الاول ٢٠٢١ ليلتحق بركب الخالدين ..

ذكريات هذا الرياضي مع معشوقته كرة القدم كثيرة ، حيث قدم جل عطائه معها مايقارب عشرون عاما كحارس مرمى يشار له بالبنان ، ولم يجلس طوال هذه الفترة على مصطبة الاحتياط .

ولد كاظم ياسين في مدينة كركوك عام ١٩٣٧ ، بداياته مع الرياضة كانت ضمن منتخب تربية كركوك لكرة القدم بين عامي ١٩٥٦ و ١٩٥٧ ثم انتقل الى فريق الفرقة الثانية بعد منحه رتبة نائب ضابط في الجيش ، وكان فريق الفرقة الثانية من أقوى الفرق الرياضية العسكرية آنذاك ، بعد ذلك تم استدعائه للعب في صفوف منتخب كركوك لكرة القدم الذي كان يمثل أقوى المنتخبات في القطر ، ثم مثل كاظم ياسين منتخب الجيش ومنتخب قوات المسلحة العراقية عام ١٩٥٩ ومن أبرز اللاعبين في صفوف منتخب الجيش كان في ذلك الوقت جمولي وعمو بابا وهشام عطا ومحمد ثامر وعادل عبدالله ويورا ايشايا وآرام كرم وناصر جكو وحامد فوزي وكريم افندي وعادل عبدالله وجليل شهاب وحسين هاشم وعباس حمادي وفخري عباس وقاسم زوية وغيرهم .. كما مثل الحارس كاظم ياسين فريق نادي الثورة الكركوكلي للفترة من (١٩٥٧ - ١٩٧٧) ونظرا لتألقه في حراسة المرمى لقب ب (ياشين) و(المارد الاسمر) وحصوله على شهادات تقديرية على المستوى الدولي ، وفي العام ١٩٦٤ تم اختياره من قبل المدرب اليوغسلافي

(كوستا) لحراسة مرمى منتخب العراق أمام منتخب بلجيكا .. شارك حارس مرمى كركوك كاظم ياسين في عشرات من المباريات المحلية والدولية عندما كان يمثل منتخب كركوك والمنتخب العراقي العسكري منها المشاركة في اربع بطولات العالم العسكري المقامة مبارياتها في كل من تركيا واليونان وبلجيكا وسوريا ، وأول مباراة دولية له كانت ضمن المنتخب العراقي أمام منتخب تونس عام ١٩٦١ والتي انتهت بالتعادل بهدف واحد لكل منهما ، بعد ان أعتزل كاظم ياسين حراسة المرمى في العام ١٩٧٧ شارك في دورة تدريبية دولية باشراف الاتحاد الدولي لكرة القدم وحصل على شهادة تدريبية بدرجة (جيد) تحت اشراف مدربين من انكلترا ، ثم شارك في دورة تطويرية باشراف مدربين يوغسلاف ..

KIRKUK

Freq: 11636_ S.Rate:27500_Pol:V